





کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


١- یادی سوارچاکیکی مێژوو ........................................... ئێبڕاهیم گەردی ..... ٣

٢- ژیاننامەی شەهید سەید رەسووڵ دێهقان (سەیە رەسووڵ بابی گەورە) ........................................... ٦

٣- یادێک لە کاک سەیید رەسووڵی بابی گەورە ........................................... رحیم محمدزاده ......... ٢٣

٤- یادێک لە شەهیدێکی وون و هاوسەنگەرو هاوخەباتی زیاتر لە سی ساڵ ............ مەلا ڕەسووڵ پێشنەماز ..... ٢٨

٥- ناوی کاک سەید رەسوڵم کەی بیستو لە چ کاتێکدا کاک سەید رەسۆڵم بینێ .............. رەشید ئەحمەدی ...... ٣٦

٦- لەیادی بیستەمین ساڵی شەهید کرانی سەید رەسوڵی بابی گەورە ............. محەمەدی ئیسماعیلی ...... ٣٩

٧- بنەماڵەی خوالێخۆشبوو سەید ڕەسووڵی دێهقان ........................................... س س ....... ٤٢

٨- بۆیادی شەهیدی سەرکردە "سەید ڕەسوڵی بابی گەورە" ........................................... سەید حوسێن ...... ٤٥

٩- بیست ساڵ بێدەنگی دوای تیرۆری شەهید سەیدڕەسووڵی بابی گەورە ........................ محەمەد خزری ....... ٤٧

١٠- لە یادی سەید رەسولی بابی گەورەی هاوسەنگەرم ........................................... سەردار پشدەری .... ٥٢

١١- پەیامی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ یادی شەهید کاک سەید ڕەسووڵی دیهقان ................ ٥٥

١٢- پەیامی حیزبی دیمۆکرات کۆردستان کۆمیتەی ئۆپلاندی نۆروێژ ........................................... ٥٩

١٣- غەدرلێکراوترین سەرکردەی تیرۆرکراوی حیزبی دیموکرات ........................................... ٦١

١٤- راپۆرتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی بیستەمین ساڵیادی شەهید بوونی نەمر سەیدڕەسووڵی دیهقان، .................. ٦٢

١٥- بۆ بیرەوەری سەید ڕەسووڵی دێهقان ........................................... حەسەنی قازی ...... ٦٥

١٦- سەید رەسووڵ دێهقان سیمای ناسراوی سێ دەیە خەباتی بێوچان ........................................... قادر وریا ....... ٦٧

١٧- یادێک لە شەهیدی فەرماندە کاک سەید ڕەسوڵ دێهقان (سەید ڕەسوڵی بابی گەورە) ......... شۆڕش ئەسەدزادە ... ٧١




سەرچاوە
Serchawe

# یادی سوارچاکیکی مێژوو.



**ئیبراهیم گەردی**

کاتێک ویستت مێژوی نەتەوەیەک پێناسە بکەی، سەیری ڕابردووی ژیانی سوارچاکانی بکە.

دەمەو بەیان، خۆر پرشنگی زێرینی بەسەر دوندی چیای قەندیل دا پەخشان کردووە، لە داوێنی کانی خودایاندا، هەڵۆیەکی سپی تا چاو بڕەکا لە ئاسمانی ئەو مەڵبەندە لە فڕین دایە.

چەند ڕێبوار ماندوو و شەکەت لە بڕینی هەورازە سەخت و دژوارەکانی تاتی دۆوە، سەر هەڵدەبڕن و ئەو دیمەنە جوانە سەیر دەکەن.

لە نێو ڕێبوارەکاندا پیاوێکی ریش سپی بە تەمەن و بە ساڵداچوو کە ڕیشی وەک بەفر سپی و دەیان بەهاری تەمەنی دیوە، بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوە چرچ و لۆچەکانی کە سرنجی هەموان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ.

ڕێبوارەکان ماندوو و تاساو بە دیتنی ئەو دیمەنە چاوەڕوانن کە شتێکی لێ ببیسن. بەڵام پیاوە پیرەکە بە جێی ئەوە، هەنگاو هەڵدەگرێ و ڕێگا درێژە دەدا، تا دەگاتە سەر کانیاوێکی سەر ڕێگا. ئەو بە خواردنەوەی قومێک ئاو لە ئاوی کەللە تەزێنی کانیاوەکە، تاسەی تینوێتی خۆی دەشکێنێ، بە جێی ئەو سیمای دەگۆڕێ و هەناسەیەکی قووڵ کە هەزار مانا لەخۆ دەگرێ، هەڵدەکێشێ و فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس دەبێ.

ڕێبوارەکان بە تامەزرۆیی چاو دەبڕنە دەمی مامەی ڕیش سپی و دەزانن کە دەبێ ئەو دیمەنە خەفەتبارە لەگەڵ ئەو هەناسە قووڵەو فرمێسکانەدا، ڕازێکی گەورەی لەخۆ گرتبێ. هەموویان بە حەزەوە تامەزرۆی بیستنن. لە هەمان کاتدا ڕێبوارەکان دەزانن مامای ڕیش سپی شارەزایەکی بواری ژیانی خەڵکی ئەو مەڵبەندەیە، بۆیە بێدەنگی باڵ بەسەر کۆڕی ڕێبوارەکاندا دەکێشێ.

مامەی ڕیش سپی سەری بەرز دەکاتەوەو چاوێک دەبڕێتە هەڵۆ سپییەکە کە بەرەو بەرزایی ئاسمان هەڵدەکشێ و لە چاوان ون دەبێ، ئا لەو ئان و ساتەدا مامە خەیاڵ هەڵی دەگرێت و لەگەڵ خۆی دێتە دوان:

ئای ڕۆژگار کەس لە گەمەکانی تۆ ئاگا کە چۆن چارەنووسی مرۆڤەکان بەو جۆرەی کە خۆت دەت هەوێ دەگۆڕی.

سەرم لە بەرزی و نزمی ڕەوتیی گاڵتاویت سوڕماوە. ئاخر ئەو دەڤەرەی کە ئێمە گوزەری پێدا دەکەین و پێیدا تێدەپەڕین مەکۆی سوارچاکانی ئاوداری نەتەوە ژێر دەست و ستەم لێ کراوەکەمانە. ئا لەم چیا سەخت و سەرکەشانەدا قارەمانانی وەک مەلا ئاوارە و موعینیەکان و مراد شیرێژو لاجانی، لەم شوێنانەدا بە ڕووی داگیرکەرانی چەکمە ڕەق دا چونەتەوەو ویستوویانە بیسەلمێنن کە ئەوان خوازیاری ژیانێکی سەربەستانەو دوور لە جەورو ستەمی ئەو داگیرکەرانە بۆ گەلە چەوساوەکەمانن.

لەگەڵ چەخماخەی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، ناوی کۆمەڵێک کەس هاتەوە ناو ناوان کە بوونە درێژە دەری ڕێبازی کوردایەتی و شۆڕەسواری مەیدانی خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان بۆ ئازادی.

ئەو سوارچاکانە وەک سەرکردەیەکی شارەزاو لێهاتوو لە ڕێبەری کردنی خەڵکدا لە خۆ پێشاندان و بە گژ داچوونەوەی پۆلیس و ژاندرمەکاندا، ئازایانەو مەردانە کۆڕی خەبات گێڕانیان ڕێک خستووە.

ئەو قارەمانەی من لێی دەدوێم شۆڕەسوارێکە وەک کەسایەتیەکی هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان سەیری دەکرێ. وەک ئەستێرەیەکی گەشاوە لەو ئاسمانە لە درەوشانەوە دایە. کوردستانی گەرمێن و کوێستان جێگەو هەرێمی تێکۆشانیەتی. لە هەموو کۆڕو مەجلیسەکاندا لەسەر زمانانیدا.

ئەو قارەمانە بە دەم ئازارەکانی خەڵکەوە بوو، جێگەو پێگەی ئەو، نێو ئاپۆرای جووتیارە دەست قەڵشیوەکان بوو. مناڵان بە دەم بزەی شیرینی سەر لێوەکانیەوە ئاشنا بوون.

ئەو شۆڕش گێڕە ماندوویی نەناسە چگوارا ئاسا بەدەم خەمی نەخۆش و بێ دەرەتانانەوە بوو، دڵ نەوایی بێ نەواکانی دەکردو

هاودەردیی لەگەڵ دەکردن.

ئەو میعمارێکی شارەزا بوو، گووندو ئاوایی کوردستان نەماوە کە جێ پەنجەی ڕەنگینی ئەوی پێوە دیار نەبێ. ئەو حەزی دەکرد کوردستان وەک تاکە ماڵی کوردان، ئاوەدان و خەڵکەکەی لە بەختەوەریدا بژین. بەڵێ ئەو هاودەمی بە وەفای پۆل و دەستەی پێشمەرگەکان بوو.

مامەی پیر هەروا لە خەیاڵ دابوو، بیری گەڕابۆوە بۆ ٢٠ ساڵ لەمەو بەر لە سەفەرێکدا لەگەڵ ئەو سوار چاکە کە بەرەو کوردستانی گەرمێن کەوتەڕێ و دواین سەفەری بوو نەگەڕایەوە، بەڵێ ئەوئێستا لە ژیاندا نەماوە بەڵام دیتنی ئەو هەڵۆ سپی‌یە قەڵافەتی مەردانەی وەک پەردەی فیلمێکی سینەمایی خستبۆوە بەر چاوان. روحی بەرزی ئەو نەمرە بۆ هەمیشە لە مێژوی ئاسمانی کوردستاندا وەک بەفرو خوێنەو دایمە بە نیشانەی نەمری لە فڕین دایە. بەڵێ ئەو ناودارە مەزن و سوارچاکە کاک سەید ڕەسوڵی دێهقان(سەید ڕەسوڵی بابی گەورە) بوو.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠٠٨



شەهید سەید رەسووڵ بابی گەورە و بەرێز مەلا حەسەن شیوەسەڵی

## ژياننامەی شەهيد سەيد رەسووڵ دێهقان ناسراو بە (سەيد ڕەسووڵی بابی گەورە)



شەهید سەید رەسووڵ دێهقان ناسراو بە (سەید ڕەسووڵی بابی گەورە) لە ساڵی ١٩٣٨ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٣ دەستی کردووە بە خەباتی سیاسی سیاسی لە پێناو ڕزگاریی کوردستان دا و بۆ ئەو مەبەستە بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ لەو حیزبە دا تێکۆشاوە پاشان لە ڕێکەوتی ٢٧ی سێپتامبری ١٩٨٥ لەبەر نارازیبوون لە سیاسەتی گشتیی حیزب دەستی لە کار کێشاوەتەوە.

شەهید سەید ڕوسووڵ دوای وازهێنان لە حیزبی دێموکرات لە هەوارە بەرزەی شاری سلێمانی خانوویەکی بەکرێ گرتبوو و لە گەڵ چەند کەس لەوێ دەژیا، کە سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٠ی ژانویەی ١٩٨٨ چەند چەکداری نەناسراو لە دەرگای ماڵەکەی دەدەن و ئەویش دەچێت دەرگایان لێ بکاتەوە بەڵام لەگەڵ کردنەوەی دەرگا، ئەوان دەسترێژی لێدەکەن و دوو گوللەی وێدەکەوێ. پێش ئەوەی گیانی لە دەست بدا داوای کاغەز و قەڵەم دەکات، بەڵام بەداخەوە کە قەڵەمەکە لەسەر کاغەز دادەنێ، گیانی دەردەچێ و، بەم جۆرە تاوانکارانی ئەو جیناتەتە ناناسرێنەوە.

ساڵی لە دایکبوونم دەگرێتەوە بەهاری ١٩٣٨، دەی خاکەلێوەی ئەو ساڵە دا ماڵمان لە ئاوایی (نمنجە)ی پیرانان دەرکراوە ، بۆ

جارێکی دیکەش ناچار بووین گە ڕاوینەوە (کانی زرد)ی سەرشاخان و دەقوڕاو و چڵپاوی بەهارێدا کە ماڵ وکۆچ دەرپییە دا بووە لە ئەشکەوتی (چین چینۆکان) بە ڕووکاری کانی زەردێ دا کە کێوێکی هەڵەمووت وپڕ گیا وگۆڵە لە دایک بووم و ڕەنگە مامانم پێرێژنێکی پیر بووبێ جا لە وانەشە هەر ئەوە هۆی سەرەکی بێ کە ڕێگای ئۆقرە گرتنم نە بووە و هەر ساتە لە جێیەک ولە شوێنێک ژیاوم .دایکم ناوی (زبێد)ە و لە بنەماڵەی (سە یدلاجانی)یە باوکی دایکم ناوی (سە یدقادر)و دایکم ژنێکی کورتیلە و هێدی و لەسەرە خۆ و زۆر بەڕوحم بوو.

دەدابەشکردنی چێشت ونانەدا زۆر عادڵ بوو و هەمیشە دەیگوت "بۆخواردنێ هەموو وەک یەکن." دایکم بێجگە لە من کچێکیشی هەبوو کە تەمەنی لە من کەمتر و ناوی "فاتم" بوو. زۆر بە منداڵی، بە نەخۆشیی ئاوڵە (خروێکە) مردووە. قەبرەکەی لە ئاوایی (بابە کراوێ)ی سەر شاخانە. دایکم کە لە ساڵی ١٩٧٠ هاتبوە سەردانی من بۆ کوردستانی گەرمێن، لە بناری قەندیل لە گوندی سەرگەی نێڵی بەشی هۆزی شارۆشیان نێژراوە و چۆتەوە باوەشی خاک.

باوکم ناوی حەسەن و باوکی باوکم ناوی خدرە (بابی گە ورە). تا نووسینی ئەو ژیاننامەیەش بابم هەرماوە، دیارە بە هۆی بەشداری من لە کاروباری سیاسی و حیزبایە تیدا زۆر تووشی چەرمەسەری و زیندان و ئەشکەنجە ی زەمانی شا هاتووە. لە زەمانی خومەینیشدا دەربەدەری، ماڵ سووتان، ژیانی ناخۆش و زیانی زۆری تووش هاتوە هەر ئێستاش دەربەدەر و ماڵ سووتاوە.

هەر لە زۆر منداڵییەوە کرامە شوانی حەیوانە شەلان و زستانانیش خوێندوومە تا وای لێهات بەهار و هاوین و پاییز تا مەڕ داکراوە شوان بووم. دیارە ماوەی ٧ ساڵی ڕەبەق لە بەر کاوڕ و مەڕی بووم. بابم زۆر مەڕداری چاک و پسپۆڕ بوو و زۆر مەڕی خۆش دەویست. بۆخۆی ١٧ساڵی تەواو شوان بووە و چۆتە بەر مەڕی خۆیان.

بەڵام من ئەگەر لە ترسی بابم وێرابام بۆ یەک دەقیقەش شوانیم نەدەکرد و زۆرم پێناخۆش بوو. زۆر ئاشقی زەمین و باغداری بووم،

حەزم لە خۆشکردنی ڕێگاوبان و پردسازکردن و کانی و حەوز و خانوو سازکردن بوو، ئەو کارانەشم تاڕادەیەکی کەم لە کوردستانێ کردووە بەڵام دوژمن ڕێگای نەدا ئەو کارانە بکرێن.

لە یادمە کاتێک لە بەر مەڕ و کاوڕان دەبووم لە جیاتی پێ چارانی وان زۆرتر خەریک دە بووم کانییەکم پاک دەکردە وەیان پردە بازێکم ساز دەکرد. هەمیشە پێمەڕەیەکی دەسک کورتم دەناو تێڕەکەی خواردنێ دا پێبوو، کەرێکی شینکەڵەم هەبوو کە ناوی کەرە

خرمیل بوو و زۆر توند وتۆڵ بوو، زۆر جار ئاواڵ شوانە کانم ڕێگایان دەدام دەچووم بۆ شاری بە سواری کەرە خرمیلی.

چەند هاوتەمەن و هاوڕێیەکم هەبوون، هاوڕێی زەمانی منداڵی. دیارە ئەوان شارستانی و من کرمانج. لە نێو هەموویاندا قە یومی کوڕی شێخ مارف (شیخی سپی) کوڕێکی لە بەردڵان و زەحمەتکێش و چالاک و قەرتاڵە بەکۆڵ بوو. واتە ئەوکاتی لە مەهاباد منداڵان بە قەرتاڵەی حەمباڵیان دەکرد و شتیان بۆ خە ڵک دەبردەوە.

جا یادی ئەو کاتی بەخێر، هەر کە دەگەیشتمە مەهابادێ ئەو کوڕانە دەورەیان دەدام و لە سەر کەرە خرمیلی دە بوو بە کێشە، دەتگوت ملکی بابیان بەش دەکەن، ئەو دەیگوت بۆ من و ئەوی دی دەیگوت بۆ من. منیش خۆم دەکردە کوێخا و سەعات بە سەعات نۆرەم دادەمەزراند.

دیارە وێنجە و تفاق بە پێی فیلان بوو. کەرەکەیان دەبرد بۆ چۆمی، بە سابوون دەیان شوت و سەد جاری بە قوربان دەبوون. کە نۆرەی( قەیومی) دەهات دە یگوت؛ ئاغا سەید ڕەسووڵ نایدە مەوە بە کوڕەکانی ماڵە وەلی دەیکووژن، بێ ڕەحمن، هەر بۆ خۆم ئاگام لێی دەبێ. دەیفڕاند بە خەیابانی شاپوور دا. دیارە ئەو لەوانی دیکەی باشتر لێ دەزانی چونکە باوکی کەری هەبوون و چەرچیایەتی دەکرد. یادی ئەوکاتانە بە خێر......

### ئێش، ئۆفی دەورانی منداڵی:

زۆر باشم لە بیرە کە بە منداڵی چەندەیان دەم کووت کردووم. زۆر جاران وایان شکاندوم ئێستاش جێگەی خۆم نەگرتۆتەوە. خۆ کە دەیان گوت منداڵ لاچن، یان کە دەیانگوت منداڵان دەرکەن، یان بەرە لایەک کە دەیگوت دەک منداڵ قڕانتان تێکەوێ، دڵم سر دەبوو و خۆم دەخواردەوە.

دەمگوت ئای خودایە بۆ منداڵ بووم؟ بۆ سمێڵ و ڕدێنێت لی نەنام تا منداڵ نەبام و وام پێ نەکرابا. پێت وابوو بۆ دەیانگووت منداڵ لاچن؟ چ قەو مابوو؟ ڕێگای کێیان گرتبوو؟ "بووک هاتووە و ئێمەش چاو لێدەکەین یان قوربانی دەکرێ و گای کەوڵ دەکەن ئێمەش کۆزیلکەمان بەستوە یان هەڵتروشکاوین و چاو لێ دەکەین. یان تامەزرۆی گۆشتین." لە لادی گۆشت بە مانگ و ساڵ نەدەبینرا، لە خۆشیان قسەمان لێ دەکرد "بڵێی گۆشتی برژاومان بەرکەوێ؟" دەنا نە ڕێگای کەسمان گرتبوو و نە کاریشمان بە کەس بوو.

کە چی بەوحاڵەش دەیانگوت منداڵ لاچن ڕێگاتان گرتووە. پیرێژنێکی خوین تاڵ کە گایەکەی کەوڵ دەکرد، لێکدا لێکداش قسەی

دەکرد و دەیگوت منداڵان دە رکەن وڵاتیان گرتووە، سەرمان لێ دەشێوێ. ئێستاش هەر دەدڵم دایە کە دەیگوت منداڵ بێدەنگ بن و نەشی دەپساندەوە. نازانم بۆ دوژمنی منداڵان بوو ئەو بەدبەختە؟

لە بیرمە پوورزایەکم کە ناوی مەلا عەزیز بوو و ئێستاش ماوە، تا بڵێی زەحمەتکێش و بۆ کاری خێر زۆر لە پێش بوو، کە چی قاتڵی منداڵان بوو.

زۆرتر هاتو چۆی شاری بە ملی ئەوەوە بوو. ئاواییە کە گچکە بوو، کە دەچوو بۆ شاری هەموو دەمانزانی یان مێوژ و سنجووی دێنێ یان نوقڵی سوور. چاومان دە زینۆی شەهیدان دەبڕی و کە وەدەر دەکەوت تێکرا بە کوڕ و کچەوە بە غار دەمان کوتا، هەر کە دەگەیشتینێ دەمانگوت خاڵە ماندوو نەبی (هە مووش پێمان دە گوت خاڵە). ئەویش لە جیاتی ڕووی خۆش و قسەی خۆش دەیگوت لە خاڵو کەون.

دیارە لە گیانی خۆشی وەڕەز بوو و ئارقەی ڕەش و شینی دەر دەکرد. کە دەیگوت بە خودای بۆ نوقڵی ئێوە ئەو شۆبارەکەی ناکەمەوە، پردی دنیا و قیامەتمان لێ دەپساو چاوی ڕەشمان کاڵ دەبۆوە و بە دڵێکی ناخۆش دەگەڕاینەوە.

زۆر چاکم لە یادە کاک میرزا عەولایەک هەبوو - بەڕەحمەت بێ - کوێرە سەوادێکی هەبوو. دوو کەری بار دەکرد، چەرچی بوو و وردە واڵە ی دەفرۆشت کە دە هاتە دێهات و هۆبەکان، شایی منداڵان بوو. هەر لە ڕێوە بە خۆشیی و قریوە بۆلای ناوبراو دادە بارین بە کوڕ و کچەوە.

دەیگوت وەرن ڕۆڵەکانم نوقڵی جوانم بە دیاری بۆ هێناون. لەو نوقڵە سوور و چڵکنانە سەرو دنکێکی وێ دەداین و بە پێکەنینەوە دەیگوت زۆرن بە خودای هە مووم پێ ماچ ناکرێن، کوڕەکان لە جیاتی من کچەکان ماچ بکەن، کچەکان تێکرا دەیانگوت ئێنا! جا چونکە وا ڕۆخۆش و بە ڕوحم بوو، ئەومان لە بابمان خۆشتر دە ویست. ئێستاش کە لە گەڵ ئاواڵەکانی ئەو سەردەمەم باس دەکەم، پاش مردنی و تێپەڕبوونی دەیان ساڵ هەر جێگای ڕێزە و قەت لە بیرمان ناچێ . ئەگەر باری نادروست و شێوەی نالەباری ژیانی منداڵانی کوردستان بنووسم، ڕەنگە زۆر دەفتەرێ دیکەش پڕکاتەوە.

پاش تێپەڕ بوونی ٤٠ ساڵ بە سەر منداڵیی خۆم بەداخەوە گۆڕانێکی وا نابینم کە شیاوی بارهێنانی منداڵانی کورد بێ. ئێستاش لە هەموو پارچەکانی کوردستان منداڵ بێ بەشە، منداڵ بێ نازە، منداڵ بێ مرادە ،منداڵ دواڕۆژی تاریکە. ئەوەی زۆر بە کەمی ڕەچاوە کراوە ڕێزی منداڵانە بە تایبەتی ئەگەر کچ بن. ناچارم لادەم، قەت لە بیرم ناچێ و قەتیش ئەو سۆزو دەنگە نابڕێتەوە

کە حاجی ژن خێزانی حاجی موحەمەد، کاتی شەهید بوونی ٤ کچە جوانە مەرگەکەی و مێردەکەی کە بە بۆمبای خومەینی لە شارۆچکەی کارێزە شە هید بوون، دەیگوت: ڕۆڵە گیان چاک بوو شەهید بوون بۆیە قۆڕتان بۆ وەسەر ناکەم، ئەگەر مابان بە زۆری بە مێردی دەدان.

تەماشاکە ئەوەش ناوی کچەکان و تەمەنیان و ڕۆژی شەهید بوونیان:

١- فاتم ١٩ ساڵە

٢- مریەم ١٧ ساڵە

٣- خە جیج ١٣ساڵە

٤- شوکری ١٠ساڵە

من ناڵێم ڕەوانناسی منداڵ دەزانم یان کۆمەڵناسم، بەڵام چونکە هەم منداڵ بووم و هەم دەرسێکی زۆرم لە کۆمەڵی کوردەواری دەست کەوتووە و دەربەدەریم زۆر دیوە، زۆرم قەدر و ڕێز لە لای خەڵک بووە و بێ قەدری و بێ نازیشم زۆر بە سەرهاتووە ؛ بە ڕاشکاوی دەڵێم کە دەردی زۆری کۆمەڵی ئێمە، بناغە و بنچینە کەی هەر لە منداڵییەوە چاک دانامەزرێ. ناکۆکی دوو برایان لە ناو ماڵدا دێتە ناو کۆمەڵیش زوڵم لە کچی بێچارە سەرەتای زوڵمی دایک و بابە.

زوڵمی برا لە خوشک بۆ (ژن بە ژنە) بۆ نابەرابەری بۆ گەشت و گەڕان و زۆرشتی دیکەش. کچ ڕەدووکەوێ، باب و دایک و برا بە لەعنەتی دەکەن و تازە نایدوێنن. لە میرات بێ بەشە و تا مردن سەری لە ناو کۆمەڵ هەڵنایە، چییە؟ بە دڵی خۆی کوڕێکی کردووە. بەڵام زۆر جار بووە کوڕ ژن و منداڵی هەیە کە چی ژنێکی بە مێردی دیکەش هەڵدەگرێ، کەس دەنگی لێ ناگۆڕێ و مەسلەتی بۆ دەکرێ. جاری وایە دوو خوشکیشی بۆ لە خوێن دەدرێ. جا بڕۆ ئەو زوڵمەی، ئەو بێ عەداڵەتییەی، دەک ماڵتان کاول باب و برای زاڵم قەت ئەوە کارە؟

ئەگەر زەمان ڕێگام بدا، لەو بارەوە، کەشتی تایبەتی و ڕووداوی زۆر تاڵم دیو دەیان نووسمەوە.

## تێکچوونی دەوڵەتی دوکتور موسەدیق :

کاتێک دەوڵەتی میللی دوکتور موحەمەدی موسەدیق تێکچوو، ماڵی ئێمە بوو بە پەناگای ئاوارەکانی سابڵاغی. باپیرم لە شەڕی مەلا خەلیلی مەنگوڕ دا ئالاچی بووە و زۆری دەوڵەتی شای ناخۆش دەویست. زۆری دیلی و ژێر دەستی پێ ناخۆش بوو. دیفاع لە

نیشتمان و کوردستانی پێ واجب و بەشێک لە دین بوو. هەر ئەویش بوو بە هۆی پەناداں و ڕێز لێ گرتنی ئەو ئاوارانە. منیش دم لەپێش بووم و پیاوەتی و نێو و نێوبانگم پێ خۆش بوو. دیارە ماڵمان لە گوندی (کە لە کۆکەی سەرێ) بوو ونیوەی بە ملک ئی خۆمان بوو. ساڵی ١٩٥٣ ی پاش ٢٨ی گەلاوێژی ئەسا لە زۆرتر ئەو ئاوانەی خوارەوە لە ماڵی ئێمە ڕێزیان لێ دەگیرا و ببوون بە کوڕی ماڵێ:

١- عەزیز ی یوسفی
٢- عەوڵای ئیسحاقی
٣- سەدیقی خاتەمی
٤- عەلی ڕۆستە مپوور
٥- قادری ڕەحمەتوڵڵا یی
٦- جەلیلی سەدیقی
٧- حاجی هاشمی نانەوا
٨- سمایلی نەمەشیری
٩- حەمەدەمینی راتبی
١١- ئەسعەدی خودایاری
١٢- هاشمی ئەقەلوتوڵلاب (هەق تەڵەب)

ئەوانە بە دایم لەوێ بوون و هاتووچۆی دیکەش زۆر بوو. جار و بار ڕاپۆرت دەدراو ژاندارم دەهاتن و بە پووڵێک ڕازی دەکران و دەڕۆیشتن. جارێک عەزیزی یۆسفی و سەدیقی خاتەمیان گرت. سەدیقە سوور گووتی نوێژێ دەکەم، ڕێگایان دا و نوێژەکەی دا بەست و گوتی: "بابی گەورە ! کوڕە بە پووڵێک ڕازیان کە دە نا دەردی سەگمان دەدەنێ". هەر واش بوو بە پووڵێک ڕازی کردن و نەیان بردن.

هەر وەک گوتم ڕەشکە و پێشکەیەکم خوێند بوو و ساڵێک یان چەند مانگ لە نێوان فەقێیان بووم. دەمنووسی و دەمخوێندەوە بەڵام ئاشقی خوێندنی تازە بووم. دەمویست لە مەدرەسەی دەرسێ بخوێنم. بەڵام بابم ڕێگای نەدەدام و دەیگوت "ڕۆڵە قورئانت خەتم کردووە، بەشی نوشتوو و قاقەز نووسین دەزانی بۆ چیتە؟" خوێندنی کافران هەر باش نییە. ئەتۆ کوڕی کێت پێ دەڵێن دەچی سەر رووت دەکەی ماوەیە کە هەر ئاقیدەشت گۆڕاوە!

ڕاست بوو لێم حاڵی ببوو جاران کە خەڵیفە دەهات پیاوەکان هەموو دەگریان و سڵاواتیان لێ دەدا. منیش وەک وان دەگریام بێ

ئەوەی بزانم بۆ دەگریم.

دەو ساڵە دا دووجار خەڵیفە هات، بەخێر هاتنم دەکرد. بەڵام دەستم ماچ نەدەکرد. کاتێک دەست دەکرا بە خەتم و زیکری دەروێشان، نەک بەشداریم نەدەکرد تەنانەت لەو جێگایەش دەڕۆیشتم. تا ڕادەیەکیش بە ڕەفێقەکانم دەگوت مەچوون عەیبە! ئەوە کار نییە. ئەگەر بابە خەڵیفە پیاوە. بۆ پوڵی لە بیوە ژن، شوان، گاوان و هەژاران وەردەگرێ؟ ئەوە پیاوی خودای نییە دزێکی بێ غیرەتیشە. بابم ئەوەی زانیبۆوە و زۆرم لێ تووڕە و دڵپڕ بوو.

ئەو ساڵەی ئاوا ڕابرد و لە دڵی داخی ئەوەی بابم ڕێگای نەدام بخوێنم و زۆریش دڵتەنگ و بێ دەرەتان بووم. دوو مانگی تەواو زۆر بە توندی نەخۆش کەوتم کە بەڕاستی لە مردن گەڕامەوە، چاریش نەبوو. دوکتور و دەرمان بۆ لادێ لە پشتی شێران بوو.

ڕێگا و بانیش لە بەر بەفری زۆر گیرا بوون، دایکی بێچارە و دڵسۆزم شەو تا ڕۆژ لەبن سەرم دەگریا. بۆ بەهار گواستمانەوە بۆ سەید ئاوایە و لەوێ دێیەکی چکۆلەمان تا پاییز دروست کرد و ناومان نا سەید ئاوا و ماڵ باری کرد بۆ ئەوێ. دیارە لەو ماوەیە دا کاک عەزیزی یۆسفی زۆرجار و زۆر کۆبوونەوەی لە گە ڵ کردم و تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونی کردمەوە ژیان چییە و کورد بۆ ژێردەستەیە؟ زوڵم و چەوسانەوی ئینسان بە دەستی ئینسان چییە؟ دیارە کاک عەزیز لە ماوە ی ئەو ساڵە دا، بە باشی بۆی دەرکەوتبوو کە وەزعی فکریم زۆر دوورە لە شێوەی ژیان و بۆ چوونی بنەماڵەکەم. بەڵام کاک عەزیز باش دەیزانی بە ڕێگای خۆیدا بۆ کارە کە بچێ و ڕێگای لەبار کامەیە.

تکای لە من کرد کە لە گەڵ بابم بە شێوە یەکی دیکە بدوێم و ئەگەر بابم تووڕە بوو نەگریم نە ڕۆم و بڵێم بۆ خۆت گەورەی و نابێ زوڵمم لێ بکرێ، دەمە وێ بخوێنم و نامەوێ کافر بم، دەمەوێ لادێیکی خوێندەوار و قانوون زان بم، تا کەنگێ ئاغا و پاسگا و شارستانی ئێمە بە کرمانج بزانن. کاک عەزیز - ڕوحی شاد بێ - وای تەعلیم دام کە نە بەزم و قسەی خۆم بکەم. هەر چەندە ئەو ساڵە هەر وا ڕۆیی، بەڵام پاییزی دا هاتوو سەرکەوتم و چووم بۆ خوێندن کە پاشان دێمەوە سەر باسی خوێندن و چوونە شار و مەدرەسەی شەوانە یەکەم کاری سیاسی چۆنی دەست پێ کرد: کاک عەزیزی یۆسفی پاش جارێک دانیشتن و قسە کردن پێشنیاری کرد کە دەبێ بچم بۆ مەهابادێ، نامەیەکی حیزبی بەرم بۆ ماڵی شەهید پێشەوا و بیدەم بە کچە گەورەکەی بە ناوی عیسمەت کە بە داخە وە جوانە مەرگ بوو، خۆی کوشت بە لام نازانم بۆ وای کرد.

نامەم هەڵگرت و ڕۆیشتم . ساڵی ١٩٥٣ی پاش ٢٨ی گەلاوێژ نامەکەم زۆر بە جوانی دەپزووی دەرپێدا شاردەوە. منداڵ بووم و تازەم بلوغ دە بوو. دێهاتی بووم و شوان، ڕانک و چۆغەی بوو زووم دەبەر دا بوو بە دەست دایکم بۆی دروو بووم، سیخمەیەکی

مەخمەری سوورم لە بەر دابوو، شاڵێکی سەیدانەی جوانم بەستبوو، تاڕادەیەکی سەرە سۆدرە بووم.

بە سواری کەرە خەرمیلی چومە شاری و کەرەکەم بەستەوە و چوومە ماڵی پێشەوا. نێو و نیشانەم پێبوو و فێڵم لێ نەدەکرا. حەسارێکی گەورە، ماڵێکی سەر ئاواڵە، پڕ بوو لە کچ و ژنی شارستانی. هاتووچۆیان زۆر بەسەرەوە بوو. لێیان پرسیم کێت دەوێ؟ گووتم کەسم ناوێ، میوانی ماڵە پێشەوام .... ئاخر کارت بەکێیە و کێت دەوێ؟ گوتم کەسم ناوێ. بردیانم بۆ دیوێکی. هێندەی پێنەچوو مەلایەک هات کە ناوی مەلا رەحمانی پیرە باب بوو، دەگەڵم دانیشت و گووتی کاکە بە خێر هاتی خەڵکی کوێی؟ گووتم خەڵکی کەڵەکۆکەم، گووتی باشە کوڕی ماڵە بابی گەورەی . گوتم بەڵێ.

گووتی نێوت چییە؟ گوتم بۆ چیتە؟ گوتی کارت بە عیسمەت قازی یە گوتم بەڵێ. گوتی دەبابم زووترت گوتبا. ئیدی مەلا ڕۆیی و پاش چەند دەقیقە هاتە وە و گوتی فەرموو، وەپێشم کەوت و چوینە دیوێکی دیکە. عیسمەت (ڕوحی شاد بێ) هەستا و بە پیرمە وەهات و زۆر بە گەرمی بەخێر هاتنی کردم و نێو نیشانەکەی هەڵدا و منیش جوابم داوە و گوتی نامەکەم دەیە. بەڵام لەوێ نەدەکرا و چوومە دیوێکی دیکە و نامە کەم هێنادەرێ دامە دەستی و گوتی: هەزاری وەک منت بە قووربان بێ کوڕە دێهاتی. دیتنی عیسمەتی قازی ئەوەندەی دیکەی هان دام کە دەبێ بخوێنم و دەدڵی خۆمدا دەمگوت چاو ئەو کچە چەندە باسەوادە، چەند زانایە، دەبێ ئەو حیزبە چە ند کچی وای هەبێ. ئەو شەوەی لەوێ بووم بە ڕاستی قەدریان گرتم، وایان نیشان ندا من دێهاتیم و ئەوان شارستانی و مۆدی ڕۆژن. چیتان لێ وەشێرم مانگێکیش هەر دەزەینمدا دەهات و دەچوو. ماڵی وام کەم دیبوو، بە تەواوەتی هانی دام فکر لە دنیایەکی دیکە بکەمەوە، ئیتر بە تەواوی فکرم بەرە و شار و خوێندن و مەدرەسەی هات. لەو لاشەوە ئاخری پاییزی ١٩٥٣ بوو. رۆژێکی لە ماڵی سەید مستەفای ئامۆزام لە کەلەکۆکەی سەرێ دەکۆبونەوەیەکی ٥ کەسیدا کە سەرۆکی کۆبونەوەکە کاک عەزیز بۆ خۆی بوو، پێی ڕاگەیاندم کە ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی لاجانم کە بەرپرسی ئەو کاتی کۆمیتەی لاجان کاک حەمەدی قادری (حەمەدی ڕێویان) بوو. ئەوانەش ئەندامەکانی ئەو کاتی بوون:

١- کاک حەمەد بەرپرسی کۆمیتە

٢- مەلا رەحمانی لاهیجانی- ئە ندام

٣- سەید حاجی کەڵەویە

٤- حوسێن لاسوور

٥ - سەید ڕوسووڵی دێهقان

لەو ڕۆژەوە وەک ئەندامی کۆمیتەی لاجان دەست بەکار بووم. ئیتر لە ساڵەکانی ١٩٥٥ ڕا بەرە بەرە گۆڕانکارێکی زۆرم بەسەر داهات. باوکم ڕێگای دام زستانە کەی بخوێنم و وەختەکانی دیکەش سەڕافەتی ماڵێ و کارو باری دیکە بکەم. لەو لاشەوە دژایەتیم

لە گەڵ ئاغایەتی و بێگار و سوور و ساتی بێجێ وەک پوشانە و خەڵک دەرکردن و زوڵم و زۆر گەیشتە ڕادەیەکی توند. ئەوانیش خوا هەڵ ناگرێ تەفسیریان نەدەکرد. راپۆرتیان لێ دەدام و لە شوان و کارداریان دە داین و هەڕەشەیان لێ دەکردم. منیش تا خوا حەز بکا لە گەڵ وانم دەکرد و بێ منەت بووم. لە یادمە ویلیام داگلاس کە قازی و سێ ناتۆرێکی ئەمریکایی بوو و هاتبووە مەهابادێ و پاشان هاتە پەسوێ، دیلمانجەکەی گوتی پەسوێ خۆشە؟ گوتم نەخێر،چونکە تەنیا عەلیاغا خانووی خۆشی هەیە.

ئەوە سەید ئاواش ئاوەدان بۆتەوە، بە یەکجاری بۆتە بنکەی حیزب و دوکتوور قاسملو و عەوڵای ئیسحاقی زۆرتر بۆ سەردانی کارەکانی حیزب لە ناوچە دا دە هاتن و زۆر بە جوانی کاری تەشکیلاتی بەرە و پەرەسەندن دەڕۆیشت و لە ڕاستیدا سەید ئاوا ببوو بە پەناگا.

باش وایە یادی خوشکی بەڕێزم ئایشێ مام عەلی و ئەحمەدی مام عەلی (ئەحمەدی داغەی) بکەم کە بەڕاستی قەڵا و پشتیوان بوون بۆ کاری حیزبی. لە دوکتوور قاسملووی را تا کاک "ئەسعدی خودایاری" و زۆربەی زۆری کادر و قاچاغە سیاسیەکان دەباوەشی ئەو ماڵە دا و لە هەلو مەرجی ناسکی ئەو کاتە دا دە حەسانەوە و پەنا دەدران کە ڕووی بێوەفایی و هەڤنەناسی ڕەش بێ کە بەڕاستی بە ساڵ و مانگ گوو میزیان لەوان گرتووە. ئەوەش بڵێم کە لە ژیانی تایبیەتی خۆشمدا لە دایک و باب زیاتر هەقیان بە سەر منەوە هەیە لە باغ و دار چەقاندن ڕا تا دەگاتە مولاقاتی کاتی زیندانم و دەورانی قاچاغی و دەربەدە ریم.

### بابم ڕازی بوو داوتەڵەب بخوێنم:

ئاخر مانگی پاییزی ساڵی ١٩٥٦ چوومە مەهابادی و لە کلاسێک کە مامۆستاکەی زانا و دڵسۆز و بە هەقەقی بە سەر زۆران هەیە و کاک تەهای فەیزی زادە سەرپەرەستی دە کرد، ناونوسیم کرد. مامۆستای بەڕێز سادقی شەڕەفی و عەوڵای قازی زادە بە دڵسۆزی وەک ڕەفێق دەرسیان پێ دەکوتین و کلاسی شەشم تێپەڕ کرد. هەر لەو کاتەشدا لە باری سیاسی زۆر بە دلگەرمی و زۆر بە ئیمانەوە کارم دەکرد.

ناهەق نابێ ئەگەر بڵێم چ لە باری هەلسوڕان و چ لە باری ماڵی و ئازایتیەوە گاڵتەم بە زۆر کەس دەکرد. دیارە بە چوونە شار و خەڵک دیتنیش ئاڵوگۆڕێکی زۆرم لە باری فکرییەوە بە سەر داهات و هەڵبەت کەمێکیش زیانم لێ کرد. چونکە بۆ ئەو کاتی من زوو بوو و دەگەڵ زۆر شتی وا ڕوو بە ڕوو بووم کە جارێ تەمەنم ساوا بوو. دەسەڵاتی ماڵی وا گەورە، بەربەرەکانی لە گەڵ چەند عەشیرەتی دەوروبەر، دروستکردنی ئاوایی سەید ئاوا و دەرس خوێندنیش کە براگەورە م بوو، چار نەبوو ملم دەبەرنا و تا ڕادەیەکی باشیش سەرکەوتم، هەر چەندە چێگای خۆی نییە بەڵام با تێپەڕ نەبم.

ساڵی ۱۹۵۷ خانوویەکم لەمەهاباد دروست کرد، پاش تەواو بوونی ساڵێک زیادتر تێپەڕ نەبوو کە وە بەر خەیابانێ کەوت کە ئێستا ناوی خەیابانەکەی (وە فایی)یە. سپەهبود (وەرەهرام) کە فەرماندەی سوپا بوو، باشی مل دەبەر ئاوەدانکردنەوەی مەهابادی نابوو، بانگی کردم بۆ ستادی ئەرتەش. کە نامەکەی شهر داری مەهابادم بۆهات لە سەر فەعلەی گیادروونێ بووم. کارە کەم بە جێهێشت وهاتم بۆ مەهابادێ، بەستادیان ناساندم وتیمسار کە دیتی زۆر دم ڕووتم گوتی : بابت ئەتۆی ناردووە خانووە کەت نەڕۆخێنم. گووتم نە خێر تیمسار خانووەکە هی منە تەماشای قەباڵەکەی بکە. گووتی: نیگەران مەبە بۆت دەبژێرم.

گوتم: تیمسار بژاردنی ناوێ پێشکێشی ئاوەدانی مەهابادی بێ. من ئاوەدانی مەهابادیم پێ لە خانوویەکی باشترە. دیسان گوتی: ئەوە بابت فێری کردووی؟ منیش گوتم نەخێر تیمسار بابم ئاگاشی لێ نییە و ئێستا وا لە کوێستانی سەرانە و خەریکی مەڕداریی خۆیەتی. هەستاو ماچی کردم و ئافەرینی پێ گوتم. وە قسە هاتم و گوتم تیمسار ئەتۆ ڕەفتەنی. من خەڵکی سابڵاغم، ئەتۆ ئەو کارانە بۆ مەدەکەی و سپاست دەکەین. زۆر خۆشحاڵ بوو کە دیسانیش دۆستایەتی ئەو کاتی وەرهەرام زۆری ناحەز بۆ دروست کردم چونکە بەڕاستی ئاوی لە بەردی دەهێنا.

بەڵام زەمانیش سەیرە، ئەو کاتی کە لەمەهابادێ لاچوو و بە سەفەر گەڕابۆوە ماشێنەکەیان لە خۆشیان خستە سەرشان، کەچی لە کاتی تەزاهوڕاتەکانیش کە گەڕاوە بۆ مەهابادێ و قەرار بوو ببێ بە ئوستانداری ورمێ، بەردە بارانیان کرد و ناویان نا کەریم شیرەیی و هەڵات.

بە کورتی ۹۰۰ میترم زەمین وەرگرت لە باتی خەسارەتەکەی کە ڕاستی بە مەزەندە و نرخی ئەو کاتی کە متر لە ٦٠ هەزار تمەن نەبوو. پێشکێشی شارەکەی مە هابادم کرد و زۆریشم پێ شانازی یە. بەڵام با ئەوەش بڵێم کە دەستم کرد بە خانوو سازی و خانووی دووبارەم سازکرد، دیوارەکانی زیادتر لە میترو نیوێک بە رزببونەوە بە خشتی سوور و بە ردی تراس، کە بەسەر دا گیرام بە هۆی خە یانە تی سمایلی قاسملوو. پاش ساڵ و نیوێک کە ئازاد بووم بەردی بناغەشی دە ر هاتبوو، خەڵک بۆ خۆیان بردبوو. دیارە بەشی زۆری جیرانەکانم کە کار بەدەست و مامۆستاش بوون لەو هەرەوەزیی خۆیان دەر نەهاویشتبوو، گەردنیان ئازاد بێ.پاش ۲۵ساڵ تەهای برام خانوویەکی زۆر باشی لێ ساز کرد کە ئەویشیان دووڵەتی کۆماری ئیسلامی داگیری کردوە.

ناچارم بگەڕێمەوە بەهاری ساڵی ۱۹٥٦، کۆمیتەی لاجان دەڕاستیدا ببوو بە پردێکی بەهێز لە لایەک لە نێوان ورمێ و شنۆ و نەغەدە، لە لایەکی دیکەشەوە سەردەشت و بانە و سەقز و تاڕادە یەک بۆکان و هەوشار و مەهابادیشی گرتبۆوە. زۆربەی سەربەندەکان دەهاتنەوە لاجان و سەید ئاواش ببوو بە قەلەمندارە یە کی بە کەڵک. هەر لە ساڵی ۱۹٥٥ دا کۆبونەوەیەکی ڕابەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چیای قەڵاتە ڕەشێ پشتی ماڵی سەید ئاوا گیرا کە هەر لەو کۆبونەوە بڕیار درا

تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەموو جۆرە پەیوندییەک لە گەڵ تەشکیلاتی حیزبی تودەی ئێران بپسێنێ. بەڕاستی دوکتور قاسملووش لەو بارەوە نەخشی بەرچاوی هەبوو کە ناوی (حەسەن) بوو. ئەو کاتی کادری ڕابەری بەشدار لە کۆبونەوە دا، ئەو ناوانەی خوارەوە بوون:

١- عەزیزی یۆسفی
٢- عەوڵای ئیسحاقی
٣- دوکتور قاسملوو
٤- ئەسعەدی خودایاری
٥- هاشمی ئەقلوتوڵلاب

دیارە کادری تەشکیلاتی ئەوکاتی لاجان و شنۆ و نەغەدە و ورمێ، ئەسعەدی خودایاری بوو کە ناوی موستەعاری (مەلا عەلی) بوو.

هەڵبەت ئەوکاتی عەوڵای ئیسحاقی خوا لێی خۆش بێ لە گەڵ دوکتور قاسملووی بە سەردان دەهاتن بۆ کاری تەشکیلاتی و جاری واش بوو بۆ ماووەی چەند مانگ دەمانەوە و زۆر جار لە کۆبونەوەکاندا بەشداریان دەکرد. وەک باس دەکرا ئەوکاتی پاش بانە باشترین تەشکیلات لاجان بوو.

لە ١١ی گەلاوێژی ١٣٣٨(١٩٥٩) بەهۆی خەیانەتی سمایلی قاسملوو، زیاتر لە ١٢٠ کەس ئەندامان و بەرپرسانی حیزب گیران و زیاتر لە سەدان کەس دەر بە دەر و ئاوارە ی عێراق بوون. دیارە لە عێراق زۆر بە گەرمی چ دەوڵەتی کەریم قاسم و چ پارتی و شیوعی و چ خەڵکی کوردستانی عراق پێشوازیان لێ کرا و ڕێزیان لێ گیرا.

بەڵام بەداخەوە پاش ماوەیەکی زۆر کەم دوو بەرەکی و ناکۆکی لە نێوان دوکتور قاسملوو و سەید عەوڵای ئیسحاقی زۆر بە توندی دەست پێکرا و هەر ئەو ناکۆکیەش کەوتە ناو باقی برادەران و هەلێکی زۆر باش بۆ حیزبی دێموکڕات بە فیڕۆ چوو، هیچ کەڵکی لی وەر نەگیرا. دوکتور قاسملوو بە لای حیزبی شیوعی، حیزبی تودە دا کەوت و سەید عەوڵای ئیسحاقیش کەوتە لای پارتی و بارزانی.

ئێمە گیراین، زۆر بە توندی بە شەو دەست بەندی وایان لە دەست کردین تازە بۆ ئێمە یان لە قوتوی دەرهێنا بوو لە ساواکی مەهاباد. بە شێوە یەک دروست کرا بوون تا بزووتبای توندتر دەبوو. چونکە من لە دێ بووم لام وا بوو هەر من گیراوم. بەڵام،

نەخێر! کە هێنایانم بۆ ساواکی مەهاباد تەماشام کرد بابە چ قەوماوە، ئەو هەموو خەڵکەی دێرەیان پەستاوە!

**کۆمیتەی لاجان**:

١- بەرپرسەکەی کاک حەمەدی قادری ،

٢- مەلا رەحمانی لاهیجانی ،

٣- سەید ڕەسووڵ گیراون و سەید حاجی و حوسێن لاسووریش ڕایان کردوە.

هەر ئەو شەوەی دەستیان دەکەلەپچە کردین و دە ماشینیان هاویشتین بۆ ساواکی تەورێزێ. دیارە ماشێنەکان سەر داپۆشراو بوون و کەس چاوی بەدەرێ نەدەکەوت. گەیشتینە ساواکی تەورێزێ هەر تاریک بوو، بەڵام تاخوا حەز بکا سارد بوو، تەورێز هەر ساردە بەختی ئێمە ئەوەندەی دیکەش ساردی کرد.

شکنجە و ئازاری روحی دەست پێکرا. ئەوەندە بەلێدان نارەحەت کراین، ئەوەندەش بە سوکایەتی پێکردن و نە بردنە ئا ودەست و برسیەتی بەڕادە یەک کە زۆر کەس لە برسان کەوتن. جا لێدان و دەستبەندی قەپانی و شەلاق کاری دەست پێکرا.

**دەبا پاش ئیقرار بە ئەندامەتی حیزب ئەو سێ مەبەستەش نووسرابا:**

١- ئەندامی حیزبێکم کە دارای مەرام و ڕەویەی ئیشتراکی یە .

٢- ئەندامی حیزبێکم کە ئامانجمان تێکدانی ڕژیمی سەڵتەنەتی یە .

٣- ئەندامی حیزبێکم کە کوردستانی گەورەمان پێکدێنا و (بارزانی)مان بە سەرۆک کۆمار هەڵدە بژارد.

دیارە هەر کام لەم مادانە بە تەنیا مادەی ٣١٧ی قانوونی ئەوکاتی ئێرانی دەگرتەوە کە ئیعدامە.

کاک حەمەدی قادری ڕۆحی شاد بێ لە پەروەندە کەیدا نوسیبووی سەرۆک کۆماری کوردوستان گۆترە نیە بە هەڵبژاردن دەبێ، خوا دەزانێ کێ دەکرێ بە سەرۆک کۆمار. پاش شەش مانگ بازجوویی و ئەشکەنجە کە ناگێڕدرێتە وەچمان بە سەرهات و چۆن لە کاتی ئەشکەنجە دا سمایلی قاسملوو قامکی دەچاوی دەناین و بە دڵسۆزی یەک بە یەک شتەکانی بۆ ساواکی ڕوون دەکردەوە؟

کادری ڕابەرایەتی ئەو کاتی حیزب کە گیرابوون ئەوانە بوون:

١- عەزیزی یۆسفی

٢- ڕەحمەتوڵڵای شەریعەتی

٣- دوکتور عەلی مەولەوی (مشاویر)

٤- غەنی بلوریان(مشاویر)

پاش ئەوەی تاڕادەیەک باز جوویی هات تەواو بێ بە تەیارە ی بەڕێ کراین بۆ تارانێ و لە فرودگای (قەلعە مورغی) ڕابەرێ کراین بۆ زیندانی (قزل قەلعە). لە تاران، دیارە ژیانێکی ئەوەندە ناخۆش بۆ ئەو ١٢٠ کەسە لە زیندانی قزل قەلعە دا تێپەڕ بوو، خودا بۆ خۆی دەزانێ چەندە ناخۆش بوو، باسی ناکرێ بە ڕاستی (گەلێک تاڵ بوو) ئەو خەڵکە هەمووی لە دیوێکی ئاخنرا بوو و دەتگووت بزنیان داکردۆتە هۆڵێ. بۆ تەواوی ئەو خەڵکە تەنیا یەک دیو هەبوو، ئە ویش هەر ١٢٠ کەسە کە بەدانیشتن جێگایان نەدە بوو، دەبا نیوەیان تا سەعات ١٢ی شەو لە حەوشی قزل قەلعەقەدەم لێدەن بەو زستانەی و خەڵکەکەی دیکەش بنوون.

سەعات ١٢ی ئەو نیوی دیکە بچن بەشەڕ و هەڵلا ئەوانی دیکە لە خەو ڕاست کەنەوە و هەر کەس لە جێگای ئەوی دیکە بخەوێ. زۆر لە بەر ناڕەحەتی و پە ڕێشانی خۆیان تووشی کێشە و هەڵلا دەبوون. چونکە بەو حاڵەش بە ڕاستی زۆر زەحمەت جێگایان دەبۆوە. پاش شەش مانگ ئەشکەنجە و ئازار ئەو ١٢٠ کەسە بە سێ دەستە دابەش کراین و لە داد سەرای نیزامی دادگا دەست پێکرا، کە من وەبەر دەستەی ئاخر کەوتم، دیارە حەوت کەس بە ئیعدام مەحکووم کران و ٥٤ کەس بە ئەبەد و باقی بە ١٥ ساڵ و ١٠ ساڵ و چەند کەسێکیش بە ٥ ساڵ و ٣ ساڵ کە خۆم یەکێک لە و ٥ ساڵەکان بووم.

دیارە ماوەی سێ ساڵ و نیو زیندانیم کێشاو وەبەر عەفووی شای کەوتم. هەڵبەت نە ئعدامیەکان ئیعدام کران و نە ئەبەدەکانیش تەواو مانەوە. زۆربەی ئەبەد و ١٥ساڵەکان بە دوو ساڵ نەجاتیان بوو. شای ئێران ئەوەدەمی کاری بە کوردان بوو لە کوردستانی عێراق و دەبایە دەبەران بەر قاسمی دا ئاوریک سازکا و ڕوی خۆش نیشانی کوردەکان بدا و کارێکی وا بکا بۆی وەگەڕ بکەون، جا کوردەکانی ئێرانی ئیعدام نەکرد و ئەبەدەکانی ئەبەد پێ نەکێشان. لە ئیعدامەکان، عەزیزی یۆسفی و غەنی بلوریان دەزینداندا مانەوە و پاش هەوڵێکی زۆر کۆمیتەی دیفاع لە مافی مرۆڤ عەزیزی یۆسفی پاش ٢٥ ساڵ ئازاد کراو غەنی بلوریانیش پاش ٢٤ ساڵ لە سەر و بەندی ڕووخانی شا لە زیندان ئازاد بوو. ئە وەدرێژترین ماوەی زیندان بوو کە کوردەکان لەو ماوەیە دا کێشاویانە. من پاش سێ ساڵ و شەش مانگ ئازاد کرام و هاتمەوە گوندە ژێکەلانەکەی سەید ئاوایە کە بەگیان و دڵ ئاشقی بووم و ئاوەدانم

کردبۆوە و باغم لێ ساز کردبوو و جۆگە و بەرەم بۆ هێنا بوو، مێشە و ڕێگا و بانم لێ سازکردبوو. بۆ بەختی من هەر کە ئازاد بووم دابەشکردنی زەوی و ئینقلا بی سپی شای دەستی پێکرد. کێشە و هەڵلای ئاغا و رەعیەت تا دەهات توندتر دەبوو، وای لێهاتبوو کەس نانی ئاسوودەیی بۆ نەدەخورا.

جووتێرەکان سەرمەستی زەمین دەست خستن و وەتاغ دروستکردن بوون، ئاغاکانیش هاربببوون نەیاندەزانی چ بکەن پەلاماری هەموو کەسیان دەدا، تیری دۆستیان وێکەتبوو زۆریان ڕاپۆرت لە من دەدا و بە ناهەق ئەو شتانەیان دەخستە ئەستۆی من هەر چەندە من لە ژیانم دا قەت فرسەت تەڵەب نەبووم، تێ هەڵپێچانی زەعیفانم بەلاوە عەیب بووە. جووتێرەکان دەردێکی وایان دا بە ئاغایان تۆڵەی حەوت پشتیان لێ کردنەوە ،بەڕاستی تالآویان بە گەرووی داکردن.

جا ساواک لێکد لێکدا بانگی دەکردم و ئاژاوەی ئاغا و رعیەتی دەخستە ئەستۆی من و لە لاجانێ هەڕەشەیان لێدەکردم. لە یادمە جارێکی لە ساواکی مە هابادێ سەروان کەنزی کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ساواک لە کوردستان بوو گوتی: ئەتۆ فریوی جووڵانەوەی کوردی عێراق مەخۆ، ئەتۆ گەنجی چیت بە حیزبایەتی داوە، بارزانی دەدەست ئێمە دا وەک بەفری تەمووزێ وایە هەر کاتێک بمانەوێ دەی توێنینەوە.

من لەو ساڵەیدا چاوم بە مەرحومی بارزانی کەوت لە (بەردی تەشی ڕێسان) و ئەوەم بۆ گێڕاوە. دیارە بەداخەوە کەنزی ڕاستی کرد وەک بەفری تەمووزێ تواندیانەوە. ئەو شۆڕشە پان و بەرینە خۆی نەگرت، خوا بکا هەر ئەوەش لە کوردستانی ئێرانێ دووپات نەبێتەوە و کورد تووشی ڕە نج بەخەساری نەبێ. بە کورتی ساواک وازی لێ نەدەهێنام و خێرخواش هەر بۆیان تێدەچاندم تا جێم پێ لێژ بوو. ئەفسەرێکی دۆستم هەبوو و گوتی ڕانەکەی دەتگرن. ئەوەوندەشم تاڵیی شکەنجە دیتبوو ترسابووم .بەڕاستی توانای خۆڕاگرتنم نەبوو و بە ناچاری هاتم بۆ پیرەگەرمینێ و دەگەڵ وەی هیچ هیوام بەوەزعی حیزبی دێمۆکرات نە بوو، بەلام هەوای ئازادی کوردستانی گەرمێنی ئەوکاتی بۆ ئازادیخوازانی کوردی تاڕادیەک پیاوی پێ دەژیا.

بەڵام من لە چ کاتێک هاتم بۆ کوردستان گەرمێنێ و وەزعی نێو خۆی حیزب چ بوو و چۆن بوو؟ کۆنگرەی ٢ی حیزب گیرابوو. دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی مە رکەزی هەڵبژێردرابوون. کۆمیتەی چاوەدێری بەرزیش هەڵبژارتەی کۆنگرە بوو کە لەوێدا بێ ئەوەی من بۆ خۆم بەشداری کۆنگرە بم بۆ چاوە دێری بەرز هە ڵبژێردرابووم. بە خەیاڵ کۆمیتەیەک هەیە ودەفتەری سیاسییەک هەیە و ڕێگا و شوێنێک هەیە کە بەداخەوە بێجگە لە ناکۆکی و دووبەرەکی و هەرکەس هەرکە س شتێک بە ناوی حیزب نەبوو. هەر برادەرەش وەک بەرپرس دەگەڵ دەستەیەک ڕێک کەوتبوو.

جاروبار بە چەکەوە هاتووچۆی ئێرانێ دەکراو لەوێ دەستەیەک لە دژی دەستەیەک ئەوی دیکەی تاوانبار دەکرد و ناوی نرا بوو

کاری حیزبی.ماوەی دوو ساڵان دە گەڵ ئەو وەزعە پەرێشانەی هەر چۆنێک بوو ڕامان بوارد بەڵام تاڵ بوو. ناخۆش بوو، کەس کەسی قەبوڵ نەبوو هەر کامەی بۆ لایەکی ڕادەکێشا. ئەحمەد تۆفیق کە سکرتێری حیزب بوو، زۆرتر بە هومێدی بارزانی کە بەڕاستی کاریشی بۆ کردبوو، تێکەوتبوو کە بەداخەوە وەزعێک هاتبووە پێش کە بارزانی دەگەڵ ئێران دۆست بوو هەر لەو کاتەشدا ئەحمەد تۆفیق لە گەڵ سەدیقی هەنجیری و سولەیمانی موعینی ناڕێک بوو.

هەر چەند دەستەیەک دەیان ویست سەدیقی هەنجیری دەبەرانبەر ئەحمەد تۆفیق دا پشت بگرن و وەک هێزی موخالیف ڕاستی بکەنەوە و کەڵکی لێوەرگرن، بەڵام زۆر بەداخەوە کاک سەدیقی هەنجیری دەگەڵ ئەوەشدا زۆر باسەواد بوو، کوڕی ئەو مەیدانە نەبوو و دەدنیای خەیاڵاتدا دەژیا. لە ماوەی ئەو دووبەرەکی و هەر کەس هەر کەسییە دا زۆر کەس دانیشت بە یەکجاری وازی لە سیاسەت هێنا و ئەوی ماشەوە بۆ بەدبەختی و ماڵ وێرانی تووشی دەردی سەری و شەهید بوون و ئاوارەیی هات. تا بڵێی وەزعی حیزب دەپەشێوی و شەپرێوی دابوو. من لە زیندانی قەسری قاجار لە لای دوکتور عەلی مەولەوی و تەقی کەیمەنیش کە یەکێک بوو لە ئەفسەر تودەییەکان دەورەی برین دروونە وەم دیت.

زۆرم خۆماندوو کرد و زۆرم کار لەسەر کرد تا بە باشی یارمەتی سەرەتایی پزیشکی فێربووم کە بەڕاستی لە ماوەی دەربەدەری و ژیانم دا زۆر بە قازانج بوو بۆخۆم و بۆ خەڵکی. ماوەی ٩ ساڵان لە باشوری کوردستان زۆرم بە کەڵک هات، دەوماوەیە دا زۆرم برین دەرمان کرد و بە نەخۆشان ڕاگەیشتم. بەڕاستی بن بەرد و شاخی کوردستانی عێراق کەم ماوە کە من برینم لێ دەرمان نەکردبێ. لە بەر بێ دوکتوری بێ دەرمانی ئەوەندە خەڵک ڕووی تێدە کردم وەخت و کاتم نەمابوو. لە لایەکیش ئەوە ببوە مایەی ژیانی خۆم و زۆر لە برادەران.

تا دوو ساڵان وەخت هەر چۆنێک بوو گوزەرا لە بنکەی (سونێ) و (شێخان). بەرە بەرە ناکۆکی دەهات زیادتر دەبوو تا وای لێهات دەستە یەک ساغ بوونەوە کە لە ئێران جووڵانەوەی چەکداری دەست پێبکەن و وەخت دەگوزەرێ دەستەیەکیش کەوتنە ئەقەلیەت لایان وابوو ناکرێ و خودکوشی یە. ئەوە بە نهێنی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێمۆکراتیش پێکهاتووە بۆ ڕابەری کردنی ئەو جووڵانەوەیە بە بەشداری ئەوانەی خوارەوە:

١- سمایلی شەریفزادەی شەهید
٢- حەمەدەمینی سیراجی
٣- مەلا عەوڵای سەرباز
٤- سەننار مامەدی

٥- مەلا ئاوارەی شەهید.

ئەو کۆمیتە بەداخەوە ویستوویە لە خۆشەویستی سولەیمانی موعینی کەڵک وەرگرێ و پاشان بۆخۆی بەڕێوە بەر بێ. پاشانیش کاک سولەیمانی موعینی ئەوەی هەست پێکردبوو. دیارە جووڵانەوە کە هەر دەبوو تێکبشکێ بۆ؟

١- ئاغاکان بە هۆی ئینقلابی سپی زۆریان ڕوو دەکوردایەتی و حیزبایەتی کردبوو و زۆربە زەقی پشتیوانیان لە حیزب دەکرد، بۆیە خەڵک دەپرینگاوە.

٢- جووتیێرەکانی کوردستان تاڕادە یەک بە ژیان و زەمین و وەتاغ دروست کردن و ناسینی ئوستاندار و چوونە تاران و شتی واوە مەشغوڵ بوون. دوودڵ بوون چ بکەن.

٣- تەشکیلات هەر نەبوو، یان زۆر کەم بوو.

٤- پیشتیوانی خاریجی هەر نەبوو، رادیۆی (پەیکی ئێران) یان لە سەرەتاوە لێ ببوو بە هومێد باسیان بکا، ئەوە نابێتە پشتیوان.

٥- کوت و پڕ دەست پێکرا و هیچ نەخشەی نەبوو، بگرە پێشمەرگەکان لە بەر ناوچە گەرایی نواندن و هێندێک کاری ناحەز کردن خەڵک تاڕادە یەک دوو دڵ بوو، کاک سولەیمانیش توانای ڕابەری کەم بوو.

٦- دۆستایەتی مستەفا بارزانی دەگەڵ (حەمەرەزا) شا و ڕاونان و گرتنی پێشمەرگەکانی حیزب بەهۆی چەکدارەکانی بارزانی لە باشوری کوردستان و شەهید کردنی (برایم دەڵاوی) لە گوندی ئاڵانێ لە بناری هەڵگوردی بە بەشداری جاش و ژەندرمی ئێران و بارزانییەکان هەموو شاهیدی ئەوە بوون کە ئەو جووڵانەوە یە سەرکەوتوو نابێ.

من و ئەمیری قازی لەو کەسانە بووین کە هەر لە ڕۆژی هەوڵدا موخالیف وەستاین و لە کاری وان بێ لایەن ماینەوە. لامان وابوو دەبێ جارێ ناکۆکی ڕێبەرایە تی بە لایەکدا بکەوێ، خەتێکی ڕوون هەبێ و کاری تەشکیلاتی بکرێ، جا پاشان جووڵانەوەی چەکدارانە دەست پێ بکرێ. لە یادمە کە من موخالیف وێستام، پێشمەرگەیەکی ساکار کە پاشان باشیش دەرنە چوو گوتی: کاک سولەیمان دەستوورم پێ بدا بە فیشەکێکی تا میاندوواوێ بە ئەستۆی من. دیارە من کە لە ئێران ڕا تازە هاتبووم ئاگام لە زۆر شت هەبوو. زۆر لە ڕووناکبیرەکان و لادێیی یەکان و زۆربەی خەڵک، ئەو سەردەمی بارزانیان زۆر لا گەورە تر بوو لە ڕابەرایەتی ئەودەمی حیزب. بەڵام پاش تەحویل دانەوە و کوشتنی کوردە ئێرانییەکان، بارزانی ڕێز و قەدری هاتەخوارێ.

دیارە ئەوکات ئەوانیش چیان بە بەرەوە نەمابوو زۆربەی کادرە باشەکان شەهید بوون. زۆریان وەفایان بە قەولی خۆیان نەکرد، زۆریان بەناچاری خۆیان بە کوشت دا.

ئەوەی مابۆوەش پەنای بۆ بارزانی هێناو کە بەداخەوە بێ شەرتی کرد و هیندێکی وەک ساڵح لاجانی و سولەیمانی کەرقەشان و عەولای بایزە قنجەی تەسلیمی ڕژێم کردەوە و لە جەڵدیانێ ئیعدام کران. هیندێکیش بە زیندانی دوو و درێژ حوکم دران. بەداخەوە جووڵانەوە کەتێک شکا. زۆر زیان کەوت. زۆر کوردی بە کەڵک فیدا بوون. بەڵام بوو بە بەشێکی زێڕین لە جووڵانەوەی کورد. یادیان نەمر و ڕوحیان هەمیشە شاد بێ. ئەوانە پەراوێزن و چونکە لە گەڵ ژیانی مندا ڕوویان داوە بە کورتی باسم کردن، دەنا نامەوێ تاریخ بنووسم.

پاش ئەوەی دوو ساڵ لە سونێ و شێخان لە بنکەکانی حیزب ژیام، دەتوانم بڵێم لە باری خزمەت و پاک و خاوێنی بۆ رەفێقەکانم بێ کەڵک نەبووم. لە گەڵ شەهید شەریف زادە و مەلا ئاوارە و کاک ئەمیری قازی و کاک مینەی سیراجی و سالاری حەیدەری ماوەی ٥ مانگێک لە گەلوەرەزی سونێ پێکەوە زۆر بە خۆشی ژیاین. من و سالار بە سەفەر چووین بۆ کوێستانی قەندیل بۆ چادری ئێمە و ماوەی چەند مانگێک ماینەوە. لەو ماوەیە دا چارە نووس لە گەڵ کچە کوردێکی ساکار و بێری کوێستانانی کردمە ئاشنا و پاش مەشوەرەت و لێکدانەوە هەر دووکمان بە دڵێکی پاک و خۆشەویستییەکی بێگەرد بەڵێنیمان پێک دا شەریکی ژیانی دا هاتوو بین.

کچەکە ناوی (ئامان) و ناوی دایکی فاتم و ناوی بابی مینە بوو، خەڵکی گوندی (قوبادبە گیان) لە بەری مێرگان بوو. لە باری فکر و ئاقڵەوە بە شانازییەوە دەڵێم زۆر شتی لێ فێر بووم. تاخوا حەز بکا ئازا و بەڕێز و دەتەنگانە و نەداری و دەربەدەریدا هەمیشە هاوڕێ و یاوەرێکی باش بوو. لە یادمە کاتێک بە٥ هێلیکۆپتەران لێیان دە داین، من بریندار بووم، ئەویش بریندار بوو، بەڵام منی لە کۆڵ کرد کەلاقم لەکار کەوتبوو. کاتێک گوتم دایکی شنە ئەو خوێنە چییە؟ گوتی ئی تۆیە، لەبەر دڵی من نەیگوت بریندارم، تا کۆپتەرەکان ڕۆیشتن، ئەوکاتە گوتی منیش زۆر بریندارم لەبەر تۆ نەم دەگوت تا ناڕەحەت نەبی.

دیارە دەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مندا یەکجار زۆر نەخشی بەرچاوی بووە و شانازی ژیانی من بەشێکی ئەو ژنە نازدار و خۆراگر و بەرێزەیە. هەم دایکێکی زۆر باش بووە بۆ ڕۆڵەکانمان و هەم هاوڕێیەکی بە کەلک بووە بۆ من.

--------------------

دیارە ئەو بیرەوەرییەی کە لێرە دا بە نێوی "بەسەرهاتی ژیانم" دەنوسرێ، بۆ کەسێکی کە ٥٠ ساڵ ژیابێ و ٣٢ ساڵ تەمەنی سیاسی هەبێ، زۆرکە مە، بەڵام بەداخەوە نەیتوانی لەوە زیاتر بنووسێ .... بۆیە لە تەواوی دۆستان و هەڤاڵانی بابم داوا دەکەم هەر چەشنە بیرەوەری و زانیارییەکیان لە سەر ژیانی ناوبراو هەیە، بە ڕێگەی ئێمێلی خوارەوە ئاگادارم بکەنەوە؛ بە هیوای ئەو ڕۆژە کە بتوانین زیاتر و باشتر لە سەر ژیانی ئەو تێکۆشەرە بنووسین و بەتایبەت چۆنیە تی ئەو کارەساتەش ڕوون بکەینەوە بۆ

ئەوەی هیچ نەبێ لانیکەم، خوێنی بەناهەق ڕژاوی سەید ڕەسووڵی دێهقان لە بارەگای مێژوو دا ون نەبێت.

بڵێسە دێهقان : blessa_111@hotmail.com

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید سەید رەسووڵ بابی گەورە - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانیۆیری ٢٠٠٨

----------------------------------------------------------------

## یادێک لە کاک سەیید رەسووڵی بابی گەورە



رحیم محمدزاده

بەر لە هەمو شت سوپاس بۆ ئەو کەسانە کە بەو کارە هەستاون و ئەو کۆڕەیان بۆ بیرەوەری لە شوڕەسوارێکی مەزن و خەباتکارێکی نەسرەوتووی ڕێگای رەزگاری گەلی کورد رێک خستووە.

کاک سەید رەسوڵی بابی گەورە یەکێک لەو ئەستێرە گەشانە بوو کە لە دژوارترین دەورانی رەشی پڕ لە زوڵم و زۆری حەمە رەزا شای دیکتاتۆردا لە ئاسمانی تاریک و بێ هیوای کوردستانی ئێران درەوشایەوە و لە گەڵ کۆمەڵێک ئەسێترەی دیکە، ئاسمانی ئەو پارچە زوڵم لێکراوەیان روناک وپڕ هیوا کرد. کاتێک ئەو پێی نا مەیدانی خەبات، هێشتا گەلی کورد پشتی چەماوی لە ژێر باری خەمی رووخانی کۆماری کوردستان و ئیعدامی پێشەوا مەزنەکەی و باقیی سەرکردەکانی کۆمار راست نەکردبۆوە، ئەو کات هێشتا بۆنی باڕووت لە کوچە و کۆڵانەکانی کوردستان هەر دەهات و زایەڵەی گوللەی دوژمنانی ئازادیی کوردستان دەبیسترا.

ئەو کاتەی کاک سەید رەسووڵ وەک لاوێکی ١٥- ١٦ ساڵە بڕیاری دا بێتە مەیدانی خەباتی کوردایەتی، ناهومێدییەکی گەورە باڵی بەسەر حیزبەکەی پێشەوای مەزندا کێشا بوو و نەیارانی حیزب چ وەک حکوومەتی ناوەندی و چ ئەو ڕێکخراوانەی کە بە رواڵەت دۆست بوون و بەڵام لە دەروونی خۆیاندا ئامانجێکیان جگە لە نوشستی و شکستی جوڵانەوەی کورد وژێر دەستکردنی گەلی کورد و زاڵکردنی گەلی باڵا دەستی فارس دا نە بوو، خەریکی پیلان دارشتن بوون.

کاک سەید رەسووڵ ئەو گەنجە هیوا و هومێد بەخشە بوو کە ماڵی حاجی سەید خدری بابی گەورەی باپیری و دۆڵی سەیدئاوای کردبووە مەکۆی کۆبوونەی خەباتگێرانی دێموکرات و هەر لەحزەیەک لە ژیانی بە قیمەتی خەتەر و مەترسییەکی گەورە دەکرێ. کۆبوونەوەی مەشهووری کەسایەتییە بەرچاوەکانی ئەوکاتی حیزب وەک کاک عەزیزی یۆسفی، عەولای ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق)، دوکتور قاسملوو، هاشم ئەقلوتولاب و ئەسعەدی خودایاری بۆ ساغ کردنەوە و سەربەخۆ کردن و دانی گیانێکی تازە بە حیزب لەسەر ئەرک و زەحمەتی بنەماڵەی وان و لە پشت گوندی سەیدئاوا گیراوە.

ئەو لەو کاتی ڕا وەک قاسیدێکی کەشکۆڵ لە شان نامە نەهێنییەکانی حیزبی لە دەلینگ و پزووی پاتۆڵی دا دەشاردنەوە و ئەم دەرک و ئەو دەرکی دەکردن و ژیانی پڕ بایخ و سەری پڕ سەودای لە مەترسی داویشت، تا لانی کەمی ئەرکی خۆی سەبارەت بە رزگاریی گەلەکەی بە جێ هێنابێ، هەتا لە لایەن ساواکی شا گیرا و لە هەرەتی لاوەتیدا بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو لە چاڵە رەشەکانی حکوومەتی شادا زیندانی کرا.

لە قەڵافەتی وردی کاک سەید رەسووڵ دا هیوایەکی بەرزو ئامانجگەلێکی گەورە خۆیان حاشار دابوو. ئەو شەیدای ئازادیی گەل و نیشتمان و خزمەت بە ڕێڕەوانی ئەو ڕێگایە بوو. ئەو لەو ڕێگایەدا هەر دەم هیوا بەرزو نەسرەوتوو بوو. ئەو دێڕە لە شیعری شاعیری نەتەوەیی کورد مامۆستا هێمنی موکریانی دەقاودەق لە گەڵ کەسایەتیی بەرزی کاک سەید رەسووڵ دێتەوە کە دەڵێ:

بەرەو بەرزایی دەڕۆم گەرچی وردم      خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردم

بۆ باس لەسەر فیداکاری و نیشتمانپەرستیی کاک سەیید رەسووڵ و کەسانی تری وەک ئەو پێویستە مرۆڤ ٤٠ تا ٥٠ ساڵ بگەڕێتەوە پاش و بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ خۆی لە هەل و مەرجی سەخت و دژواری ئەو کات دا ببینێتەوە و ئەو کات لەسەر گەورەیی و فیداکاری ئەو مرۆڤانە داوەری بکا.

هەمو ئەو کەسانە کە ناوبراو دەناسن، دەزانن کەناوبراو لە بنەماڵەیەکی دارا و دەسترۆیشتوو و خاوەن پێگەیەکی مەزنی

کۆمەڵایەتی ناوچەی موکریان دا لە دایک ببوو. بۆ ئەو زۆر سانا بوو کە پارە و پوڵێکی زۆر وەسەر یەک بنێ و بە کەڵک وەرگرتن لە پێگەی بە هێزی بنەماڵەیان لە ناوچەدا ژیانێکی زۆر ئارام و خۆش بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام هەیهات کە ئەوگری و عیشق بە ئازادیی گەل و نیشتمان، ماڵی دونیا وژیانی ئارام و بێ دەردی سەری لەوی حەرام کردبوو، ئەو نەیدەویست دەوڵەمەند و ئاسوودە، بەڵام کۆیلە و ژێر دەست بژی.

کاک سەید ڕەسووڵ مرۆڤێکی دێموکڕات، نەتەوەیی، ئازادیخواز، کۆمەڵناس، بە عیززەتی نەفس، خاکی، پێشمەرگەیەکی فەرماندەو فەرماندەیەکی پێشمەرگە بوو.

ناوبراو گەلی کوردی دابەش کراو نیشتمانی پارچە پارچە کراوی کوردستانی بە یەک گەل و وڵات دەزانی و هیواو ئاواتی پێک هاتنی دەوڵەتی نەتەوەی کورد بوو. ئەو جیاوازی لە نێوان خەباتکارانی بەشەکانی کوردستان نەدەکردو بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە چاوی لێ دەکردن. ئەوە ڕاستە کە ئەو ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو و ماوەیەکی زۆریش یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزب بوو، بەڵام بە کردەوە سەرەڕای خزمەت بە حیزبەکەی، خێرخوازی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو. خزمەتێک کە ئەو بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک بە جووڵانەوەی گەلی کوردی لە کوردستانی گەرمێن کرد و ئەو ڕێزەی کە ئەو لە پاش ڕووخانی حکومەتی پاشایەتی ئێران لە خەباتکاری بەشەکانی دیکەی کوردستان دەگرت، بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستییە.

کاک سەید ڕەسوول مرۆڤێکی دێموکڕات بوو و ڕێزی تایبەتی بۆ کەسانی جیا بیری ناو حیزب و دەرەوەی حیزب هەبوو، ئەو لایەنگری ئاشتی و تەبایی و ئیقناع و دژی داسەپاندنی هەر چەشنە بیر وبۆچوونێک بوو.گەرچی کاک سەیید ڕەسووڵ لە هیچ زانستگایەک دەرسی کۆمەڵناسی بە شێوەی ئاکادمیک نەخوێند بوو بەڵام ئەزموونێکی بە نرخی لە زانستگای گەورەی گەل وەدەست هێنابوو. ئەو شارەزایییەکی باشی لە بارەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو و هەر ئەوە بوو کە گەورەترین گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچە بە سانایی لە لای جێ بەجێ دەبوون. ئەو پاک و خاوێنیی گشتیی بە یەکێک لە دیاردەکانی بەرەو پێش چوونی باری کۆمەڵایەتی دەزانی، بۆیە لەو بارە دا هەمیشە پێشقەدەم و خزمەتگوزار بوو و گەیشتبا هەر گوندێک و مەجالی هەبا حەتمەن هەوڵی دەدا سەرچاوەیەک بۆ لولە کەشی پەیدا بکا و بێ ڕاوەستان پرد و حەوزی لە دێهاتەکان ساز دەکرد. ئێستاش ئاسەواری ئەو خزمەتانەی وی لە گوندەکانی دۆڵە شیخان و نەڵین و ناوچەکانی دیکەی هەر ماون و خەڵک بە سوپاسەوە یادی ئەو خزمەتە مەزن و بە نرخانەی دەکەن.

کاک سەیید ڕەسوڵ مرۆڤێکی خاکی و بێ چاوەڕوانی بوو، ئەو سەرەڕای خەباتی زۆر و پێگەی تایبەتیی بنەماڵەیی، مرۆڤێکی لە

ڕادە بەدەر ساکار و لە بەرانبەر هاوالان و گەلەکەی دا بە گوزەشت بوو. ئەو لە نێو کۆڕی هەوالانیدا لە قالبسووکی دا کەسی نەدەگەیشتێ و تا هاواڵیکی کارێکی کردبا، ئەو چەند کاری دەکرد.

کاک سەیید رەسوڵ لەو ماوەیەدا کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، زورتر وەک فەرماندەرێکی نیزامی کاری دەکرد. ئەو فەرماندەیی زۆرشەڕی بە ناوبانگی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە ئەستۆ بووە. کاک سەیید رەسوڵ لە مەیدانێ شەڕدا تەنیا فەرماندە نەبوو، بەڵکوو پێشمەرگەیەکی ئازا و بە دەست وبردیش بوو، یا جوانتر بلێین کە ئەو فەرماندەیەکی پێشمەرگە و پێشمەرگەیەکی فەرماندە بوو.

ئەگەر مرۆڤ باس لە تایبەتمندییەکانی ئەو بکات و ئاماژەی بە قسە خۆشی و خۆش راوێژی ئەو نەکا، ناکرێ.بەڕاستی مرۆڤ قەت لە لای وی وەڕەز نەدەبوو و هەموو کات بەقسەی خۆش و راوێژی جوانی، خەمڕەوێنی کۆڕی هەوالانی بوو.

یان بە قەولی کاک حەسەنی رەستگار کە دەیگوت:

ئەگەر مرۆڤ قسەیەکی خۆشی لەلا بوو، حەق وایە لە پێشدا بۆ کاک سەیید رەسووڵی بگێڕێتەوە لە پاشان کە ئەو بۆت دەگێڕێتەوە تام لە قسەکە دەکەی. قسە هەمان قسەیە بەڵام ئەو ئەوەندەی خۆش دەکات و ئەوەندەی خۆش دەگێڕێتەوە، کە خۆاخۆاتە چەند جاری دیکەشت بۆ بگێڕێتەوە.

بەڵام مخابن و هەزار مخابن کۆتایی ژیانی ئەو شوڕەسوارە تراژیدی و جێگای داخ و کەسەر بوو.

ئەو هەڵۆ تیژ باڵەی کە کۆماری ئیسلامی مەودای نیشتن لە سەر قەڵاتێ شاو لەندو قەندیلی لێبڕیبوو، لە نێو حیزبەکەی جێگای هیوا و هومێدیشی کەوتبووە بەر کەم لوتفی و هێلانەی شێوا بوو. سەرئەنجام دانیشت و لە شاری سلێمانی درێژەی بە ژیانی خۆی دا. بە داخەوە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی هەر لەو شارە بە دەستی چەند چەکداری نەناسراو بە غەدر لێکراوی شەهید کرا و هەموو ئەو ئاواتانەشی کە بۆیان عەوداڵ و هەڵۆەدا بوو بردە جیهانی نادیارەوە.

لە کۆتایی دا ئارەزو دەکەم ئەو رێورەسمەی کە ئێستا بنەماڵەی کاک سەیید رەسووڵ و دۆستانی بۆ یادی ئەو پێکیان هێناوە، لە چوارچێوەی بنەماڵە بێتە دەر و ببێتە ئەرک و وەزیفە بۆ بنەماڵەی گەورە و سیاسیی ئێمە "حیزبی دێموکراتی کوردستان". با ئەو رێز گرتنە ببێ بە دەروازەیەک بۆ رێز گرتن لە هەموو ئەو خەباتکارە دێرینانەی حیزب کە بەشی هەرە زۆری تەمەنیان لە رێگای

خوڵقاندنی شانازی بۆ حیزب و ئازادیی گەل و نیشتمان لە بەندیخانە، تاراوگە و دەربەدەریدا بەسەر بردووە و سەرئەنجامیش بە دوور لە زێد و نیشتمان گیانیان داوە.

ئەوە ئەرکی شۆڕشگێڕی، سیاسی، نەتەوەیی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتە کە رێزی زیاتر لە خەباتی رۆڵەکانی خۆی بگرێ و جێگای شیاوی خۆیان لە مێژووی حیزب و جوڵانەوەدا پێ ببەخشێ.

یادی هەر پیرۆز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٠٨

--------------------------



# یادێک لە شەهیدێکی وون و هاوسەنگەرو هاوخەباتی زیاتر لە سی ساڵ



مەلا ڕەسووڵ پێشنەماز

خوشکو برایان بەڕێز لەو ڕۆژانە داو لە ناکاو لە لایەن بنەماڵەی ئەو شەهیدە تێکۆشەرە و ماندوویی نەناسە کاک سەید ڕەسووڵی بابی گەورە وە داوام لێ کرا کە بە بۆنەی بیست ساڵەی شەهید بوونیەوە شتێک بنوسم.

دیارە هۆیەکەش روونە، بەهۆی ئەوەی منداڵەکان باش دەزانن زۆر پێش ئەوەی ئەوان چاو بە دونیا هەڵێنن و کاک سەید ڕەسووڵ ژیانی هاوسەری پێک بێنێ، ئەمە لە ئاوارەیی دا هاوسەنگەر و هاوخەبات بووین و بەسی هەرە زۆریشی هەر بە یێکەوە بووین، جگە لەوەش ئێمە هەم وەک دوو بنەماڵەی ناسراو و سەر شوناس، هەم وەک دوو هاوخەبات لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا لە سەرەتای هەرەدی لاوەتیەوە هەر تێکەڵاو بووینە و پەیوەندیمان بووە.

هەر چەند مەجال کە زۆر کام بوو بۆ ئەوەی بتوانم بە دوور و درێژی لە سەر خەبات، تێکۆشان، خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی کاک سەید ڕەسووڵ باس بکەم، بەڵام دیسانیش هەوڵ دەدەم ئەوەندەی مێشک و هۆشم بڕبکا بەڕاستی و دروستی و بەبێ غایە لەسەری بدوێم.

کاک سەید ڕەسووڵ کوڕی حاجی سەید حەسەنی کوڕی سەید خدری کانیە زەردە کە لە کوردستان دا بە ماڵی بابی گەورە ناسراون، لە دەوروبەری خۆیان و زۆر شوێنی دیکە نانیان بە تەبەڕوک ڕۆیشتوە و لای خەڵکی کوردستان ڕیزۆ حورمەتیان لێ گیراوە.

سەید ڕەسووڵ هەر لە سەرەتای مێر منداڵیەوە ئینسانێکی لە سەرهەست، پیتۆڵ و لە خۆڕا دیو و کوردپەروەر بووە، هەر لە نێو بنەماڵەی خۆیان دا زۆرتی لایانگری لە شوان و کرێکار و زەحمەتکێشەکان دەکرد و تێکەڵاوی و پەیوەندییێکی قووڵی لە گەڵ خەڵکی دێهات و فەلاحەکان و هەژاران هەبووە. بەداییم حەزی لە پاک و خاوێنی و ژیانی پێشکەوتوانە بووە.

بەهۆی ئەوەی کە هەم گوندەکەیان چەپەک و پەسیو بوو، هەم ماڵەکەیان وەکوو پەناگایێکی لێ قەوماوان و قاچاغان بوو زۆر لە برادەرانی دێموکڕات کە لێیان دەقەوما ڕوویان دەکردە ماڵی ئەوان، هەر بۆیە کاک سەید ڕەسووڵ زۆر بە منداڵی پەیوەندی بە حیزبی دێموکڕاتەوە کرد و هاتە ڕیزی تێکۆشانەوە.لەکار و تێکۆشانی نەهێنی دا سەید ڕەسۆوڵ بە عومری منداڵیەوە زۆرە ها پەیوەندی شار وگوندەکانی پێ ئەسپاردرابون وزۆر بەژیری و ووریاییەوە ڕایدەپەڕاندن.

ساڵێ ١٣٣٨ی شەمسی کە دەبێتە ساڵی ١٩٥٩ی میلادی ڕێژیمی حەمەڕە زاشاه پەلامارێکی دڕندانە و بەربڵاوی بۆ سەر تێکوشەرانی حیزبێ دێموکڕات کردوو و زیاتر لە ٣٠٠ کەس گیران و ڕەوانەی سیاچاڵەکانی ڕژێم کران کاک سەید ڕەسووڵ یەکێک لەو گیراوانە بوو لە زیندانیش دا کاک سەید ڕەسووڵ خەریکی خۆپێگەیاندن بوو و زانیاری زیاتر بوو. بۆ نمونە لە گەڵ کۆمەڵێک برادەری دیکە لەلای کاک دوکتور عەلی مەولەوی دەورەی "کمکهای اولیەی پانسمان" یان خوێند کە دوای چەند ساڵان لە سەرەتای شۆڕشی گەورەی ئەیلوول وە لە باشووری کوردوستان لە گوندەکانی بناری قەندیلی و دەوروبەری سەنگەسەر خزمەتی زۆر بەرچاوی بە خەڵکی لێ قەوماو کرد و بۆ ئێمە برادەرانی خۆشمان تەخسیری نەدەکرد تەنانەت لە هێزی "کاوە" دا زۆر لە سەفی پێشەوەی بەرەکانی شەڕ، برینداڕەکانی تەداوی دەکرد و زۆر بەجورئەت و شەهامەتەوە بەشداری بەرەکانی شەڕ دەبوو.

ساڵی ١٩٦٣ کاتێک من و کاک حەسەنی ئامۆزام کوردوستانی ڕۆژهە ڵاتمان بەجێ هێشت و هاتینە لای برادە رانی خۆمان بوین بە پێشمەرگەی شۆڕشێ ئەیلول، ساڵێکی تێوەر نەسوورا کە کۆمەڵێک لە گەنجە تێکۆشەرەکان ماڵ و ژیانی خۆیان واز لێ هێناو، هاتن بۆ لامان کە یەکێک لەوانە کاک سەید ڕەسووڵی بابی گەورە بوو کە لە گووندی سوونێ لای کاک حەمەدەمینی سیراجی و ساڵاری حەیدەری و شەهید سمایلی شەریفزادە گیرسایەوە. ئەوکاتیش وەک ئێستا برادەران بە شی زۆرمان لە گەڵ شەهید ئەحمەد تۆفیق نارێک بووین. ماوەیەکی زۆر حەوڵی دا بۆ یەک گرتنەوەمان چۆنکە ئەو پیاوەی ئەوەندەی من ناسیم حەزی لە دوو بە رەکی نەدەکرد و بەداییم هەوڵی یەکگرتنەوەی دەدا چۆنکە لای وا بوو.

ئەو خۆی بۆ ساغ نەدە بۆووە و زۆرتر لە لای کاک حەسۆ میرخان لە هێزی کاوە دا خزمەتی دەکرد چونکە ئەو فەرقی بە تێکۆشان لە هیچ بەشێکی کوردوستان دا نەدەکرد و بە مانای کەڵیمە ئینسانێکی کوردوستانی بوو تەنانەت لە ڕاپەرینی ١٩٦٧- ٦٨ کە بەرێوبەرانی شۆڕشی ئەیلوول بە تەحریکی ئێران و زۆر لە ئینسانی خۆ فرۆشی ناو خۆیان پاڵیان بە ئێمەوە نا خەریکی ڕاونان و

گرتنوو بێ حورمەتی و تەحویل دانەوەمان بوون کاک سەید ڕەسووڵ و چەند کەس لە برادەرانی خۆیان وەوان هەڵواسی و پیشتی ئێمەیان نەگرت ئەوە مێژویە و دەبێ بکوترێ. ئەگەر کەس ناوێرێ ئەو ڕاستیانە بڵێ من دەیڵێم و بێ باکم و زەعفم دەبەر دەست کەس دانیە. بەڵام ئەوەش وەک شاهیدێکی زیندووە بۆ مێژو دەبێ بڵێم.

لەگەڵ ئەو کاک سەید ڕەسووڵ لە ڕاپەڕینی ٦٧ و ٦٨ لە گەڵمان نەبوو، بەڵام کاتێک دوکتورڕێکی داوێن پیسی نامەرد نیازی خەراپی لەگەڵ منداڵ و خێزانی شەهید سولەیمانی موعینی دا هەبوو ویستبووی سووئیستیفادە لە نیزێکی خۆشەویستی بارزانی دا بکا و ماڵ و منداڵی کاک سولەیمانی بەرێ بۆ بۆلەی و تەنانەت کاک حەسو میرخان کە بەرپرسی حیزبی کاوە بوو لای وا بوو بە بڕیاری شەخسی بارزانیە بۆیە نە یوێرا مداخە لە بکا.

بەڵام کاک سەید ڕەسووڵ غیرەتی پیاوانەی جووڵا و نامەی لە حەسۆ میرخان وەرگرت و ڕۆیشت بۆ لای بارەگای بارزانی، کاتێک بارزانی لە مەسەلەکە حاڵی بوو بە خەسڵەتی ناموس پاراستنی خۆێ کارێکی وای بە سەر دوکتوری نامەرد هێنا بۆ هەمیشە لە هەموو ئیش و کارێکی دوور خستەووە و ئەگەر تکا کاریش نەگەیبانێ لەوانە بوو بیشی کوژێ.

لەوکاتە را سەرپەرەستی و مەسولییەتی براژنە مریەم و سیامەند و سامرەند کەوتە بەردەستی کاک سەید ڕەسووڵ. خۆ ئێمە لەو کاتیدا زۆربەمان کە لەوناوە بووین بەڵام لەبەر ئەوەی لە ژێر عەلامەتی سۆال دا بووین نەمان دەتوانی موداخەلە بکەین. ئیدیکەش هەبوون کە هیچ عەلامەتیان لە سەر نەبوو بەڵام نەیان کرد.

دەبێە بۆ خۆیان جواب بدەنەوە بە دوای ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٦٧ و ٦٨ و لە دوای کۆنفرانسی دوو کە لە گوندی وورتە ولە خوارگوندی قەڵاتوکان گرتمان من و کاک سەید ڕەسووڵ هاوکاری نیزێک بووین چونکە دوای ئۆژەن کردنەوەی کۆمیتەی ناوەندی یەک کۆمیتەی نەهێنیمان هەبوو بە ناوی مەلا عەزیز کە ناوی نەهێنی شەریف زادە بوو بەرپرسەکەی من بووم، کاک سەید ڕەسووڵ و مەلاخدری دۆڵەگەرمی و چەند کەسی دیکە هاوکارمان بوون.

ساڵی ١٩٧٠ بەیانی یازدەی ئازار دەرچوو ئێمەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات خۆشترین و باشترین دەورانی سیاسیمان بوو. چەندەمان سەرکەوتنێ شۆرشی کوردستانی ئێراق پێ خۆش بوو چەند ئەوەندەش خۆمان بوژاندە وە یەکترمان گرتەوە و حیزب بەتەواوی بوژایەوە باشترین و بەر چاوترین کاری کە کردمان ئەوە بوو کە، کۆنفرانسی سێ مان گرت ساڵی ١٩٧٠ لە شاری کۆیێ ولە کۆنفرانسە جگە لەوەی ئەوانەی لە ناو شۆرش دا بووین لەگەڵ ئەوانەی بەکرە جۆش کە لە ترسی گرتن و تەحویل دانەوە پەنایان بۆ برادەرانی مەکتەبی سیاسی کۆنی پارتی بردبو یەکمان گرتەوە و هەر لەو کۆنفرانسەش دابوو من و کاک سەید ڕەسووڵ

و شەهید مەلا قادری وێردی و کاک مینیەی سڕاجی و چەندی دیکەش بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

هەموومان بە دڵ گەرمی و پاکی بە یەکەوە کارمان دەکرد و هیچ ناکۆکیەک دەناوماندا نەبوو. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم کاک سەید ڕەسووڵ لە هەموومان زۆرتر دڵخۆش بە یەک گرتنەوە و کار کردن بوو ماڵی منوو ئەو مەکۆ و پەناگای هەمووان بوو. ئەو لە گوند و من لە شار هەرچی بۆخۆی بە برین پێچێ و دەرزی لێ دان و دەستی دنیا لە گەڵ هەموو ئەو یارمەتیانەی لە ماڵی ڕا بۆی دەهات هەمووی دەرخواردی میوانەکانی و ڕەفیقەکانی دەدا.

ئەو راستیەش دەبێ لە بەرچاو بێ، ئامانە خانی خێزانی کە تازەی هێنابوو عومری زۆرکەم بوو، کارو و پیشەی ببۆ خزمەت کردنی میوانەکانی کاک سەید ڕە سووڵ و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ سەعات لە گەڵ سەعات ڕو خۆشترو بە خوڵقتر بوو کەچی کاتێک بیستوی سەید ڕەسووڵ شەهید بوە هاتبۆ سونێ و داوای دیتنی بەرپرسان ورەفیقانی سەید ڕەسووڵی کرد بوو زۆر بێ شەرمانە خۆیان تێ نەگەیاند بوو. ئەوەیە ئەمەگناسی بەرپرسانی ئەو حیزبە لە گەڵ تێکوشەرانی هاو سەنگەری خۆی بۆیە حاڵیان ئاوا خاوێنە و پەرێزیان ئەوەندە ڕە نگینە.

بە دوای ١٩٧٥ دا هەر کار و بەرپرسایەتێکی پێ سپرردرابا هەمووی زۆر بە باشی بەڕێوە دەبردن تەنانەت داوای لێکرا کە ماڵەکەی بەرێتە بەغدا و لەوەی لە گەڵ دوکتور قاسملو پاشان کاک کەریم حیسامی بە یەکەوە بژین، ئەوەشی قبوول کرد. لە گەڵ ئەوەی ئەمن مخالیف بووم براژنە ئامانیش ئەوەی باش دە زانی کە بۆ خۆشی ڕازی نەبوو بەڵام ئەوەی کرد هەر لە بەر ئەوەی لای وا بوو دەبەرانبەر بیر و باوەڕەکەی دا دەبێ هەموو کارێک بکا و دوای دوو ساڵێش گە ڕاوە کۆیە لای ئێمە.

کاتێک لە نێوان شۆڕش و حکومەت ساڵی ١٩٧٤ شەڕ دە ستی پێ کردەوە و ئێمە لە بەغدا دەناو خۆماندا تەقسیمی کارمان کرد. منوو کاک مەلا عەوڵای حەسەن زادە بە بەرپرسی و مەرکەزیەتی ناو شۆڕش دیاری کراین. نەقشی کاک سەید ڕەسووڵ بۆ چوونەدەر و دامەزرانی بنکە و پەیوەندی بەینی بەغدا و ئێمە لە هەمووان بەر چاوتربوو.

لە بناری قەندیل بنکەمان لە ئاشقوڵکە و سینەمۆ کە دانا لە خانوو دوروست کردن بە دەستی خۆی هەتا کرێکاری هەتا دار هێنان هەمووی لەسەر ئەستۆی ئەوبوو. لە گەڵ ئەوەی منو کاک مەلا عەوڵا ناسرا بوین و مامۆستا ماوێکی زۆر لە بنار مەلایەتی دەکرد بەڵام بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەوناوە بە هۆی کاک سەید ڕەسووڵەوە ڕێزیان لە ئێمە دەگرتو زۆرتر لە هەوەڵوە بە مەقەری کاک سەید ڕەسووڵ ناویان دەهێنا هەشمانبو بە وەشەوە ناراحت بوو.

کاتێک ئەو شۆڕشە عزیمەی گەلی کورد لە رێکەوتنی قرارادی بەینی شای ئیران و سەدامی گور گراو لە الجزایر هەرەسی هێنا ئیمە هەموو ئاواتەکانمان وەک بڵقی سەرئاوی لە هاتو لە بەیان نامەی یازدەی ئازاردا چەندەمان خۆشی دیت سەد ئەوەندە تووشی نارەحەتی نیگەرانی و دڵ تەنگی بوینەوە، لەوە شدا کاک سەید ڕەسووڵ لە گەڵ ئەوەی لە هەموان بە پەرۆشتر بوو بەڵام زۆر بە وره ووخۆڕاگر کار لێ هاتوو بوو، لە هەر جێگایەک با هەوێنێک بوو لە مقاومەت و خۆڕاگری، فیداکاری، نەسرەوتن. کاک سەید ڕەسووڵ لە بەغدا هەتا دەروازەی ئینقلاب لە هەموو کەس زیاتر خزمەتی بە سکرتێرەکان و جێگرەکانی کرد کە چی هەر ئەوان لە هەموان زۆرتر بێ وەفا بوون بەرانبەری.

دوو نمونەی زۆر بەر چاو دێنمەوە: کاتێک دوای هەرەس هێنانی شۆڕش ئێمە قافیەمان پێ تەنگ کرا، بڕیارمان دا تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوندی بە نەهێنی سەردانی وڵات بکەنەوە بۆ پێک هێنانی پێکەوە لە ناو هەمواندا تەنیا منو کاک سەید ڕەسووڵ بوین ئەو کارانەمان کرد. ئەوانی دیکە هەموو خۆیان بوارد و ئەو ڕاستیەش لە بیرەوریەکانی کەریمی حسامی دا هەیە.

هەر چەند نێوانی دەگەڵ من خۆش نەبوو، بەڵام ویژدانی ڕێگای پێ نەداوە خۆی لەو ڕاستیە ببورێ.

## کاک سەید ڕەسووڵ

ئەو کات کە ئەو سەفەرەی کردەوە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوو داوای کرد کە مەلا عەولا لە گەڵ بێت ئێمەش قەبوڵمان کرد و بە هاوکاری کاک مولا محەمەدی عەبباسی ئەو سەفەرە کرا زۆریش سەرکەوتوو بوو، دیارە ئەگەر هیمەتی کاک سەید ڕەسووڵی نەبا دەتوانی دانە بوو ئەو سەفەرە بکا. نمونەیەکی تر ئە وەیە: بەینی ئەو لای گوێم لە کاک مستەفای هیجری بوو باسی یەکەم پەیوەندی خۆی و دوکتور قاسملو بۆ یەک دەقتەش لەوێ نەبووە. ئەوە شیرکەتی گوێکتە پەبوو کە دەئیختیاری موهەندیس ئاریا دا بوو ماوەیەکی زۆر دوکتور لەوێ بوو پاشان ئەو کەسەی کە دەبەینی دوکتوور و کاک مستەفا دا بوو کاک سەید ڕە سووڵی بابی گەورە بوو کە هەم زۆر لە دوکتوور نیزێک بوو هەم بەرپرسی لای پیرانشار و هەموو ئەو ناوە بوو بەڵام بەداخەوە ئەو بۆ چوون و خەسڵەتی بەر پرسانی دێموکڕاتە و لە حیزبی توودەوە بۆیان ماوەتەوە.

ئەوی لەبەرچاو و نە ئەگەر هەزاران فیداکاری کردبێ نەک لە بەرچاو نیە هەزاران شتی ناشیاوی بۆ هەڵدەبەستن. لە ساڵی ١٩٧٦ و هەڵگیرسانەوی شۆڕشی نوێی بەڕبەرایەتی کۆمەڵەی ڕەنج دەران من و کاک سەید ڕەسووڵ بە یەکەوە لە ناوچەی چاومان بەیەک دوو بەپرسی ئەو کات کەوت و جگە لەوەش لە هەر کۆڕ و کۆمەڵێک دانیشتباین خەڵکی زوڵم لێکراو داخ لە دڵە کە گازندەکانمان لە حکومەت دەکرد.

چەند جار ئەو شتانە بەگوێی موخابەرات گەیشتەوە هەتا کار گەیشتە ئەوەی کە لەو ماڵە دا و لە کاتێک دامن بۆ عیلاجی لاقم و کۆبونەوە لە بەغدا بووم ئە منو موخابەڕات بە سەر ماڵەکانمان وەر بوون و بە شێوەیەکی دڕندانە و وەحشیانە ماڵو منداڵی ئی منو کاک سەید ڕەسووڵ، چەند ماڵێکی دیکەشیان تێکەوە پێچا بوو دەزیلی عەسکەریان هاویشتبوون و برد یانین بۆ ڕۆمادی. بە نیوە شەوێ لە مەیدانێکی وەرزشیان لەو شارە هەلڕشتبوون، لە بەینی ڕێگا و لە شاری ڕۆمادیش کاک سەید ڕەسووڵ و خێزانم بە ورەیەکی ئازایانە و ئامۆژگاری برادەرانیان کردبوو و دڵخۆشیان دابوونە و چونکە لەو کاتە دا هەموو کەس لای وابوو تەحویلیان دەدە نەوە.

لەوانە بەوو ئەگەر منیان وە بەر دەست کەوتبا تەحویلیان دابایەنەوە چونکە ئەوکات ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم و لە دژی زوڵم و زۆرەکانی بەعس زمانم ڕا نەدەوەستا، دیارە زۆربەی برادەرانمان ئەو هەڵوێستەیان بوو بەڵام منو کاک سەید رەسووڵ خەڵکێکی زۆرترمان دیتبوو و دۆستی زۆرترمان هەبوو شتەکان بەر چاوتر بوون.

قسەیەکی کاک سەید ڕەسووڵ لەو کاتە دا قەت لە بیرناکەم و ڕەنگە زۆرەرها جاریشم باس کرد بێ. منداڵەکانی ئێمە هەر هەموویان کە نێزیک بە شازدە منداڵ و هەوتیان هەر ئی من بوون لە سەر کلاسی دەرسیان هێنابوونە دەرێ بۆ تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵ دەبوو بیان بە نیەوە کۆیە.

لە ڕومادیە واسیتەیان بۆ کردن پاش ماوەێک ڕازیمان کردن کە بیان بینەوە کۆیە. کا تێک هەمووما ن بە منداڵەکانمانەوە چوینە پولیس تەئەحودیان هەم لە ئێمە هەم لە مناڵەکان ستاند کە دوایی تاقی کردنەوە کە دەبێ بیان هیننەوە ئێرە. لە کاتی پەنجە مۆرەی شنەی منووشنەی سەید ڕەسووڵ زۆر بە ئیحساسیکی سادقانە و مەزلوومانە چاوی پڕلە ئاووە گووتی کاک مەلا ڕەسووڵ ژێردەستی ئاوایە، بابۆ مێژوو بمینێ کە شنەی منوو شنە تۆ بەو عومری منداڵیەوە ئەگەر خەڵکانی ئێران لە ڕژێمی دیکتاتۆڕی وسەرەڕۆی شا وەخونەکەوتبان و نەیان ڕووخاندبان لەوانە بو منداڵەکانی ئێمە هەتا ئێستا هەرلەوێ مابانەوە. بەش دار بوانی خۆشەویست دەزانم زۆرم درێژ دادری کردوە ڕەنگە بەشێک لە وەختی کەسانی دیکەم گرتبی کە دەیان هەوێ لە سەر فیداکاری وتێکوشان و مەزلومیەتی کاک سەید ڕەسووڵ قسە بکەن، بەڵام ئەوە لێم دڵمەند نەبن و ئەگەر حەق بدەن بە منی ئێمە ئەو دو کەسە نیزێک بە ٤٠ ساڵ هەر لە ئاوارەیی دا بە یەکە وە بوین و جگە لەوەش ئەو ئینسانە ئەوەندە بەغەدر لێکراوی لەبەین چوو.

نەخوینی سیاوەش و نە مەزلومیەتی حوسێن ی مەزلوومی شیعان دەستی لە دووناکەن لە زیاتر لە هەزار ساڵە قوری...... ئەو برادەرە لە پێش هەموو کەس دا لەلایان حیزبی خۆی و هاسەنگەرەکانیەوە زۆری زوڵم لێ کرا هەموویان لە من باشتر دەزانن کە لە مەسەلەیدا بۆیان هەڵبەست سەید ڕەسووڵ لە ئاوی شەو پاکتر بوو کە وایە بۆ قەت جارێک نەیان وێرا دیفاعی لێ بکەن



سەرچاوە
Serchawe

دیفاعی نەکردنەوە کەشی بە جێگای جۆی کاتێک خەبەری شەهید بوونی دەزانن هەر ئەو کەسەی سەید ڕەسووڵ هەزاران خزمەتی پێکردبوو ئیزهاری خۆشحاڵی کردبوو.

ئەگەر خۆلاسەی کەینەوە کاک سەید ڕەسووڵی بابی گەورە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی میلەتی خۆی بوو کە لە ناو جەرگەی هەژاران و لێ قەوماوان وە داگیر کەرانی کوردوستان دا چاوی بە ژین هەلێنابوو. ئینسانێکی ئازا و خۆ ڕاگەر و مانوو نەناس بوو، کەسێک بوو کە هەمو کاتی ژیانی لە خزمەت رەفیقەکان و دۆستەکانی دابوو.تەنانەت لە خزمەت هەمو نەخۆشو لێ قەوماو و پەککەوتەکان دابوو.

قەت لە بیرم ناچێ کاتێک بارزانیەکانیان وون کردن و ماڵ و منداڵەکانیان لە قوشتەپەو ئەو ناوە بوون وە ژن وکچەکانیان زۆر شەرافەتمەندانە کرێکاریان دەکرد رۆژێک لە گەل سەید ڕەسووڵ لە کەرکوک را دەهاتینەوە هەولێر لەکن پردێ ئێوارەیکی درەنگ ژنێکی پیری بە ساڵا چوو دەگەڵ دوو کێژی گەنج لە قەراغ جادە راوەستابوون کاتێک رامان گرت زۆر بە پارێزەوە لە گەڵمان سوار بوون و بەخێر هاتنمان کردن سەید ڕەسووڵ بە گریانەوە گووتی دایە گیان هەر ئەوەندە دەتوانم بلێم کە بێ شەرەفی ئەو حکۆمەتە دەرەندەی کە ئێوەی بەو دەردە بردووە.

دایە گیان بلێی ئەو خۆدایە هەر ئاوا لۆکەمان لێ دە گوێیان ئاخنێ و ڕۆژێک ئاورێک لەو هەمو زۆڵمو زۆریانە نە داتەوە لە گەڵ قسەکانی سەید ڕەسووڵ پیرێژنەکەش دەستی کرد بە باسی نەدامەتی و بەدبەختی خۆی و ئەو هەمو پیاوانەی کە ئاوا شوێنە وونیان کردوون. هەتا گەیشتینەوە ناو شاری هەولێر هەر ئەوان قسەیان کردو کاک سەید ڕەسووڵیش گریا. ئێستاش لە بەر چاومە کاتێ دابەزین چاوی وەک گۆمی خوێن بوون.

دووا وتەم داوا لە هەمو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری کوردوستان دەکەم بێ ئەمەکی و حەق کۆژیو و ناراستی لە هیچ کەس قەبوڵ نەکەن وە بە ڕاستی و درووستی بکەونە شوێن هەمومەسەلەکان و لاوەکانمان وەک ئێمە ڕێگای بێوەفایی لە گەڵ یەکتر نەکەنە پیشە و هەر ئینسانێک لە مەیدانی تێکۆشان دا بوو بە گوێرە و قەوارەی رابردووی خۆی حیسابی بۆ بکەن نەک بە پێچەوانە ئینسانە ڕاست و درووستەکان لە سەر حەق گوتن مافیان بخورێ.

گوێ لە مست و نۆکەر سفەتانیش لە ریزی پێشەوە بن.لێرە دا هاودەردی و پەژارەی خۆم بۆ شەهیدبوون و لە دەست دانی قارەمان و تێکۆشەرێکی وەک سەید ڕەسووڵ بۆ براژنە ئامان و شنە، بلێسە، ئاکۆ و ئاگری خۆشەویست دەر دەبڕم. هەتا هەم خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم. وە حاجی هاوسەریشم لە یەکەم رۆژەکانی کە هاتوینە سوئید هەتا پاک و خاوێنیەک، جوانیەک، لێزانی

و ئارامی و بوردباریەکی لەو خەڵکی سوئید دەدیت هەمیشە وێردی سەر زمانی ئەوەبو دەیگوت ئای سەید ڕەسووڵ خوا عافوت کات یادت بە خێر. ئەتۆ لە گەڵ ئەوەی قەت ئورۆپات نەدیتبو.

بۆ لە هەمو بوایێک دا دەتگوت لە سوئید پەروەردەکرابووی. ئەو راستیەی هەمو منداڵەکانی من زۆر باش دەزانن ئەویش شەریکی خەمیانە و دووعای بە خێری بۆ دەکا.

یادی ئەو پیاوە بێ گۆناە و بە ناحەق کۆژراوە هەر پیرۆز و شەکاوە بێت.
مردن و سەرشۆڕی بۆ بکوژانی هەموو ئینسانە دڵسۆز و بێ گوناهەکان.
کوردستان شاروچکەی دوکان
مەلا ڕەسووڵ پێشنەماز

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید سەید رەسووڵ بابی گەورە - ڕێکەوتی: ٨ی جانێوێری ٢٠٠٨

## ناوی کاک سەید رەسوڵم کەی بیستو لە چ کاتێکدا کاک سەید رەسۆڵم بینی



**رەشید ئەحمەدی**

سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧هەتاوی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە تارۆگە گەرایەوە کوردستان، ناوی کاک سەید رەسۆڵ وەکوو کەسێکی ئازاو تێکۆسەر و نیشتمان پەروەر بە ناوی سەید رەسۆڵی بابی گەورە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دەهاتە بەر گویی، لە هەر کویەک یاخیەک، یان کەسێکی دژێ پێشمەرگە و حیزبی دیمکرات هەبویایە سەید رەسۆڵ بوو لە لایەن حیزبەوە فەرمانی پێئەدراو ئەچوو دەست بەسەری دەکرتوو دەیهێنایە بەر دەم دادگای گەل.

سەید رەسۆڵ بە هۆی دڵسۆزی و لێوەشاوەیی توانی لە کۆنگرەی چوارو کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رەئی کۆنگرەی هێنایەوە و بۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، سەید رەسۆڵ وەکوو سەرکردەیەکی بلیمەتوو بە توانا چ لە باری سیاسی چ لە باری نیزامی لە مەیدانی خەباتوو خزمەت بە حیزبوو نەتەوەکەی شەوو رۆژ هوچانی نەئەدا، سەید رەسۆڵ مرۆڤێکی بە ئەزموون بوو لە خەباتی شاخوو خەباتی سیاسیدا خۆشەویستی پێشمەرگەو گەل بوو.

سەید رەسۆڵ کەسێک بوو پێچەوانەی بەشێک لە هاوڕی حیزبیەکانی تەنها بیری نەتەوەیی وەکوو پێویستوو رزگارکەری گەلەکەی پەسەند دەکرد، هەموو توانایوو خەباتی خۆی لەو بوارەدا ترخان کردبوو، کەی سەید رەسۆڵم لە نزیکەوە ناسی، هاوینی ١٣٥٨ی هەتاوی ناوبراو بۆ سەردانێکی سیاسی نیزامی هات بۆ بانە، ئەو کات سەید رەسۆڵ ئەندامی کومیتەی ناوەندی و فەرماندەی هێزی شەهید ئاوارە بوو لە پیرانشار، منیش فەرماندەی هێز بووم لە بانە، هاتنی سەید رەسۆڵ بۆ بانە زۆر جێگای خۆشحاڵی بوو بۆ من چونکە هەر لە دورەوە سەید رەسۆڵم ئەناسی هەر چەندە سەید رەسۆڵم لە کۆنگرەی چواری حیزبدا دیبوو کە هاووڕێیانم دەیان

گووت ئەوە سەید رەسۆڵی بابی گەورەیە، لەوە زیاتر وەکوو ناسین لە نزیکەوە بە قسەو دانیشتن پەیوەندیەکمان لە گەڵ یەکتری نە بوو، کاتێ ناوبراو هات بۆ بانە بە یەکەوە جەولەیەکی نیزانی سیاسیمان بۆ ماوەی یەک حەوتو لە ناوچەی سەر شیوی سقز ڕێکخست، لەو سەفەرەدا زیاتر ئەو هاوڕییەم ناسی، هەلێکی باش بوو کە ئەو ماوە لە کردارو گوفتاری کۆمەڵێک ئەزمونم وەرگرت، لەو ماوەدا لە زۆربەی گوندەکان لە مزگەوتەکاندا قسەی بۆ خەڵک دەکرد دەربارەی ئەو زوڵموو زۆرانەی کە بە درێژایی مێژوو لە گەلی کورد کەراوە، شێوەی خەباتی پارتیزانی بە شێوەیەکی باشوو دروست وەکوو پسپۆڕوماموستایەک لەو بوارەدا باسی دەکرد، لە گەڵ ئەوەشدا کۆمەڵانی خەڵکی هان ئەدا بۆ یەکگرتن لە پێناوی خەبات بۆ ئازادیوو رزگاری گەلی کوردی بەشخوراومان.

پێم خۆشە بیرەوەریەکی تایبەت لەو جەولەدا بۆ بەشداران باس بکەم.

رۆژێک چوینە گوندی بیراندەرە سەر بە سەرشیوی سقز، لەو گوندە کاک سەید رەسۆڵ گووتی کاک رەشید با نیشانەیەک داکەین ئەمنیش گووتم زۆر چاکە، ناردمان لەوبەر ئاوایەوە بە گردیکەوە بتریەکی شوشەو هێلکەیەکیان داکرد دوای چەند گولە سەید رەسۆڵ شوشەکەی شکاند، بەڵام هێڵکەکە یاخی بوو نە دەشکا، دیار بوو نۆبە گەیشتە سەر من منیش ئەوەی کە خۆم بناسم وەکوو ڕێکەوت هەوڵ فیشەک هیلکەم شکاند، کاک سەید رەسۆڵ ماچی کردموو دەسخۆشانەی پێگووتم لە بەرامبەر ئەوەشدا بە پێکەنینەوە گووتی کاک رەشید ئەوەم قبۆڵ نییە هەوەڵ فیشەک ڕێکەوتبوو دەبێت نیشانەکان داکەینەوە ئەمجارە ئەگەر شکاندت حیسابی دەکەم، منیش گووتم کاک سەید رەسۆڵ لێم گەری بۆم ڕێکەتووە لێم تێک مەدە، بەم قسانە بەرنامەکەمان تەواو کرد.

ساڵ بوو بە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، خۆم پێم خۆش بوو ئاڵۆگۆری جیگا بکەم لە بانە، چومە دەفتەری سیاسی داوای رویشتنم کرد لە بانە،ئەو کاتە نەمر دوکتۆر قاسملوو لە دەفتەر بوو، دووای هێندی قسەوباس قەناعەتم بە دوکتۆر کرد کە ئاڵۆگۆر بە جێگای خزمەتم بکرێت نقڵ کریم بۆشوینێکی دیکە، دوکتۆر فرموویان ئێستا ناوچەی دیواندەرەو هەوشار فەرماندە هێزیان نییە ئەگەر پێت خۆشە بۆ هەر لایەکیان حوکمت بۆ بنوسم تا کوو بچێت بۆ ئەوی، لە راستیدا منیش ئەو شوینانەم پێخۆش نە بوو پێم خۆشبوو لە شارە سنوریەکان خزمەت بکەم وەکوو مەریوان، سەردەشت، پیرانشار، بە هۆی ئەوە کە ئەو کات ئیمکانی هاتووچۆمان بە ماشین هەبوو بۆ ئەو شارانە، دیارە مەبەستم خودی شار نییە بەڵکوو مەبەستم دیهاتی ئەو شارانەیە چونکە شارەکان بە دەست رەژیمەوە بوون،

بۆیە ئیمکانی ئەوەم هەبوو بۆسەردانی ماڵوو منداڵم لەو شارانەوە بە ماشین بەیانی بۆ ئێوارە بێمەوە ناوچەی بانە، بەڵام لە ناوچەکانی دیکە بە هۆی هێزەکانی رەژیمەوە کە زۆربەی جادەکانیان بەدەستەوە بوو ئەو ئیمکانە نەبوو غەیری بە پیادە رویشتن ئەویش چەند رۆژی دەویست تا بگیشتمایە بانە، بەم هۆیەوە قبوڵی هەوشارو دیواندەرەم نە کرد.

نەمر دوکتۆر قاسملوو فرمووی شوینی تۆ فەرماندە هێزیە ئەو شارانەی کە تۆش ئەتەوێ بچێت فەرماندە هێزیان هەیە، بەڵام هێزی شەهید ئاوارە واتە پیرانشار جیگری فەرمانە هیزی نییە، ئەو ماوەیە جێگرەکەی نقل کراوە بۆ شوینێکی دیکە ئەگەر رازی دەبێت تاکوو لە گەڵ کاک سەید رەسۆڵ فەرماندە هێزی پیرانشار قسە بکەم و رەئی ئەوان وەرگرم، هەر چەندە کە من دوو ساڵ بوو لە بانە فەرماندە هێز بووم بەڵام بە هۆی لیوەشاوەیوو کە سایەتی کاک سەید رەسۆڵەوە قەناعەتم کرد کە بچم بۆ پیرانشار وەکوو جێگری فەرمانە هێز لە لای ئەو هاورێ تێکۆشەرە خزمەت بکەم بە ئامانجەکانم، ئەوەبوو کاک سەید رەسۆڵ پێخۆشحالیوو رەزامەندی خۆی لە چوونی من بۆ هێزی ئاوارە ڕاگەیاندبوو، نەمر دوکتۆر قاسملوو حوکمی بۆ نوسیموو چووم بۆ پیرانشار، بنکەی هێزی ئاوارە ئەو کات لە گوندی ترکشی سەرو بوو ماوەی زیاتر لە ساڵێک وەکوو جێگری هاوڕیی و فەرماندەی بە وەج واتە کاک سەید رەسۆڵ خزمەتم کرد کە بیرەوەی ئەو ماوەمان ئیجگار زۆرە کە لێرەدا کات نییە باسیان بکەم بەڵام ئێستا مەشغوڵی نوسینەوەی بیرەوەریەکانی خۆمم ئەگەر ژیان ئیجازە بدا هیوادارم کە ئەو ساڵ لە چاپ دەرچیت و بڵاو بکرێتەوە کە بە وردی باسی کارو چالاکیوو ژیانی ئەو سەردەمەی خۆموو فەرماندە کاک سەید رەسۆڵی تێدایە.

ئیتر بەرژەوەندی حیزبوو قسمەت وابوو کە من گەرامەوە بۆ بانە بە هۆی سەر قاڵی خزمەت لە بانە و گوشاری زۆری رەژیم لە سنورەکان حیزبی ناچار کرد و پاڵ پێوەنا بۆ ناو کوردستانی باشور، هەروەها بە هۆی ئاواریی خۆشمەوە بە ماڵو منداڵەوە ئاگام لە سەید رەسۆڵ نەما کە لە چ بارودوخیکدایە بەڵام ئاخرین هەواڵ کە لە وڵاتی تورکیە بووم بە مەبەستی هاتنەدەرەوە بۆ وڵاتێکی پەنابەر خواز، بە داخەوە هەواڵم زانی لە شاری سلیمانی لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی شەهیدو ترۆر کرا. ئەوەی کە من بزانم ئەم ترۆرە وەکوو گرێپوچکەیەک وایە کە تائێستا نەکراوەتەوە مەگەر مێژو لە دوا ڕۆژدا رونی وەکات.

سەدان سڵاو لە رۆحی ئەو دڵسۆزو تێکۆشەرەی خەباتی ئازادی و رزگاری کوردوکوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید سەید رەسووڵ بابی گەورە - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٠٨

# لەیادی بیستەمینساڵی شەهید کرانی سەید رەسوڵی بابی گەورە



محەمەدی ئیسماعیلی

بەشدارانی بەرێز ئەم کاتەتان باش!

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لەو کۆڕەدا چەند دەقیقەیەک لەسەر شۆڕەسوارێکی خەباتگێڕی قەڵافەت کورتو هیمەت بڵیندی لە بیر نەچووی هاوشاریم بدوێم. هەر بۆیەش سپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە لە گرتنی کۆڕەکەدا دەستپێشخەرییان کردو پێشیان وابوو منیش لە خزمەتتان دابم.

بەلام بەر لە هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە لێرە هێندێک لە بەشدار بووان کەسانێکن کە لە هاوڕێیانی پیشوو و لەوانەن کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە، کاک سەید رەسوڵ دەناسن و ئەوەش ئەرکی من لە یادکردنەوەکەدا قورستر دەکا. بەو بۆنەوە پێشەکی داوای لێبووردنیان لێدەکەم و هەوڵدەدەم زۆریان سەر نەهێشێنم.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم وتارەکەم بە پرسیارێک دەست پێبکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو کۆڕە بۆ پاش بیست ساڵ دەبەسترێ؟ ئاڵ و گۆڕێک بەسەر ژیان و خەباتی کاک سەید رەسوڵدا هاتووە یان هەلومەرجەکە گۆڕانێکی بەخۆوە دیوە؟ ئەرێ ئێوەش پێتان وانیە کە بیست ساڵ بێدەنگیی لە یاد کردنەوەی خەباتگێڕێکی کارامەو ماندوویی نەناسی گەلەکەمان غەدرە لەویش و لە هەموو شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەمان؟

ئیجازەم بدەن بڵێم جارێکی دیکەش من بە بەشی خۆم، سپاسی بنەماڵەی شەهید سەید رەسوڵ و ئەو هاوڕێیانە بکەم کە ئەرکی گرتنی ئەو کۆڕەیان وەئەستۆ گرت، دەنا پێم وایە بەو ئارەقەی شەرم سەبارەت بە بێدەنگیی بۆ ئەو ئازیزە حەیامێکی دیکەش

لەسەر نیوچاوانمان هەر قەتیس دەماوەو دەبوایە عەزابی ویژدان بچێژین.

بەشدارانی بەرێز، دڵنیام هیچکام لە ئێمە بۆیە لیرە کۆ نەبووینەوە کە لە یادی بیستساڵەی شەهید کرانی سەید رەسوڵدا ماتەم بگێڕین، چونکە لە لایەک ئەویش وەک مامۆستای نەمر،هێمن بۆخۆی شینگێڕی شەهیدان بوو و شینی نەدەویست، لە لایەکی دیکەش دەمانهەوێ باس لە زیندوو بوون و شێوەی ژیان و شانازییەکانی لێبەجێ ماوی بکەین.

یەکەم خاڵی گرینگ چۆنییەتی پەروەردەو گەورەبوونی کاک سەید رەسوڵە، کە هەر لەسەرەتای منداڵییەوە،بە پێی هەلومەرجی بنەماڵەیی و وەزعییەتی ژیانی بابی، لەگەڵ چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵانی خەڵک لە ماڵی خۆیاندا ئاشنا بوو، کە بەبڕوای من هەر ئەو هاتوچۆو تێکەڵاوییە لە گەڵ خەڵک، بوو بە بناغەیەکی پتەو بۆ ئەوە کە کاک سەید رەسوڵ لە دوایی دا بێ ئەوەی لە هیچ زانستگەیەک دا دەرسی ئاکادێمی خوێندبێ، ببوو بە کۆمەڵناسێک کە بێشک لە زۆر لەو کەسانەی کە رێگایان لە دانیشگاکان کەوتبوو، شارەزاترو مامۆستایانەتر لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوتی دەکرد.

من پێم وایە ئەو سیفەتە کە باسم کرد وێڕای باوەڕ بە رزگاریی نەتەوە چەوساوەکەمان لە لای ئەو، کە هەموو هەست و بیری داگرتبوو، تێکەڵاو لەگەڵ غیرەت و ئازایەتییەکی بێوێنە، بوون بە هۆی ئەوەی کە زۆر لە تێکۆشەرانی نەسرەوتووی مەڵبەندی ئێمە، کاک سەید رەسوڵ بکەنە سەرمەشقی رێگای خەباتیان و سەدان خەباتگێڕی راستەقینەی ناوچەکانی، لاجان و مەنگوڕایەتی و بەری پیرانان، پێوەستی رێگای سەربەستی و شەڕەف بن.

بۆ ئازایەتی ئەو خەباتگێڕە جەفا دیتووە، هەر ئەو دوو نموونە چکۆلەی کە باسیان دەکەم بەسە کە بڵێم:

* هاورێیەک کە لێرە لەگەڵمانە گێڕایەوە کە، جارێکیان بۆ مەعمورییەتێک دەچووین کە مەترسیدار بوو،پێمان گوت بانەچین زۆر زەحمەتە نەجاتمان بێت، دەڵێت لە وەڵامدا بە پێکەنینەوە گوتی:

* ئەگەر کوژراین جارێکی دیکە نایەینەوە.

* مامۆستا عەبدوڵای حەسەنزادە لە کتێبی، نیو سەدە تێکۆشان دا دەڵێ:

* پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە بڕیاری گەڕانەوەمان دا سەرەڕای مەترسییەکی یەگجار زۆر کە هەبوو و زۆر کەس تەقیەی لە گەڕانەوە دەکرد، ئەو یەکەم کەس بوو کە ئامادە بوو بگەڕێتەوە بۆ ولات و خەبات لە نیو کۆمەڵانی خەڵکدا درێژە پێبدا.

بەشدارانی ئازیز، هەروەک دەبینن زۆر لە بەشدارانی بەرێزی ئەو کۆڕە، باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کاک سەید رەسوڵیان کرد و دەکەن، بەلام چەند نمونەیەکی زۆر بەرچاو لە لای من هەن کە پێموایە ناحەقیم کردووە دەرهەق بەو ئازیزە ئەگەر باسیان نەکەم. چونکە بە بڕوای من ئەو نموونانە بونەتە هۆی جیاوازیی ئەو کەلە پیاوە لەگەڵ زۆر لە هاوالانی دیکەی.

کاتێک کە یادگاری کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان،یانی مامۆستا هێمن کەملوتفی لەگەلکرا، بەجورئەتەوە دەلێم کە کاک سەید رەسوڵ لە یەکەم کەسانێک بوو کە هەلوێستی گرت و دژی ئەو حەرەکەتە راوەستا. ئەوەش نیشانەی سەربەخۆیی فکری و باوەڕ بە بایەخەکانی کۆمار و ئیعتقادی قووڵ بە دێموکراسی لەو ئینسانەدا نیشاندەدا.
هەر لەسەر باوەڕ هەبوون بە دێموکراسی و رەفتاری حەکیمانە لەگەڵ خەلکدا لەبیرمە جارێکی چەند گەنجێکی کە تەئسیری رێکخراوەکانی دژی حیزبیان لەسەر بوو، هینایانن بۆ تەشکیلاتی پیرانشار.

کاک سەید رەسوڵ و من کە ئەو کات شانازی بەرپرسایەتیی تەشکیلاتم هەبوو، لەگەڵ جەمعێک لە ئەندامان و کادرەکانی تەشکیلات دانیشتبووین و زیندەیاد سەید رەسوڵ لەگەڵ یەکێک لەوان باسی دەکرد، دەبێ بلێم گەنجەکە زۆر کەللە رەق و لاسار بوو و ئینکاری هەموو شتێکی دەکرد، لەوەلامی ئەو پرسیارەدا کە کاک سەید رەسوڵ لێیپرسی، "ئەتۆ دەتوانی لە پیرانشاریش ئاوا راشکاوانە قسە بکەی؟" گوتی، بەلێ توندتریش قسە دەکەم! سەید رەسوڵ لە وەلامی ئەودا کە لێی سوور بوو راست نییە، گوتی،" بابەلە با ئەمن فێرت کەم کە وەلامی تۆ بۆ من دەبوو چ بایە، ئەتۆ دەبێ بلێی، ئەمن حەقی خۆمە کە لەلای تۆ بتوانم بە مەیلی خۆم قسە بکەم و رەخنەش بگرم، چونکە قەرار وایە ئێوە نوێنەری خەبات بۆ رزگاری و دێموکراسی من و نەتەوەکەم بن.
هەر بەو نیسبەتەش حەقمە کە نەتوانم لە پیرانشار لە لای نوێنەرانی حکوومەت کە دوژمنانی نەتەوەکەمن بە دلی خۆم بدوێم.
ئەوەش نمونەیەکی بەرچاوی‌تر لە دێموکڕات بوون، سەربەخۆیی فکری و تەحەمولی بیروباوەڕی دژ بەخۆی بوو لە وجوودی کاک سەید رەسوڵ دا.

لە کۆتاییدا سپاسی هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرایەتیان دەکەم کە چالاکانە لەو کۆڕەدا بەشدار بوون و پەیامیان پێشکەش کرد، بەلام بە پێویستی دەزانم بەو بۆنەوە و لەیادی بیستەمین سالی شەهید کرانی سەید رەسولی بابی گەورە دا ئەوە وەبیر بێنمەوە کە پێدانەوەی بە حەقی کەسایەتیی بە ناحەق لێ زەوت کراوی زۆر لە شۆڕشگێڕانی رێگای رزگاری گەل و نیشتمان کە لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا بوونە، ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە، سەردەمیانە و نیشتمانییە و دەتوانێ بەشێک بێت لە ریفۆرم و پێداچوونەوە بە رابردوومانداا. بەهیوای ئەو رۆژە.
هیوای سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەمان و شادی رووحی سەید رەسولێش ئاواتمە.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید سەید رەسووڵ بابی گەورە - رێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٠٨

## بنەماڵەی خوالێخۆشبوو سەید ڕەسووڵی دێهقان



**س س.**

به ناوی خوای بەرز و بێ هاوتابنەماڵەی خوالێخۆشبوو سەید ڕەسووڵی دێهقان (سەید ڕەسوڵی بابی گەورە) داوایان لێ کردومە کە بیروڕای خۆم لە سەر کەسایاتی ئەو پیاوە ڕشیدە و تێکۆشەرە، دەرببڕم جا بەو بۆنەوە بەپێویستی دەزانم کە تا ئەو جێگایە لە بیرمە چی لە کەسایەتی ئە و دەزانم بی نوسم. دیارە هیچ بەنی ئادەمێک بێ عەیب و کەمایەسی نیە، بەڵام جیاوازی هەیە بەکەم و کورتی وکەم وزۆری. ئەوخوالێ خۆشبوە ش لەو ڕێ وشوێنە دەرنە چووە.

من کاک سەید ڕەسووڵم لە سالی ١٣٤٣ کە لە تاران بووم و لە گەڵ بایز ئاغای سالار عەشایری بەیتاس لە میوانخانەی هیممەت لە ژورێکدا بووین. کاک ڕەسووڵیش بۆ سەردانی ئەو هاتبوو، لەوێ یەکترمان ناسی. زۆر بە لاوێکی زیرەک و وشیارو تێگەیشتووم هاتە بەرچاو. بەڵام ئەو دیتنە سەعاتێکی نەکێشا. بەرە و دووا من لە سەرماوەزی سا ڵی ١٣٤٤ لە لایان برایانی حیزبی، بۆدیتنی دەورەی کادیری ناردرامە لای کاک ئەحمەد تەوفیق (سەید عەبدولای ئیسحاقی) لە گوندی شێخانی باڵەکی ئێراق. پاش دو سێ رۆژ کاک سەید ڕەسووڵیش هاتە ئەوێ، چەند رۆژێک لەوێ ماوە. لە کاتی ووچان لە دەرس یەکترمان لە بنکە دەدی. لە کارو باری سیاسی و حیزبی ئەو لە من زۆر لە پێشتر بوو. پێش هەموو شتێک بە ئیشارە واژە کانی پڕ مانا،تێی گەیاندم کە بێ وەخت و بێ تێ فکرین چومە بۆ دەرس و کاتێکی باشم هەڵ نەبژاردوە، چونکە رژێمی شا بێجگە لە لاواز کردنی

حیزب بە هۆی ژاندارم، ساواک، جاشەکانی لە تەواوی نەهێنیەکانی حیزب ئاگادارە، و هیچ کارێکی لێ ناشاردرێتەوە. هەر بۆیە پاش هاتنەوەم بۆ ماوەی شەش مانگ خرامە زیندان.

پاش ئازادیم لە زیندان ئیدی کاک سەید ڕەسووڵم نەدیتە وەهەتا ساڵی ١٣٥٧ لەو ساڵە دا ڕۆژێکی خوالێخۆشبو میرزا عەوڵای پاک سرشت لە نەغەدە هاتە شوێنی کارەکەم و کوتی پیاوێک لە ماڵێ ئێمەیە و کاری بە تۆیە، بچو ببینە چونکە باوەڕم بە مام میرزای هەبوو بێ ئەوەی لێی بپرسم کێیە چومە ماڵی وان. کە چومە حەسارێ دیتم کاک سەید ڕەسووڵ لە قونیچکی پەنجەرە دیارە، چومە ژور.

پاشی چاک و خۆشی کوتی بۆیەم بانگ کردوی کە ئەمڕۆ جێگای خۆ لە مەیدان لادان نیە، هەلە بۆمان هەڵکەوتووە تەواوی خەڵکی ئێران هاتونەتە مەیدانی تێکۆشان، ڕژیمی شای لەقیوە، ئیدی لە کەسێکی وەک تۆ قەببوڵ ناکرێ، بێ لایەن دانیشێ پێویستە هەر لە ئێستاوە بێووە سەفی تێکۆشان. کوتم کاک ڕەسووڵ من سێ ساڵم زیندانی کێشا، حیزب و ئەفرادی حیزبی لە ماوەی ئەو سێ ساڵە دا نە لە خۆم و نە لە ماڵو منداڵیان پرسیم. و هەتا ئێستاش تەنیا ئەتۆم دیوە ئەویش نە بۆدڵدانەوە بەڵکوو بۆ گیر و گرفتی دوبارە. وەڵای خۆم شەرتم کردوە کە ئیدی بۆ لای سیاسەت نەچم و گوێ بە هیچ تەبلیغاتێک کە پێم وایە پڕوپوچە نەدەم. دەستی لێ هەڵ نەگرتم و کوتی پێت خۆش بێ یان پێت ناخۆش بێ دەبێ بێەوە سەفی تێکۆشان و هەر ئەوڕۆش دەبێ وەکار کەوی. بەو جۆرە منی وادار بە تێکۆشانی دوبارە کرد. ئەویش لە کاتێکدا کە کەس لە مەیدان دا نەبوو. لە شارەکانی پیرانشار، شنۆ، نەغەندە، مەهاباد و مەنگورایەتی بە تەنیا سەید ڕەسووڵ کادر بوو. دیار بوو حیزب تەنیا چەند کەسێکی کە لە کۆنفرانسی سێ دا بە دوبارە دانانی حیزب هەستاون .بە سەرۆکایەتی دوکتور قاسملوو کە لە پێشدا کادرێکی حیزبی تودە بوو.

دوکتور قاسملوو رابیتی بە ینی حیزبی تودە و حیزبی دیموکرات بووە. لە گەڵ خەڵک و ئەندامانی حیزب تێکەڵاوی نەبووە، و تەنیا بەسەرانی حیزب ناسراوە و خەڵکی دیکە نایناسن جا بۆیە پێش هەمو شتێک دە ستی دا بە ناساندنی دوکتور قاسملوو ئەویش چ ناساندنێک سەید ڕەسووڵ بێت و بە زبانی لوس و لە هجەی شیاوی خۆی بە دڵ و گیان بە دوکتوری هەڵ بڵێ. نائێم کە لە پێهەڵ کوتندا زیاتر لە لێهاتوویی دوکتور قاسملووی دە کوت، بەڵام بە جۆرێک تاریفی لە دوکتور دەکرد کە خۆی وەک سۆفیلکە یەکیش نەدە ناساند. پێم وابو لە کەسایە تی خۆی کە م دەکردە وە هەر ئەوەش بو بەرە و دوا تەنگ و چەڵە مەی هێنا پێشێ. من لە درێژایی تێکۆشانمدا گە یشتومە ئەو بیر و بروایەی کە نابێ پیاو لە هیچ کارێکدا لە سنووری پێویست تێپەڕێ، چونکە هەر ئەو تێپەڕینە لایەنی دیکە دەخاتە هەڵە و خەیاڵی ئەوە کە خۆی لی بگۆڕێ و هەر ئەو شێوەیە پیاوە دیکتاتۆڕەکان و زۆردارەکان پێدەگەیەنێ. وا دەکا کە بەرەو دوا هەتا ڕەحم بە دۆستە زۆر نێزیکە کانی خۆشی نە کات.

کاک سەید ڕەسوڵ چ بەکارەکانی سیاسی، چ بەکارەکانی پێشمەرگایە و چ بە ئەرکە پێ ئەسپاردراوەکانی خۆیکە بە تەواوی بە جێ دێنان، واهاتە پێش چاو کە بەرە دوا ڕەنگە بۆ پەزی زەرەری هەبێ. جا بۆیە بۆ لە قاندن پاشەکشە پێکردنی تێکۆشان دەستی پێکرا. سە ید ڕەسوڵ کەسێک بوو کە چەکی حیزبی ئەگەر بە تەواوی وە دەست نەهێنابێ دەرسەدی زۆری لەو ڕابوو. پوڵ و پارەی خاریجی نازانم بەڵام زیاتری پوڵ و پارەی داخلی بە دەست سەید ڕەسوڵ وەدەست هات بوو. ئەو کارانە ئەگەر لە حیزبی نەتەوایەتی و گەلی دابا ڕەنگە نرخ و بایەخی زۆر زیاتر با. بەڵام کە سانێک کە تەربیەتی توودەیان هەبوو و شوعارەی سەرەکیان ئەوە بوو کە ئەگەر سەد ساڵ خزمەت پکەی و تووشی هەڵەیێک بی، هەمو بەخۆڕایی دەچێ (عەینا وتە و وشەی ئیستالین) چ دەکەی چ بەهانەیێک لەوە ئاشکرا ترە کە کە تەنیا دیکتاتۆڕەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەتوانن هێندە بە ئینساف بن.


کارەکانی سەید ڕەسووڵ دەحیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا لە هیچ کەسێکی بە ئینساف شاراوە نین بەڵام دەکرێ بڵێن پیاوێکی خۆش بەخت نەبوو، چونکە خۆی فیدای خەڵک کرد، بە جێی حەق ناسین تووشی تۆڵە بوو. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم و بە کەسایەتێکی کە لە سەید ڕەسوڵم دی بوو ئەگەر بەچاوی خۆشم دیتبا کە سەید ڕەسووڵ دیخالەتی لە بێ ئەدەبی سەبارەت بە گۆڕی بارزانی کردبا، دیسان باوەڕم نەدەکرد، چونکە سەید ڕەسووڵ کەسێک نەبوو خەیانەت بە کورد بکا ئەویش کەسایە تێکی وەک بارزانی، بەڵام وەک دەڵێن سیاسەت بێ دایک و بابە و زۆر شت دەکا.

ڕەنگە ڕاست نە بن. جا بۆیە لەگەڵ سەرەخۆشی دوبارە لەو بنەماڵە بەڕێزە لە بارەگای خوای مەزن دەپارێمە وە وێنەی وەک سەید ڕەسوڵی لە ناو گەلەکەماندا زیادتر بن، بەو هومێدی کە رۆژێک بێ کە چی دیکە مافی سەید ڕەسوڵ و کەسانی مافدار پێ شێل نەکرێ.

لە کۆتایش دا دەمهەوێ ئەوەش بڵێم کە هەر ئەو ماف کێشانە بون کە حیزب یان هێنا ئەو جێگایەی ئێستا تێیدایە و ئەگەر بەرپرسانی حیزب وە خۆنیەنەوە و سێبەری ئەو ماف کێشانە لە ناو حیزب لانەبەن، مەگەر خوا رەحم بکا دەنا دەبێ چاوەنواری بڵاوی زیاتری شەبەکە بین.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید سەید رەسووڵ بابی گەورە - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێویری ٢٠٠٨

# بۆیادی شەهیدی سەرکردە " سەید ڕەسوڵی بابی گەورە "



سەید حوسێن

کاروانی تێکۆشانی کورد دەمێکی درێژە ڕێی گرتۆتە بەر لەپێناوی سەبەخۆیی و ئازادی، لەم ڕێگایەشدا قوربانی بێ ژماری داوەو ئێستاش لەگەڵدابێ بەوپەڕی ئازایەتی و لەخۆ بوردوویی و گیانی خۆڕاگری وەک چیاسەرکەشەکان سەربەرز ماوەتەوە، ئەگەرچی تائێستا گیرۆدەی دەستی پارچەپارچەبییە، بەڵام واخەریکە کورد لەهەر چوارپارچەدا ئەو ڕێگایە دەرباز دەکاو بەری ماندووبوونی خەبات و ئەو ڕووناکییە دەبینێ، بۆیە ئەگەر لەهەر سوچێکی دنیا باسی قوربانیدان و ئازادی بکرێ، کوردستان و گەلی کورد سەرقافڵەی باسەکانن لەخۆڕاگری و ئازایەتی دریغی نەکردووە لەخوێن بەخشین و خۆبەخت کردن لەپێناو ژیانێکی شیاو بەمرۆڤایەتی و سەرفرازی ژیان.

ئەگەر بڵێین گەلی کورد ماندوو نەناسترین سەرکێشی قافڵەی تێکۆشانە لەپێناو ڕزگاری و ئازادی ڕەنگە زێدەڕۆ نەبین، ئەو کوردەی ساڵانێکی درێژە بەرگەی گەردەلولی ئەنفال و کوشتاری بەکۆمەڵ دەگرێ، ئەو کوردەی ساڵانێکە بەگژ شەپۆلە سەر شێتەکانی لافاوی قڕکردن و ڕاگواستن و (تتریک و تفریس و تعریب) دا دەچێتەوە،

تائێستاش دڕندایەتی دووژمن چۆکی پێ دانەداوە.

هەر پارچەیەکی بەزۆرە ملی لکێنراوە بەداگیرکەران بەقەد قەبارەو تواناکاری خۆی هاتوونەتە مەیدان و سەرکێشی خەباتێکی گران و خوێناوییان کردووە، بەڵام مخابن چەندەی دووژمن پرچەک و تفاق و بووبێ، چەندین کوشتارگەی ڕەشەکوژی و وێرانکردنی وڵات گرتبێتە بەر، هێندەی ئەو خەنجەرە ژەهراویە نامەردانە پرسۆو کاریگەر نەبووە، کەخیانەتکارانی ناو دەمامکی کوردایەتی

لەبزافی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانیان داوە.
ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدارە لەخەبات و قوربانیدان هەردەم قارەمانانی ئەو پارچەیە کراوەتە نێچیری سندم کراوی بەردەم تیری دووژمنان.

شەهیدی سەرکردە ژیانی تاڵ و سوێری زۆر لەسەر بزاف ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دیوە، وە ئەو بیرەوەریانەی کەلەگەڵ (بەندە) بەم شێوەیە بوو، جگە لەبوونی کەسایەتی و حزمایەتی یەکتری بووین وە زۆر شتی کارامەو شارەزاییم لێ وەرگرتووە کەبۆتە ڕێگانیشاندەری ژیانی ڕۆژانەم و ڕۆشن کردنەوەی خەباتی کوردایەتیم لەساڵی ١٩٦٧ شەهیدی نەمر کاک سەید رسوڵ لەگەڵ هەڤاڵان و کادرانی حیزب لەوانە کاک (احمد تۆفیق) و (مام هەژار) و (هێمن) هاتە سنوری پشدەر لەناحیەی سەنگەسەر لەو کاتەوە تاساڵی ١٩٧٠، بۆ دوواتر لەکۆیە دانیشتن و لەوێوە بردرانە ڕوومادی.
دووای ئەوەی سەردانم کردن لەناو شاری ڕوومادی، پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ گەڕانەوە بۆ خەبات کردن سەردانی کردم لەشارۆچکەی سەروچاوەو یەکەم کەس بوو لەحزبی دیموکڕات کەبەکاری حزبی چۆوە بۆ ئێران بۆ بەشداری کردنی ڕاپەڕینی گەلی کورد لەئێران.

لەساڵی ١٩٨٠ وە بەردەوام سەردانی کردووین و زۆر هاوکارمان بووە بەتایبەت ئەو کاتەی کەخێزانەکەم سووتا بوو دەوری کاریگەری هەبوو لەچارەسەری، چونکە خۆی پزیشکێکی بەتواناو کارابوو، وەلەڕووی ماددی و پێگەیاندنی منداڵەکانم زۆر هاوکارم بوو، وە بەهۆی هاوکاری ئەوەوە منداڵەکانم خوێندنیان تەواوکردو بوو بەهۆی پێگەیاندنیان، وەیەکێک بوو لەهەر خۆشەویستەکانی ناوچەی پشدەرو بیتوێن، چونکە یەکێک بوو لەبنەماڵە بەناوبانگەکان و پیرۆزی بنەماڵەکەیان دەوری کاریگەری هەبوو لەبواری کۆمەڵایەتیدا و زۆر هاوکاری خەڵکانی ناوچەکە بوو، وەخێزانەکەشی بەتایبەتی دەوری (ئامانە خان) بۆ هەتاهەتایە لای ئێمەو کەسانی ناوچەکە قەت لەیاد ناکرێت و بەنمونەی ژنی خانەدان و شۆڕشگێر باسی لەسەر دەکرێت وە لەگەڵ هەر چوار منداڵە بەڕێزەکانی، بۆیە ئێمە خۆمان بەقەرزداری ئەو شەهیدە بەڕێزە دەزانین و قەرزداری خانەوادە بەڕێزەیانین وە ئێستاش هەموو ناوچەی پشدەرو بیتوێن بەتایبەتی دانیشتووانی سەنگەسەر بەنموونەی خۆشەویستی و سەرکردەی ئازاو دەست پاک و هاوکاری هەژاران دەیهێننەوە.


بۆیە پشت بەستن بەخۆڕاگری گەل و لێهاتوویی سەرکردایەتی و قارەمانییێتی ڕۆڵەکان و شۆڕشی ڕزگاری خوازی نەتەوەییمان، دووژمنان ئەمجارەیان دووا ویستگەی ژیانیان دەبێ لەگەڵ ئاغاکانیان دەخرێنە زبڵدانی میچژوو، سەروەری بۆ شەهید (سەید ڕەسوڵ) و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕووڕەشی و مردنیش بۆ دووژمن و ئەڵقە لەگوێکانی دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید سەید رەسووڵ بابی گەورە - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٠٨



سەرچاوە Serchawe

## بیست ساڵ بێدەنگی دوای تیرۆری شەهید سەیدڕەسووڵی بابی گەورە



**محەمەد خزری**

ئەو چەند دێڕە بۆ یادەوەری بیست ساڵ بێدەنگی دوای تیرۆری شەهید سەیدڕەسووڵی بابی گەورە، نووسراوەو لەکۆڕی یادەوەری ئەو شەهیدە لەبیرکراوە، داخوێندراوە.

بێجێی نازانم لە یادەوەری ساڵیادی تیرۆری کاک سەید ڕەسوڵی دێهقاندا منیش بەنۆرەی خۆم یادێک لەو لە خوێندا خەوتوە بکەم، دوای ساڵ و عەیامێکی زۆر، جارێکی تر بۆدابین کردنی هەست و عاتیفە لە ناودڵی کولمدا بەسەری کەمەوە. هەرچەند سەرچاوەی وشەم وشک هەڵاتوە، بەڵام دیسان بەهەوڵ و کۆشش، لە پەناوپەسیوەکانی عەنبارە ئاڵۆزو شپرێوەکەی زە ینمدا، گەرە کمە بگەڕێم بەڵکوو چەند وشەیەک بدۆزمەوە کە شیاوی یادی ئەو جوانەمەرگە بێت و هەمیش قورسێکی ئارامبەخش بێ  بۆهەستی دەرونم! لە سەرەتای ئاشنایەتیمەوە هەتا ساڵی ١٩٨٨ کە کاک سەید رەسوڵی تێدا تیرۆر کرا، گەلێک یادگارو بیرەوەری خۆش وناخۆشم لە گەڵ ناوبراو هەیە. ئەگەر نیوەی نیوەچڵ، باسیان لێوە بکەم، مەجال ودەرفەت بۆ کەس نامێنێتەوە، کە قسەبکات! جابۆیە کورتی دەکەمەوە و دەڵێم:

ئەمڕۆلە یادی کەسێکدا لێرە کۆبووینەتەوە و دانیشتووین کە بیست ساڵ لەمەوبەر لە (١١ - ١ - ١٩٨٨) دا لە شاری سلێمانی بەشێوەیەکی ناجوانمێرانە لەماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکرا. ئەوکەسە هاوڕێی پیتۆڵ ، ئازا، ئێسک سووک و ماندوییی نەناس،کاک

سەید ڕەسوڵی دێقان، یان بە واتەیەکی مەنشورتر "بابی گەورە" یە کە خەباتگێڕێکی لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. ناوبراو لە ماڵەکەی خۆیدا، زۆر بێ بەزەییانە بەتاوانی گوناهی نەکردوو،کەوتە بەرپەلاماری کەسانێک کە لەمەیدانی قاتی وقڕی مرۆڤایەتیدا، جگەلە قین و دڕنەقی ودژایەتی سروشت و دیاردەجوان وباشەکانی و مرۆڤکوژی، شتێکیان پێ نەبڕابوو! مخابن بەگوللەی ئەو گورگ سفەتانەی سەردەم، دڵی پڕلە تاسەو ئاواتی لەلێدان کەوت ...

دەستیشکاوم، هەلومەرجی ئەو سەردەمە لە سلێمانی جۆرێک بووکە، بواری ئەوەی نەدرا کەس و کارو خیزان و جگەرگۆشەو دۆست وهاوڕێ دێرینەکانی بتوانن بێنە سەر تەرمی لەخوێندا شەلاڵی و بەڕشتنی کوڵی دڵی کوڵیان، ماڵ ئاوایی لە سیمای بێ گیانی بکەن و سکاڵای ئەو خوێنە بەناهەق ڕژاوە بگەیەننە دیوانی دادگەری و بڵێن: داخوا ئەوەیە سزاو پاداشی کەسێک کە زیاتر لەسێ چوارەمی تەمەنی لاویەتی خۆی لەپێناو گەلەبەشخوراو و وڵاتە داگیرکراوەکەیدا ژیان بردۆتە سەر؟ ئیترجگە لەو چەند کەسە هاوڕێیەی کە بەیەکەوە لەو ماڵەداکە، تێیدا دەژیان و هەر لەوێشدا تیرۆرکرا، نە ئاوڕیکی بەسۆزەوەی وەسەردراوە، نەشەمێکیان بۆ داگیرساند، نە دۆست و نزیکانی وڵات و دوورە وڵاتی بۆیان ڕەخسا بچنەسەر تەرمی بێ گیانی و مەزاری پیرۆزی پڕ بەدڵ کوڵی دڵی زامداریان بەشێوەکی ئاسایی بڕێژن ...!

وەک دەڵێن: لە هەرکوێیەک بێت" هەواڵی مەرگ زۆر زوو دەگات.!" ئێمەش لە دوورەوڵاتەوە، هەواڵی مەرگی ئەندامی دێرینی دێموکرات و پێشمەرگەی ئازای مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازیمان پێگەیشت. هەواڵی مەرگی کەسێک کە نە زۆر هاسان قبوڵ دەکرا، نە جێگای چاوەڕوانیش بوو بۆمان! هەر چەند مەرگی کاک سەید ڕەسوڵ مەرگێکی ئاسایی نەبوو، بەلام زۆر زوو لە هەموو گۆشەیەکی ئەم گۆی زەوییە، لەو شوێنانە کە خەباتگێڕێکی کوردی لێبوو، ئەو هەواڵە دڵ ڕاچڵەکێنە بەگوێی گشت کوردێک گەیشت. بە هەواڵی مەرگی کاک سەید ڕەسوڵ وەکوو بای تۆفانی بەتەوژم، خێرا، هەموو سنورەکانی بڕی و هەمووی ئەو شوێنانەی بەسەرکردەوەکە دۆست وهاوڕێکانی پێشمەگەی، ئازای ڕێبازی قازی محەمەدی لێبوو. داخی مەرگ و تیرۆری سەید ڕەسوڵ، دەردێک نەبووکە مرۆڤ بەهاسانی قبوڵی بکاو بەقەراخیدا بەبێ تەفاوتی تێپەڕێ!

لەو دەمەدا هیچ کوردێکی کوێستانی، یان گەرمیانی نەبوو، کە تیرۆری ئەو لە خوێندا خەوتوویە دڵی بەخۆیەوە خەریک نەکرد بێداد لە دەست بێ دەرتانی و بێ دەسەڵاتی! بەداخ وکەسەرەوە، دەرەتان و ئیمکاناتی ئەو سەردەمە لێرە جۆرێک نەبوو وەکوو ئێستا، کە دۆست و هاوڕیکانی بتوانن لە دەوری یەکترکۆبنەوەو پرسەی بۆدانێن و یادی هەمیشە لەدڵدا زیندووی بەتێکڕایی بکەنەوە. بەلام بێشک تۆفانی دڵی یەکە یەکەی هاوڕێکانی، لە دەرونیاندا شەپۆلی دەداو جاروبارپریشکەی شەپۆلەکان دەبوون بەفرمێسکی لە چاودا قەتیس ماو، یان وێرای کوڵی لەگەرووداخنکاو، لەبەر تەوژمی ئەو شەپۆلانە، سەر ڕێژ دەبوون، بەگوڕ داهاتنەخوار. چ دەکرێ دەگەڵ بێ دەسەڵاتی و بێ دەرتانی لە دوورە وڵات !...

ئاخر مەرگی خەریبایەتی و دووره وڵاتی، لەکەس و کار، بەڕاستی دەردێکی گران و بەژانە! کەسێک کە خۆی خەریباتی و دووره وڵاتی نەدیتبێ و بەکردەوە تاقی نەکردبێتەوە لەوانەیە زۆری بیر لێنەکاتەوە؟ مەرگی دووری لەکەس وکار، مەرگێکی ئاسایی نییە. مەرگێکە کە دوای نەمانی هەر ئازیزێکی کۆچ کردوو، دەیان پرسیاری جۆراوجۆر بۆکەسە پێوەندارەکان بەدوای خۆیدا دێنێ: مەرگ و تیرۆری لەناکاوی سەید ڕەسوڵیش گەلێک پرسیاری بێ وەڵامی بەدوای خۆیدا هێنا! بۆوێنە هێندێک دەڵێن:

ئەرێ سەید ڕەسوڵ بۆچی و بەدەستی چ کەس ولایەنێک تیرۆر کرا؟
ئەری داخوا کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی کەوتبوونە شوێنی؟ و ...

دوای دەیان و سەدان پرسیاری بێ وەڵامی لێرو لەوێ؛ هێندی کەس بەو ئاکامەدەگەن کە: دەبێ دەستی کوردی دەڵەوخۆفرۆش لەو جینایەتەدا لەکار دابێ! هێندێکی تر دەڵێن: تاقیکردنەوەکانی مێژووی خەباتی خوێناوی کوردەواری، بۆمان دەردەخا، لەهەرکویەک کارەساتێکی لەو شێوە دڵتەزێنە ڕوویدات بێشک دەستی خۆیی _کوردی ویژدان سەقەت لەکایەداهەیە.

* بەڵام پرسیارێکی نەختێ سەرنج ڕاکێش تر ئەوەیە خۆ سەید ڕەسوڵ بابایەکی نەناسراوی بێ ناوونیشان نەبوو! سێ چوارەمی تەمەنی بەنرخی خۆی - هەمووی سەردەمی لاویەتی خۆی لە پیناو خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران دا بەسەر بردبوو!؟ زیاترلەبیست ساڵ ئەندام و کادری ڕیبەرایەتی ئەوحیزبە بووە، بە وتەی زۆر لە ئەندامانی ڕیبەرایەتی ئەو حیزبە کە دەڵێن:

سەید ڕەسوڵ تەنیا کادرێکی دەخۆڕادیوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بوو کە، لە سەردەمی بەعس دا،دوای قەرەدادی ئەلجەزایر، کە لە - نێوان شاو سەدام دا بەسترا، ومەیدان جوڵانەوەیان لەکوردی ئەم دیو ئەو دیو - گەرمێن وکوێستان وەتەنگ هەڵێنابوو، ئا لەو سەردەمە هەستیارە دا، بێ خۆگنخاندن و سڵ نەکردن لەمەرگ، دڵەڕاوکی لەدەگیرکەوتنی بەعس و ساواک،گەراوتەوە وڵات و... سەری بەزۆر شوێنی شاروگوندی کوردستانی داکردبوو، نووسراوەو بڵاوکراوەکانی حیزبی بە دەست ئەندام و هاوڕێیانی لەوڵات، گەیاندو بوو، و بەڵێنی پێدابوون کە: هاوڕێیان! ئێمە، ئێوەو وڵاتمان لەبیر نەچۆتەوەو خەباتی بێ وچان دژی دیکتاتۆری هەتا لوتکەی ئازادی درێژەی هەیەو! ...

* ڕاستە ماوەیەک بەرلە تیرورکرانی سەید ڕەسووڵ، لە ڕیبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بەهەر هۆیەک بێ دابڕابوو. خۆی لەگەڵ چەند کەسێک لەکادرو پێشمەرگەکانی حیزب کە ئەوانیش دابڕابوون، لە سلێمانی دانیشتبوون، لەو ماڵەدا بەیەکەوە دەژیان کەکارە ساتەکەی تێدا ڕووی دا.

ئاخرلەو کاتەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، لە چاو حیزب و ڕێکخراوەکانی تری کوردستانی ئێران، تاڕادەیەک لە ناو حکومەتی بەعس دا، هەم دەستی دەڕۆیشت هەم قسە! لانیکەم بەکردەوە توانای ئەوەیان هەبوو خۆیان بکەن بە خاوەنی تەرمی لەخویندا نوقمکراوی هاوسەنگەری دوێنێی خۆیان کاک سەید ڕەسووڵ. دەیانتوانی، سەبارەت بەو جینایەتە سامناک و تاوانە نەبخشراوە لانیکەم هەنگاوێک هەڵگرن.

* ئەدی ئەخلاقی هاوڕێەتی و هاوسەنگەری چەندین ساڵ بەیەکەوە ژیان چ حوکمیکی لەوان کردو ئەوان بەکردەوە چیان نیشان دا؟ چۆن وەڵامی ویستی هەست و داخوازیەکانی ویژدانی خۆیان داوە؟ هەڵوێست وکاردانەوەیان، لەبەرامبەر ئەم جینایەتە سامناکەدا چی بوو؟ وە دەیان پرسیاری بێ وەڵامی تر!...
یەکێک لە هەڵوێستە بەرلۆمەکانی ڕیبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران ، لەکاتی تیرۆرکرانی کاک سەید ڕەسووڵ دا، نیشان دانی بێ هەڵوێستی بوو سەبارەت بەتیرۆری ناوبراو! وەکوو ئەوەی ئێمە لێرە بیستمان:

ڕیبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، نەک هەر ئاوڕی وەسەر نەداوە و هەڵوێستیان لەبارەیدا نەگرت و خۆیان نەکرد بەخاوەنی تەرمی خوێناوی ناوبراو، تەنانەتەت وەکگوتیان: "پەسولەیەکی ئیجازەی حکومەتی بەعسیشیان بۆهاوڕێ و خزمەکانی وەرنەگرتبوو،کە بیبەنەوە بۆگوندی سەروچاوێی بیتوێنێ و لەوێی بنێژن"؟. من خۆم نازانم ڕێبەرانی حیزب لەو سەردەمەدا چۆن وەڵامی هەست و شعورو ویژدانی خۆیان داوەتەوە؟ بەڵام ئەوەندەی من لێرە زانیم: هێندێک لە ئەندامەکانی ئەو سەردەمەی حیزب، لە دەروەی وڵات، بەو بەرخوردە ناکوردانەیە، سەخڵەت ببوون، کە جۆرێک ئازاری روحیان پێوە دەکێشاو ناڕەزایەتی و دڵساردیو ...

جێگای خۆشیبوو، تێپەڕین بەپەنا جینایەتێکی وەها سامناکدا بۆحیزبێک کە سەبارەت بە ئەندام و لایەنگرو سەرجەم نەتەوەکەی خۆی بەرپرسو بە داشدار بزانێ، کارێکی سووک و سانا نیە!

گوتیان: "لەجیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان، زۆرجوامێرانە، بەو ئەرکە شۆڕشگێڕانەیە ڕابوون، و وەرەقەو ئیجازەیان بۆ سەرجەم هاوڕیانی سەید ڕەسووڵ وەرگرتبوو، هەتا گوڕستان دەگەڵ تەرمەکەی چووبوون، لەگوندی سەروچاوێی بیتوین بەخاکیان سپاردبوو. "

زۆر لەمێژ ساڵە ئەو گرییەم لە دڵدا ماوەتەوە! ئەرێ کەنگێ؟ داستانی ئەو هەموو کارەساتانەو خوێنە بە ناهەق ڕژاوانە دەنووسرێ ئەرێ کێ بێ پرنسیپی و ئەخلاقی نادێموکراتانە و هەڵوێستە ناشیاوەکانی بەرپرسانی حیزبەکانی کوردستان، سەبارەت بەهاوڕێی دێرینەکانی خۆیان،کە بەناهەق کەسایەتیان شکاندون و بێ حورمەتیان پێکردون دەدرکێنێ و لەقاودەدا؟

کەم نەبوون ئەو کادرو پێشمەرگانەیکە بە ئازاری دەست و قاچی براوەیان دەیانناڵاندو هاواریان دەکرد، بەڵام کەس نەبوو ئاوڕیان وەسەرداتەوەو....؟ لەوانەیە ئەگەر زۆری درێژە پێ بدەم و "بەرە لە سەر هەتیوان هەڵدەمەوە" بێتە تفی بەرەو ژوور! دەنا من ئێستا پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتم پێشکدێت کە لە شەر لەگەڵ پاسداراندا قاچی لەدست داوە، لە جیاتی ئەوەی ڕێبەرایەتی حیزب بینێرێ بۆ دەرەوەی وڵات و خەمی لێ بخوات، دیناریکیان پارە پیدابوو، هێستریکیان بۆگرتبوو، ڕەوانەی دیوی ئێرانیان کردبۆوە، ئێستا لەحاڵی حازردا پارەی نقوستانی و کەم ئەندامی شەری ئێران و ئێراق لە حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران وەردە گرێ، باسی ئەوانەش ناکەم کەبەناهەق سووکایەتیان پێکرا؟ و...

ئای چەندە چووکەن بەشێک لەو خۆبەزلزانانەی کە بە دەروازەی ڕێبەرایەتی دا دێنە ژوورو لەسەرکورسی ڕێبەراتی حیزب، لەبورجی عاجی مەزنخوازیدا بزردەبن و خۆیان بۆنادۆزرێتەوە؛ بەچاوی زەق سەیری دەوروبەر دەکەن بەڵام بەداخەوە تووشی خۆیان نابن؟ وتەنانەت لەبیریان دە چێتەوە کە چۆن یەخەی خۆیان بۆ پارێزگاری لە ئازادیودێموکراسی و بۆچوونی جیاوازو ڕادەبرین، دادریبوو؟ ئێستا ئیتر بەپێچەوانە، لەسەر جوابەجەنگی، یان دەربرینی ڕاو بۆچوونێک کە بەدڵی ئەوان نیەو لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ناگونجێ، وەکوو فازییەکی ناعادڵو دڵرەق، کردەو بۆچوونەکانی موخالیفی خۆیان - کەهاوڕێو هاوسەنگەری دوێنێی خۆیان بوونە، چۆن دەکەن بەبەڵگەی تاوانی نەبخشراو؛ سزای ناڕەوا بەسەر هاوڕێی لەمێژینەی خۆیاندا دەسەپێنن؛ و کەسایەتیان ورد دەکەن و تەمەنێک خزمەتی سادقانەو فیداکاریان دەبەنە ژێرپرسیارەوە؛ تەنانەت دەیانبەنە ریزی ئەوکەسانە کە بەدرێژایی تەمەنی خەباتی خۆیان، لە سەرمافی زەوتکراویان، لە دژیان جەنگاون؟

هێوادارم بەرەی داهاتووی نەتەوەکەمان، ئەو تابۆیەبشکێنن ولەبەرامبەرهەرکردەوەیەکی نابەجێو ناڕەوادا دەنگی ئیعتراز و ڕەخنەی خۆیان بەشێوەیەکی شارستانیانە هەڵبرن وبەرزکەنەوە. بێشک هەتا کومەڵگای کوردەواری لەحاندی سەرەرۆیی ناوخۆیی و دەرەکی بێدەنگە، ڕەوتی بێ عەداڵەتی و ماف پێشێلکردنیش، بەشێوەیەکی سیستماتیک درێژەی هەیە..

جارێکی دیکە لە قوڵایی دڵەوە هەزاران درودو سڵاو لەگیانی پاکی لە دڵدازیندوو کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و هەمووی ئەوانەی کە، سادقانە لەپێناو گەلی کوردی چەوساوەو کوردستانی داگیرکراودا بوونەتەقوربانی!
بۆ ئەوەی زۆرم درێژدادرِی نەکردبێ ماڵئاوایی تان لێدەکەم و پڕ بە دڵ سوپاستان دەکەم کە دوای ٢٠ ساڵ بێدەنگی کاک سەید ڕەسووڵ تان بەسەرکردەوە؟
ماڵتان ئاوابێ. ڤێستڕۆس

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید سەید رەسووڵ بابی گەورە - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٠٨

# لە یادی سەید ڕەسولی بابی گەورەی هاوسەنگەرم



**سەردار پشدەری**

سەرەتا دەمەوێ چەپکە گوڵێکی نەتەوەیی بۆ گۆڕی ئەو شۆڕشگێرە زوڵم لێکراو و لەبیر کراوە بنێرم و بشداری خەم و پەژارەی تێکڕای کەس و کاری کاکە سەید ڕەسولی بابی گەورە بکەم.

دۆستایەتی و ناسینی کاکە سەید ڕەسول و من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٦٣ی میلادی و دەورانی بەڕێز ئەحمەد تۆفیقی لەبیر کراو، کە هەردوکیان لەو سەردەمەدا سەردانی ماڵی ئێمەیان دەکرد لە قەڵادزە کە مام هەژارو کاک مستەفای موعتەدی میوانی ئێمە بوون، بە دوا ئەوەش دا ئەو دۆستایەتیە لەگەڵ سەید ڕەسول بەردەوام بوو تاکو ساڵی ١٩٨٠ کە من دوور کەوتمەوە لە ووڵات.

سەید ڕەسولی بابی گەورە کوردێکی ڕوو خۆشی نەتەوەی و نیشتمانپەروەر بوو، ڕووی حیزبایەتی و بێ وەفایی ڕەش بێت کە کورد پەروەرو ڕەنجەرۆیەکی ئاوا لەبیر دەکرێت.

ئەوەی کە من ئاگادارم هەر لە چل ساڵەی ڕابردووەوە وەک ئەحمەد تۆفیق، سەید ڕەسولی بابی گەورەش بەشێک بوو لە سەرچاوەی ژیاندنەوەی حیزبی دیموکرات، ئەو کەڵە پیاوە نەتەوەییە کادیر بوو، شۆڕشگێر بوو، برین پێچ بوو، لەوپەڕی پلە بەرزیدا خۆی لە پێشمەرگە جیا نەدەکردەوەو وەک پێشمەرگە خۆی نیشان دەدا.

سەید رەسولی بابی گەورە وەک زۆر لە شۆرشگێرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەشداریەکی زۆر خەستیان کردوە لە لە شۆرشی مەلا مستەفای بارزانی لە خوارووی کوردستان.

لەکاتێکدا کە ناکۆکی نێوان مەلامستەفاو جەلال تاڵەبانی رویداو ئەو ناکۆکیە کوردەکانی رۆژهەڵاتیشی کردە دوو بەش، سەید رەسولی بابی گەورە خۆی خستە پارسەنگی مەلا مستەفای بارزانیەوە، سەید رەسولی بابی گەورە زۆر لە من زیاتر مەلا مستەفای خۆش دەویست، دێتە بیرم کە لە ساڵی ١٩٧٩ بە هاوتای کاک سەید رەسول و کاک مەلا رەسولی پێشنمازو کاک سەرگورد عەباسی یەکەم کۆمیتەی نیزامی حیزبی دیموکراتمان دروست کرد، لە دانیشتنێکدا کە دکتۆر قاسملوش بەشدار بوو، سەید رەسول بە پێچەوانەی دکتۆر قاسملو زۆر پشتیوانی لە مەلا مستەفای بارزانی دەکردو هەوڵی نزیک کردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ماڵی بارزانی دەدا.

من لە لەندەن بیستم کە گوایە سەید رەسولی بابی گەورە دەستی لە دەرهێنانەوەی تەرمی مەلامستەفای بارزانیدا هەبووە، من لێرەوە لەو باوەرە دام ئەگەر بەچاوی خۆم ببینم کە سەید رەسول ئەو کارە دەکات باوڕ ناکەم، چونکە سەید رەسول وەک پێغەمبەر مەلا مستەفای بارزانی دەپەرست، هەر چەندە ئێستا هەموو راستیەکان ئاشکرا بوون کە گوایە پارێزگاری سلەیمانی کە ناوی (کاکل) بوو دەستی هەبووە لە دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانی، بۆیە وەک شاهیدێکی مێژوو دەڵێم سەید رەسولی بابی گەورە دەستی لەو کارە نارەوایەدا نەبوو.

لێرەوە وەک نامەیەکی کراوە بۆ ماڵی بارزانی دەنێرم و دەڵێم هەر وەک چۆن قسە لەسەر سەید رەسول دەکرێت کە تەرمی بارزانی دەرهێناوەتەوە، ئاواش قسە لەسەر ئێوە دەکرێت کە گوایە ئێوە سەید رەسولتان شەهید کردوە، ئەگەر ئێوە شەهیدتان کردوە، کارێکی زۆر ناحەق و نارەواتان کردوە لە شەهید کردنی خۆشەویستێکی مەلامستەفای بارزانی، ئەگەر ئێوەش نین لەگەڵ کەس و کاری ئەو شەهیدە دابنیش و دڵیان پاک بکەنەوە.

جەنابی کاک مەسعود، سەید رەسولی بابی گەورە ئەو برین پێچە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٩ لە دۆڵی شەهیدان لەگەڵ کاک قەیماس کە ئەویش کوردێکی رۆژهەڵاتەو منیان لەشەرەکەدا لەگەڵ رژێمی عێراق بەجێ نەهێشت تاکو بارزانی رەحمەتی حەرەسەکانی خۆی لەژێر سەرپەرشتی عومەر ئاغای دۆڵەمەری نارده هاوارمان.

وەک نامەیەکی کراوە بۆ سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بە هەموو باڵەکانیەوە، پێم خۆشە پێتان رابگەیەنم کە ئێوە زۆر بێوەفان بەرامبەر بە بەشێک لە شەهیدانی خۆتان، پێویستە جیاوازی نەخەنە نێوان شەهیدەکانتانەوو هەر کەسێک کە

رۆژێک ئەندامی حیزبەکەی ئێوە بووبی، ئەگەر لە ئێوەش دوور کەوتبێتەوە دەبێ لە بیری نەکەن.

پێم خۆشە داستانێکتان بۆ بگێرمەوە بۆ ئەوەی ببێتە دەرس لە ناو کوردەواریدا بە تایبەتی لە ناو حیزبەکاند، لە لەندەن جیرانێکی ئینگلیزم مرد، لە گەڵی رۆیشتم بۆ سەر قەبران بۆ بەشدار بوون لە مەراسیمی ناشتنی، لەوێدا دیتم بە درێژی تەمەنی جیرانەکەم لە هەر کوێیەک بی خوێندبێ یان کاری کردبێ، ئەو شوێنانە نوێنەری خۆیان ناردبوو بۆ ناشتنی ئەو جیرانەم و هەر یەکەشیان پەیامی خۆی خوێندەو بۆ ئەو ماوەیەی کە لەگەڵیان دابووە.

کەچی بەداخەوە لە کوردەواریدا بوغز و کینە دەخرێتە پێش راستیەکان و هەزاران قارەمانی وەک سەید رەسول لە ناو گێژەڵوکەی بوغزو کینەدا وون دەبێت.

پێویستە بە هەموو لایەک نەمامی بەوەفای بچەقێنین و دڵ و دەروونی خۆمان پاک بکەینەوە لە ئاستی یەکترداو کەڵە پیاوەکانی مێژوو لەبیر نەکەین.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید سەید رەسووڵ بابی گەورە - رێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٠٨

---------------------------------------------------------

## پەیامی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ یادی شەهید کاک سەید ڕەسووڵی دیهقان

**خوشک و برایانی خۆشەویست،**

**بەشدارە بەڕێزەکان،**

لێرە کۆبووینەوە تا یادی هاوڕێی خۆشەویستمان کاک سەید ڕەسووڵی دیهقان بکەینەوە. کاک سەید ڕەسووڵ یەکێک لەو ناوە ناسراو و ئەو تێکۆشەرە کەموێنانەیە کە بە مردن شوێن و ئاسەواریان لە سەر ڕێچکەی خەبات ون نابێ، ناو و ناوبانگیان لە سەر لاپەڕەکانی مێژووی پڕ لە هەوراز و لێژ، کەوتن و هەستانەوە و لە هەمان کاتیش دا لێوالێو لە خەباتی بێوچان لە ڕێگای ئامانجە ڕەوا و ئینسانییەکانی گەلەکەمان دا کاڵ نابێتەوە و وەک نموونەی خەبات و فیداکاریی لە ڕێی نیشتمان و تێکۆشان لە ڕێگای عەداڵەت و مافی ئینسانی دا بە نەمری دەمێننەوە و دەبنە سەرمەشقی وەچەی دوای خۆیان.

پێش هەموو شتێک با بڵێم بە ڕاستی جێی خۆی بوو تا ئێستا بۆ کاک سەیەد ڕەسووڵی بابی گەورە کە هەر لە پازدە ساڵی، واتە لە سەرەتای تەمەنی مێرمنداڵییەوە، هەڵۆەدای ئەوینی کوردایەتی و خەباتکاری ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەی بووە، زۆر زووتر و زۆر جار مەجلیس و کۆڕی بیرەوەری پێکبهێنرێن و یادی زەحمەت و فیداکاریی ئەو بکرێتەوە. ئێستاش بە جێیە ستایش و سوپاسی بنەماڵەی بەڕێزی ئەو شەهیدە نەمرە بکەین، کە بە ئیبتیکاری ئەوان ئەو مەجلیسە پێکهاتوە و ئەو یادە دەکرێتەوە.

کاک سەیدڕەسووڵ ـ هەروەک بۆخۆی لە یادداشتەکانی دا نووسیویەتی - بەهاری ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی، بەرامبەری ١٩٣٦ی

زاینی، لە حاڵێک دا ماڵی بابی لە حاڵی کۆچکردن دا بوون، لە ئەشکەوتی "چینچینۆکان" دا، کە لە چیایەکی ڕژد و هەڵەمووتی پشت گوندی "کانی زەرد"ی ناوچەی "سەرشاخان" دا هەڵکەوتوە، لە دایک بووە.

بنەماڵەی "بابی گەورە" کە سەیدڕەسووی تێدا لە دایک بووە، بنەماڵەیەکی بە نێوبانگی ناوچەکەن. ئەو بنەماڵەیە، کە لە سەردەمی ژیانی کاک سەیدڕەسووڵیش دا هەر لە ناوچەی سەرشاخان و لە گوندی "سەیداوا" کە بۆخۆیان ئاوەدانیان کردۆتەوە، ژیاون، بە هۆی ئەوەوە کە بابی گەورە، واتە باپیری کاک سەیدڕەسووڵ پیاوێکی دڵسۆز و خەڵکی بووە و وەک شێخ چاوی لێکراوە و زیاتر لەوەش بە هۆی هەستی نیشتمانویستی و کوردایەتی‌یەوە، هەمیشە بۆ خەڵکی ناوچەی خۆیان و ناوچەکانی دەوروبەریشیان خۆشەویست بوون و ڕێزیان لێگیراوە. ڕەنگە لێرە دا ئیشارەکردن بەو ڕاستی‌یەش بەجێ بێ کە هەڵکەوتنی کاک سەیدڕەسوو لەو بنەماڵەیەش قەدر و ڕێزی ئەوانی لە نێو خەڵک دا دووقات کردوە.

دەوری منداڵیی سەیدڕسووش وەک هەموو منداڵانی ئەو سەردەمەی کوردستان بە شوانی و کاری نێو مووچە و مەزرا تێدەپەڕێ، بەڵام ئەو کە منداڵێکی زیرەک بوو، چوارچێوەی بیری لە دنیای بچووکی دەوروبەری ئەوکاتی خۆی بەرینتر دەبۆوە و هەستی دەکرد پێویستیی بە خوێندن و وەدەستهێنانی زانیاری هەیە و بنەماڵەکەشیان دەسڕۆیشتوو بوون و خەرجی خوێندنی ئەویان بۆ دابین دەکرا، توانی بابی ڕازی بکا و دەورەی سەرەتایی لە شاری مەهاباد بە سەرکەوتنەوە تەواو بکا.

وەگەڕکەوتنی هەستی خەبات لە دڵ و زەینی سەید ڕەسووی لاو دا ئەو کاتە ڕوو دەدا کە قۆناخێکی دژوار لە مێژووی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەستی پێکردوە: کات سەرەتای دەیەی سیی هەتاوی‌یە. زیاتر لە حەوت ـ هەشت ساڵ بە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارە درانی پێشەوا قازی محەممەد دا تێنەپەڕیوە.

برینەکان هێشتاش سارێژ نەبوونەوە و سینگەکان هێشتاش تژی لە هەناسەی ساردن. ڕۆڵە دڵسۆزەکان، ئەوانەی چاویان بەرایی نادادیلی و زەلیلی نەتەوەکەیان ببینن و بۆیان قبووڵ ناکرێ مل بۆ نیری ژێردەستی ڕاکێشن، مشتوماڵی مێشک دەدەن، هێزی هەنگاو تاقی دەکەنەوە، دەیانەوێ ڕێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زیندوو کەنەوە و دەرەتانێک بۆ تێکۆشان بە نێو دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیم دا بدۆزنەوە. هەر ئەو بەینە کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژیش ڕووی داوە و بارودۆخەکە شێواوتر و دژوارترە. ماڵی بابی گەورە لە گوندی "کەڵەکۆکەی سەرێ" و "سەیداوێ" کە لە شوێنێکی هەرە کێوپارە و ئاستەمی هەرێمەکە هەڵکەوتوون و بە هاسانی دەستی ژاندرمەکانی ڕێژیمیان ناگاتێ، مەکۆی حاوانەوە و کۆبوونەوەی تێکۆشەرانی ناسراوی وەک: کاک عەزیزی یۆسفی، دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵای ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق)، خەلیلی سەدیقی، ئەسعەدی خودایاری، هاشمی ئەقەللوتتوللاب و زۆر خەباتکاری دیکەیە. ئەو کەسانە و زیاتر لە هەمووانیش نەمر عەزیز یۆسفی شوێن لە سەر سەید ڕەسووڵی لاو دادنێن و وردە

ورده ناوبراو دەست بە کاری سیاسی دەکا و هەروەک بۆخۆی نووسیویەتی یەکەم چالاکیی سیاسیشی بردنی نامەی کاک عەزیز یۆسفی لە ماڵی خۆیانەوە بۆ عیسمەت خانمی کچی پێشەوا قازی لە مەهاباد بووە.

زۆری پێناچێ کاک سەید ڕەسووڵ لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی دا کە لە گوندی "کەڵەکۆکەی سەرێ" دەگیرێ، هەر لە لایەن کاک عەزیزەوە پێی ڕادەگەیەنرێ کە وەک ئەندامی ڕەسمیی حیزب وەرگیراوە و وێڕای تێکۆشەرانی دێرین، کاپیتان حەمەدی قادری، مەلا ڕەحمانی لاهیجانی، سەید حاجی کەڵەویە و کاک حوسێن لاسوور، بە ئەندامی کۆمیتەی لاجان دیاریکراوە. ئەویش ئەو ئەرکە قبووڵ دەکا ولەو کاتەوە دەبێتە ئەندامێکی بە ڕاپەڕی کۆمیتەی لاجان کە یەکێک لە کۆمیتە هەرە هەڵسووڕەکان و ئاڵقەی پێوەندی لە گەڵ زۆربەی کۆمیتەکانی دیکەی حیزب بووە.

١١ی گەلاوێژی ١٣٣٨ی هەتاوی، ئەو کاتەی شەپۆلی هێرشی ساواکی شا بۆ سەر ئەندامانی حیزب دەست پێدەکا، کاک سەیدڕەسووڵیش وەک زۆربەی تێکۆشەرانی دیکەی حیزب دەگیرێ و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆری ڕووحی و جیسمی لە بەندیخانەکانی مەهاباد و تەوریز، بەرێدەکرێتە زیندانی قزڵقەڵا و حوکمی ٥ ساڵ زیندانی بە سەر دا دەبڕێ.

کاک سەیدڕەسوول دوای کێشانی سێ ساڵ و شەش مانگ لە ماوەی بەندیبوونەکەی، ئازاد دەبێ و دێتەوە گوندی سەیداوای مەوتەنی کە خۆی گوتەنی بە دڵ و گیان ئاشقی بوو و زەحمەتێکی زۆری بۆ ئاوەدانکردنەوە و ڕێکوپێک کردنی کێشابوو. بەڵام حەسانەوەی لەو مەڵبەندە دڵبەندەی زۆر ناخایەنێ و هێشتا کابووسەکانی شەووڕۆژە تاڵەکانی زیندانی لە سەر لاناچن، کە تێی هەڵدەپێچنەوە و ساواک و سیخوڕەکانی وەدووی پێوشوێنی دەکەونەوە.

چەندین جار بانگی دەکەنەوە و لێکۆڵینەوەی لە گەڵ دەکەن. ئەویش کە دەزانێ ئەوانە وازی لێناهێنن و دەیگرنەوە، ناچار ماڵ و کەسوکاری بە جێدێڵێ، بەرەو کوردستانی ئازادی باشوور دەڕوا و تێکەڵی هاوڕێیانی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەبێتەوە. لەوێ لە لایەن هاوڕێیانی حیزبیەوە وەک "ئەندامی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز" ی حیزب دیاری دەکرێ.

لەو کاتەوە کاک سەید ڕەسووڵ لە گەڵ هاوڕێیانی حیزبی لە باشووری کوردستان دەمێنێتەوە و گەلێک قۆناخی ئاستەم و پڕ کەند و لەندی خەبات تێدەپەڕێنێ. ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی، لە کۆنفڕانسیک دا کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کۆیە دەیگرێ، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

لە بەهاری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، ئەوکاتەی دەروویەک بۆ کاری حیزبی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدی

دەکرێ، کاک سەید ڕەسووڵی دیهقان یەکەم کادری حیزبی دێمۆکراتە کە دەگەڕێتەوە نێوخۆی کوردستان، ٢ مانگان دەمێنێتەوە، پێوەندی لە گەڵ ئەندامانی حیزب دەگرێتەوە و بواری هەڵسووران خۆش دەکاتەوە.

بە قەولی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لە کتێبی "نیو سەدە تێکۆشان" دا باس دەکا: "ئەو تەنیا کەس بوو کە ئامادە بوو{لەو بارودۆخە دا} بێ قەید و شەرت بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و کاری حیزبی بکا". پاشانیش بۆتە ئەندامی "کۆمیتەی زاگرۆس"ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کە هەر لە پاییزی ئەو ساڵە دا بۆ کار و ڕێبەریی ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات پێکهاتوە و ئەندامانی گەڕاونەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کاک سەید ڕەسووڵ لەو کۆمیتەیە دا بەرپرسایەتیی کاری حیزبیی ناوچەکانی نەغەدە، پیرانشار و شنۆی بە ئەستۆوە بووە.

دوای ئەوەی حیزبی دێمۆکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەستپێکردەوە، کاک سەید ڕەسووڵ وەک یەکێک لە بەرپرسە پڕکار و ماندوویی نەناسەکانی حیزب لە نێو حیزب و کۆمەڵانی خەڵک دا کاری کرد و ناوی دەرکرد. ئەو هەم لە کۆنگرەی ٤ و هەم لە کۆنگرەی پێنجی حیزب دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێررایەوە. لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، لە قۆناخێکی ئاستەمی دیکە و لە کاتێک دا دوژمن هێرشی توند و دڕندانەی خۆی بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەست پێکردبوو، ئەو فەرماندەری هێزی شەهید ئاوارەی ناوچەی پیرانشار بوو و ئەو هێزە بە تایبەت لە کاتی فەرماندەرایەتیی ئەو دا یەکێک لە کارامەترین هێزەکانی حیزب بوو.

کاک سەید ڕەسووڵ تا ئەو کاتەی بەرپرسایەتیی حیزبیی بە ئەستۆوە بوو، ساتێک لە ئەرک و سپاردەی نیشتمانیی خۆی خافڵ نەبوو و ئەوەندەی لە توانای دا بوو ماندوو بوو و کاری کرد. دوایین لێپرسراویشی لە بەشی کۆمەڵایەتیی حیزب دا و پێراگەیشتن بە کاروباری کەمئەندامانی حیزب بوو و ئەوەش لەو کاتە دا بوو کە بنکەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە دۆڵی جافەتیی باشووری کوردستان دا جێگیر ببوون.

کاک سەید ڕەسووڵ دوای بڕینی ئەو قۆناخانە و زیاتر لە سێ دەیە خزمەت بە نەتەوەکەی لە ڕیزەکانی حیزب دا، لە مانگی حەوتی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی دا وازی لە کاری حیزبی هێنا و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بوو. بە داخێکی گرانەوە نێزیک بە دووساڵ و سێمانگ دواتر و لە بەیانیی ڕۆژی ٦ - ٧ - ١٣٦٦ لە ماڵەکەی خۆی دا کەوتە بەر دەسڕێژی چەند چەکداری نەناسراو و بە شێوەیەکی مەزلوومانە شەهید کرا.

شەهیدبوونی کاک سەید ڕەسووڵ بۆ بزووتنەوەی کوردستان، حیزبی دێمۆکرات و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی خەسارێکی گەورە بوو و

بەڕاستی دڵی هەموو ئەو کەسانەی بە سەختی خەفەتبار کرد، کە ئەویان دەناسی و بایەخ و شوێنی تێکۆشانی ئەویان لەخەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان دا دەزانی.

ئەگەر بمانەوێ لە چەند وشە دا پەسنی ئەو تێکۆشەرە شەهیدە بکەین، دەبێ بڵێین کە ئەو پیاوێکی ڕوح سووک، نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز، پێشمەرگەیەکی ئازا، فەرماندەرێکی کارزان، کادرێکی بە وەج و ڕێبەرێکی بە توانا بوو. کاک سەید ڕەسوول یەکێک لەو ڕێبەرانە بوو کە بە هۆی خزمەتی بێدریغ و خەڵکی بوونی خۆشەویستی ئەندامانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵک بوو.

یادی شەهیدی نەمر سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لە دڵمان دا زیندوو رادەگرین.

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان
کۆمیتەی سوئێد

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٠٨

---------------------------------------------

## پەیامی حیزبی دیمۆکرات کۆردستان کۆمیتەی نۆپلاندی نۆرویژ

بەرێزان ئەندامانی بنە مالەی شەهید سەید رەسوڵی بابی گەورە، میوانە بەرێزەکان و بەشدارانی ئەو کۆڕە ریز لێنانە، ئێمەش وێرای ئێوە، سەری رێز و تەقدیر دادەنوێنین لە ئاست گیانی پاکی شەهید سەید رەسوڵ بابی گەورە و سەرجەم شەهیدانی ریگای رزگاری نەتەوە بەشخۆراوەکەمان.

ژیان و خەبات و کەسایەتی شەهید سەد رەسووڵ لە چەند لایەکەوە، شاز و جیاوازە. شەهید سە ید رەسووڵ شەهیدی چەند جار شەهیدە. لە ئاستەمترین هەل و مەرجی خەباتی حەقخۆازانەی نەتەوەکەماندا تێکەڵ بە ریزی خەباتکاران بوو. بە پشۆ درێژی

قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی بڕی.سادقانە تێکۆشاو و سەربەرزانە ژیا، بەڵام مەزلۆمانە شەهید کرا و بێ بەزەیانە پشت گوێ خرا و دوای شەهید بوونیشی زیرەکانە بایکۆت کرا. ئەو بایکۆتە گەیشتە رادەیەک کە بەداخەوە نەوەی نوێ زۆر بە دەگمەن دەتوانن ناوێک لە شەهید سەید رەسووڵ لە نوسراوە مێژوییەکانی ئەو سەردەمەدا بدۆزنەوە،چ بگا بەوەیکەدەگەڵ کەسایەتی بەرز و عۆمرێک تێکۆشانی بێ وچانی ئەو شەهیدە پایە بەرزە ئاشنا بن. هیوادارین ئەو کۆرە کە بە هیمەتی بنەماڵەی شەهید پێک هاتووە ببیتە سەرەتایک بۆ ئەوەی کە بە خۆمان دا بێینەوە و چاوێک بە ئاکارمان دا بخشێنینەوە و بزانین چمان کردوە بۆ شەهید سەید رەسووڵ و باقی سەربازانی وونی نەتەوەکەمان.

ئێستا کە قەرارە حیزبەکەمان ئاڵ و گۆڕ دەخۆیدا پێک بێنێ و وەک دەڵێین نۆی بینەوە با ئەو نوێ بوونەوە، پێدا چوونەوەیەکی چڕ و پڕی چەند دەیە ی مێژوی لێڵ و نارروونی حیزبەکەمانیشی تێدابێ و وەک دەڵێن هەر کەس حەقی خۆی پێ بدرێ. لە کۆتایی دا رێز دەگرین لە ئەندامانی بنە ماڵەی شەهید سەید رەسووڵ کە لە جێ و کاتی خۆیدا هەستان بە بەرێوە بردنی ئەو کۆرە رێز لێنانە و لە راستیشا ئەوەی کە دەبوو ئیمە بیکەین، ئەوان کردیان و ئەرکی سەر شانی ئێمەیان بە جێ هێنا.

بەو هیوایە کە هەروا شێلگێر بن لە درێژەدانی رێگای شەهید رەسووڵ و ئیمەش و ئێوەش بە یەکەوە نەهێلین ناوو یادی ئەو زاتە پایە بەرزە تۆزی زەمانی لێ بنیشێ و کەم رەنگ بنوێنێ.

حیزب دیمۆکراتی کوردستان - کۆمیتەی ناوچەی ئۆپلاندی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ١٢ی جانێویری ٢٠٠٨

-----------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## غەدرلێکراوترین سەرکردەی تیرۆرکراوی حیزبی دیموکرات

ڕۆژی یازدەی جەنیڤەری بیست ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی یەکێک لە سەرکردەکانی حیزبی دێموکراتدا تێپەڕی؛ ئەمە لە کاتێکدیە کە تا ئێستاش بکوژانی ئەو سەرکردەیە نەناسراون و هیچ بەدوادچوونێکی قانوونیش بۆ سزادانیان وەرێنەخراوە.

سەید ڕەسووڵی دێهقان، ناسراو بە سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، بیست ساڵ بەر لە ئێستا و لە ڕۆژی ١١ی جەنیڤەریی ساڵی ١٩٨٨دا لە گەڕەکی هەوارەبەرزەی شاری سلێمانی، بە دەستی چەند چەکدارێکی نەناسراو تیرۆر کرا. سەید ڕەسووڵ کە کاتی تیرۆرکرانەکەی، بەهۆی کێشەگەلێک کە لەگەڵ سەرکردایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتدا هەیبوو دەستی لە کاری حیزبی کێشابۆوە، ماوەی ٣٢ ساڵ ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکرات بوو؛ ناوبراو هاوسەردەمی ئەحمەد تۆفیق، سولەیمانی موعەینی، مەلا ئاوارە و ... بوو.

بلێسە دێهقان، کوڕی سەید ڕەسووڵی دێهقان، کە ڕێنێسانس پەیوەندیی پێوە گرتووە، لەمەڕ ڕۆژی تیرۆرکرانی باوکیەوە گوتی: "سەرلەبەیانیی ڕۆژی یانزەی جەنیڤەری، چەند چەکدارێکی بۆ ئێمە نەناسراو، لە ماڵی خۆمان و لە گەڕەکی هەوارەبەرزەی سلێمانی، لەکاتێکدا باوکم دەیەویست دەرگایان لێ بکاتەوە، دایانە بەر دەسترێژ و بۆی دەرچوون." گوتیشی:

"کەسمان فریای ئەوە نەکەوتین دەموچاویان ببینین، بەڵام باوکم بەر لە گیان سپاردنی داوای کاغەز و قەڵەمی کرد، وا وێدەچوو چەکدارەکانی ناسیبێ و ویستبێتی لەو بوارەوە شتێکمان بۆ بنووسێ." ئەوەشی ڕوونکردەوە کە باوکی فریا نەکەوتووە هیچ بنووسێ.

بە گوێرەی لێدوانەکەی بلێسە دێهقان حکوومەتی بەعسی ئێراق، کە ئەو کات دەستەڵاتی باشووری کوردستانی لەدەستدا بوو، هیچ چەشنە بەدواداچوونێکی یاسایی لەمەڕ ئەو تیرۆرە نەکرد و هاوکار و هاوحیزبییەکانی پێشووی ئەو سەرکردە غەدرلێکراوەش دەستنیشانی دەکەن کە حیزبی دێموکرات، لێپرسراوەتیی خۆی لەو بوارەوە بەجێ نەگەیاندووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ هیچ هەوڵێک بۆ لادانی پەردەی سەر ئەو تیرۆرە لەگۆڕێدا نییە، ئەوان ئەوەش ڕووندەکەنەوە کە لە هیچلایەکەوە کار بۆ ناساندن و سزادانی بکوژانی سەید ڕەسووڵی دێهقان ناکرێت.

لەم دۆسیەیەدا، کۆمەڵێک وتار، کە بۆ ڕێزگرتن لە بیستەمین ساڵیادی تیرۆری سەید ڕەسووڵی دێهقان، لەلایەن هاوڕێیانیەوە نووسراون، بڵاو دەکەینەوە. نووسەرانی ئەو وتارانە، وێڕای باسکردن لە کەسایەتیی ئەو کوردە غەدرلێکراوە، دەشپرسن بۆ؟ هەر

لەو دۆسیەیەدا پەیامی کۆمیتەیەکی حزبی دێموکراتیش بڵاو دەکەینەوە کە بۆ ئەو ساڵیادە ناردوویانە؛ ئەو کۆمیتەیەی حیزبی دێموکرات لەو پەیامەیدا، وێڕای ئاماژە بە خەبات و کەسایەتیی سەید ڕەسووڵ، جەختیشی دەکاتەوە کە سەید ڕەسووڵی دێهقان "مەزڵۆمانە شەهید کرا و بێ بەزەییانە پشتگوێ خرا و دوای شەهید بوونیشی زیرەکانە بایکۆت کرا"

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید سەید ڕەسووڵ بابی گەورە - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٠٨

-----------------------------------------------------

## ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی بیستەمین ساڵیادی شەهید بوونی نەمر سەیدڕەسووڵی دیهقان،

## لە لایەن بنەماڵەی ئەو شەهیدەوە

ڕۆژی شەممە، ١٢ی یانواریی ٢٠٠٨، لە شاری ڤێستروسی وڵاتی سوئێد، ڕێوڕەسمێکی ڕازاوە بە مەبەستی یادکردنەوە لە شەهیدی نەمر کاک سەیدڕەسووڵی دیهقان(سەید ڕەسووڵی بابی گەورە) لە لایەن بنەماڵەی ئەو شەهیدەوە، پێکهات.

بێجگە لە خزمان و دۆستانی بنەماڵەی کاک سەید ڕەسووڵ، ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانە کە بۆ ئەو ڕێوڕەسمە بانگهێشتن کرابوون لە هاوخەباتەکانی کاک سەید ڕەسووڵ بوون، کە ئێستا لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێن و لە سەردەمی ژیانی ئەو شەهیدە دا لێی نێزیک بوون و هاوڕێی سەردەمی تێکۆشانی بوون. ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش بۆ ئەو یادکردنەوەیە بانگهێشتن کرابوون و کۆمەڵێک لە کادر و ئەندامانی حیزبی ئێمە لە ڕێوڕەسمەکە دا بەشداربوون.

سەعاتی دووی پاشنیوەڕۆ، ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد، پاشان دەقیەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی، بە دەنگی خودی کاک سەیدڕەسووڵ کە نێزیک بە سی ساڵ پێش ئێستا لە ئاهەنگی دووی ڕێبەندانی بنەماڵە ئاوارەکانی حیزب لە شاری "ڕۆمادییە" هەڵگیرابۆوە و تا ئێستاش لە لای بنەماڵەکەی پارێزراوە، ڕاگەیەندرا. ئەو جار کاک سەید برایمی حوسێنی، ئامووزای شەهید، بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد و پاشان ژیاننامەی کاک سەیدڕەسوڵ، کە ئەویش هەر بە قەڵەمی خۆی بوو و لە کاتی ژیانی خۆی دا نووسیبووی، لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامە، کاک کامڕانی شافیعی، زاوای کاک سەیدڕەسووڵ، خوێندرایەوە.

لە نێو بەرنامەکە دا کۆمەڵێک وێنەی شەهید کە لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کاک سەیدڕەسووڵ هەڵگیرابوونەوە و بە شێوەیەکی جوان، لە لایەن بنەماڵەی ناوبراو و کاک سەیدعەلی هاشمییەوە خرابوونەوە سەر یەک، بە پرۆژۆکتۆر نیشاندران.

لە درێژەی بەرنامەکە دا ئەو کەسانەی خوارەوە سەبارەت بە ژیان، بەسەرهات، کەسایەتی، خووخدەی شۆڕشگێرانە، سروشتی خاکی و خەڵکیبوون، ئازایەتی، توانای ڕێبەری و دڵسۆزی و نیشتمانپەرستیی شەهید سەیدڕەسووڵ بۆ بەشداران دوان.

* کاک مەلا محەممەدی خزری
* کاک مەلاحەسەن نەزهەتزادە.
* کاک ئەمیر قازی
* کاک سەیدعەلی هاشمی
* کاک مەلا محەممەد عباسی
* کاک محەممەد ئیسماعیلی
* کاک ئیبراهیم گەردی (پەخشانێک لە ژێر ناوی یادی سوارچاکێکی مێژووێ خوێندەوە)
* کاک عەولای ماماغای (پەیامی کۆمیتەی ئۆپلاندی- حیزبی دێموکراتی کوردستان - لە وڵاتی نۆروێژی خوێندەوە)
* کاک ڕەشیدخان ئەحمەدی
* کاک سەعید مەمەندی
* کاک عەلی شەم
* هونەرمەند کاک مستەفا دادار گۆرانی بە سۆزی (بابە) هۆنراوەی ڕەفیق چالاکی پێشکەش بە یادی ٢٠ ساڵەی ترۆری کاک سەید رەسووڵ دێهقان کرد و گوتی کە کاتی خۆی ئەم گۆرانیەی بۆ کاک سەید رەسووڵ گوتوەو زۆری پێ خۆش بووە.

لەو ماوەیەدا بەرێوەبەری بەرنامە کاک کامڕان شافعی نامەی کاک مەلارەسوڵ پێشنمازی خوێندەوە کە لە کوردستان ڕا بۆ ئەم یادەوەریەی ناردبوو. دواتر پەیامی کاک رەحیم محەممەدزادە بە هۆی کاک محەممەد ئیسماعیلی یەوە خوێندرایەوە. پێویسە بگوترێ کە چەندین بروسکەو پەیامی دیکەش بەو یادە گەیشتبوون، بەڵام بە هۆی کەمی کات نەخوێندرانەوە.

پاشان بەشدار بووان بۆ جەمی ئێوارێش میوانی بنەماڵەی کاک سەید ڕەسووڵ بوون و لە ساڵۆنی نانخواردنی شوێنی ڕێوڕەسمەکە بە یەکەوە نانیان خوارد. لە کاتی حەسانەوەش دا پەزیرایییەکی ڕێکوپێک لە بەشداران کرا.



سەرچاوە
Serchawe

هەروەها کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش پەیامێکی بەم بۆنەوە ئامادە کردبوو، کە لە لایەن بەرێز مامۆستا ئاشق ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی سوئێدەوە خوێندرایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی سوئێد

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ١٦ی جانێویری ٢٠٠٨ی



# بۆ بیرەوەری سەید ڕەسووڵی دێهقان



**حەسەنی قازی**

لە پاییزی ساڵی ١٩٨٣ بۆ چەند مانگێک لە ئوڕووپاوە چوومە بنکەی سەرکردایەتی حدکا لە شینکایەتی و ئەوە سەردەمێک بوو کە ئامادەیی بەسترانی کۆنگرەی شەشەمی حیزب دەکرا. پێش ئەوەی بچمەوە کوردستان نێو و نێوبانگی سەید ڕەسووڵی بابی گەورەم زۆر بیستبوو، بەڵام بە گەورەیی قەت لە نزیکەوە نەمدیبوو. بە ئاستەم و دوو بەڵا وەبیرم دێ جارێک لە گەڵ سەید عەبدوڵای ئێسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) لە سابڵاغی هاتنە ماڵی ئێمە، بەڵام نازانم هۆی ئەو سەردانەچ بوو. ئەو کاتەی ئەمن چوومە سەفەرە و زەروون نەک تەسەورێکی واقیع بینانە، بەڵکوو هەستێکی ئیحساسیم بەرانبەر بە خۆم و دەور وبەر هەبوو. بە کوردی و کورتییەکەی نەمدەزانی بە کردەوە ئاکاروهەڵسوکەوتی"دێمۆکراتی" و " کوردانە" چۆن ڕەنگدەداتەوە، بەڵام ئەوەم دەزانی کە قسە و گوتە هەمیشە دەبێ بە پێوانی کردەوە و کریار لە محەک بدرێ.

ئەمن لە سەروبەندێک دا سەید ڕەسووڵم دی، کە بەرپرسیارە تییەکی ئەوتۆی لە ڕێوەبەری حدکا دا نەمابوو، لە گەڵ ئەوەشدا، هەلس و کەوتی وەکوو ڕێبەرێک وابوو، دەمدی بە زمان و مەنتقی لادێی لە گەڵ لادێییەک و بە زمانێکی "شارستانیانە" لە گەڵ یەکی "شارستانی" دەدوێ و لە قسە و ئاکاریەوە دەردەکەوت ناسیاوی لە گەڵ کۆمەڵگەکەی زۆر قووڵترە لەوەی کە پلەی "فەرمی" ڕەفتاری ئاڵوگۆڕ کا. هەستی دەکرد هێندێک دڵمەندم، بەڵام نەک هەر ئاگری نارەزایەتی و ڕەخنەی منی نە دەگەشاندەوە و "بڵێسە" کەی خۆشتر نەدەکرد، بەڵکوو حەولی دەدا قووڵتر بیر بکەمەوە و حەول بدەم ڕاستیەکان ئەوجۆرەی کە هەن تێبگەم.

ڕۆژێک تۆپخانەی ئێران بە خەستی ناوچەکەی کاتیوشا باران دەکرد، سەید ڕەسووڵم دی بێ ئەوەی کەمترین شڵەژانێکی پێوە دیار بێ، لە دەرگای هۆڵی کۆبوونەوە کە لە بەر زرمەی تۆپان دواخرابوو،هاتە دەرێ داوای کرد بە بناری دا هەڵکشێین و خۆن پەسار دەین.

لەسەر بڵێندایییەک کە جەماعەتێکی دیکە بەرەو حدکا سەنگەریان لێ دابوو، کەسمان نەدی، بەڵام دیار بوو ئەوانەی لەوێبوون خەریکی کایەی شەترەنج بوون و لە بەر زرمە زرمی عەجەمان خۆیان نەدیو کردووە.سەید ڕەسووڵ هەرای لێکردن کاکە وەرنەوە هیچ نییە، وەرن لە سەر کایەی شەترەنجەکەتان بەردەوام بن.پێشمەرگەکان هاتنەوە جێی خۆیان و دەمدی کە مەتانەت و قووڵوومەندی سەید ڕەسووڵ چەندەی شوێن لە سەر داناون، هەرچەندەش دۆستایەتییەکی ئەوتۆشیان لەگەڵ حدکا نەبوو.

جارێکێش بەیەکەوە چووینە بنکەی "هێزێکی سەرانسەری" و دەمدی ئامادە بووانی کۆبوونەوەکە چەندە ڕێزی لێدەگرن. زۆرم وشە و زاراوەی ناوچەیی لە زمان سەید ڕەسووڵەوە نووسیوەتەوە،بەداخەوە ئێستا لەبەردەستم دانین کە هێندێکیان بکەمە تێهەڵکێشی ئەم نووسینە.

ئەمساڵ دوای " بیست ساڵ بێدەنگی" ئەو بۆنەیەی لە سوێد بەڕێوە چووە، دەسپێکێکی هێژایە بۆ لە سەر حەق کردنەوە و حەولدان بۆ تیشک خستنە سەر ڕاستی.

سەید ڕەسووڵێکی بەوخەسڵەتانەی لە سەرەوە باسم کرد بۆ ئەوەنابێ و لێی ناوەشێتەوە کەسێک بێ ئاگای لە بێ حورمەتی کردن بە گڵکۆی مەلا مستەفای بارزانی بێ. بۆ ڕەوینەوەی تاوانی دەستتێدابوون لەجینایەتی تیرۆری سەید ڕەسووڵی دیهقان و دڵدانەوەی کەسو کاری ئەمنیش دەنگم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگانەی داوا لە سەرۆکایەتی پارتیی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق دەکەن بە ڕەسمی ئەو تاوانە لە سەر خۆیان وەلادەن و یارمەتی بکەن بۆ دۆزینەوەی بکەرانی ڕاستە قینەی کردەوەی نگریسی سووکایەتی بە گڵکۆی بارزانی و قاتڵانی سەید ڕەسووڵی دیهقان و بیاندەنە دەست عەداڵەت.

سەید ڕەسووڵ زیندوو نابێتەوە، بەڵام یادیشی کوێر نابێتەوە.

سەرچاوە: ویبنووسی ڕۆانگە – ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٠٨

# سەید ڕەسووڵ دێهقان سیمای ناسراوی سێ دەیە خەباتی بێوچان



**قادر وریا**

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەرزداری ئەو کەسایەتییە خەباتگێرانەن کە هەموو تەمەنی خۆیان بۆ خزمەتی خەباتی ڕزگاریخوازیو بەرەوپێشبردنی کارو تێکۆشانی شۆڕشگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەرخان کردوە.

زۆر لە تێکۆشەرانو ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هۆی کەسایەتی بەرزو، خزمەتی زۆرو، تێکۆشانی دڵسۆزانەو، خۆشناویو کۆمەڵێک تایبەتمەندی شۆڕشگێرانە، بوون بە ڕەمزو سیمبۆلی فیداکاریو نیشتمانپەرەستیو، نەک هەر لە ئاستی شارو ناوچەی خۆیاندا، بەڵکو بە پانایی کوردستان درەوشانەوە.

لێرەدا یادی ئەستێرەیەک دەکەینەوە کە لە ئاسۆی چیاکانی موکریان، لە نێوەندی ناوچەکانی پیرانشار، نەغەدەو مەهاباد هەڵاتو بۆ ماوەی زیاتر لە سێ دەیە لە ئاسمانی خەباتو بەرخۆدانی نەتەوەکەیو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، درەوشایەوە. ئەستێرەیەک کە سەرەڕای ئاوابوونی بێوەختو ڕژانو گلانی بە نارەوای، لە کۆڕی یارانی ئەمەگناسدا، هێشتا لە تریفە نەکەوتووەو هەروا پرشنگ داوێ. ئەمجار یادی مرۆڤێکی بە جەستە وردیلانە، بە باوەڕ بەرزو، بە هیمەتو ورەو توانا، کەم وێنە دەکەینەوە کە ناوو ناوبانگی خۆیو، دەنگدانەوەی خزمەتی خۆنەویستانەی بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی، لە بیرو زەینی چەند نەسل لە خەڵکی کوردستاندا، جێگیر بووەو بە هیچ هێزێک ناسڕێتەوە. یادی سەید ڕەسووڵ دێهقان، سەید ڕەسووڵ بابی گەورە دەکەینەوە کە ژیانی سەرانسەر تێکۆشانو خزمەتی زۆرو زەوەندی بە حیزبی

دێموکراتو خەباتی نەتەوەکەی، شایانی ئاوڕ لێدانەوەو ڕێز لێگرتنو لێفێربوونن.

لە نێوەندی ناوچەکانی مەهاباد، پیرانشارو نەغەدە، و داوێنی چیاو کوێستانەکانی لاجانو سەرشاخاندا، دۆڵی سەیداوا هەیە. «دۆڵی سەیداوا» و «ئاوایی سەیداوا»، ناوی خۆیان لە ناوی «بابی گەورە» واتە حاجی سەید خدری کانیە زەردی وەرگرتوە. «سەیداوا» بە هۆی بابی گەورەو خانەدانی ئەم زاتە بنیات نراوە. سەید ڕەسووڵ، نەوەی حاجی سەید خدر، کوڕی سەید حەسەن لە داوێنی ئەم گوندەو لە باوەشی ئەم ناوچە کوێستانییەدا گەورە بووە. «بابی گەورە«و بنەماڵەکەی بە بۆنەی پێگەی ئایینیو کۆمەڵایەتییان لە ناو خەڵکی ناوچەدا ڕێزییەکی تایبەتییان هەبوو. ئاوایی«سەیداوا»ش بە بۆنەی دووره شارو چەپەک بوونیەوە لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی میوانگریو لانەوازپەروەریی خاندانی بابی گەورەو لە مانەش زیاتر ئۆگری سەید ڕەسووڵ بە کوردایەتیو نیشتمانپەروەری، لە ساڵانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستاندا بوو بە شوێنی داڵدەدانی تێکۆشەرانو خەباتگێڕان. زۆر لە ئەندامانو کادرەکانی حیزب کە لە مەهابادو شارو ناوچەکانی دیکە لەگەڵ ڕاوەدوونانی پۆلیسو ئەمنیەو ژاندارم بەرەوڕوو دەبوون ڕوویان دەکردە دۆڵی «سەیداوا» و «کەڵەکووکە» و لە ماڵی بابی گەورە دەگیرسانەوە. سەید ڕەسووڵ هێشتا هەر مێرمنداڵ بوو کە هاتە نێو تێکۆشانی حیزبیو خەباتگێڕانەوە. بەو هۆیەوە کە مێرمنداڵێکی گورجو بوێرو زیتو وریا بوو، بۆ کاری پێوەندی لە نێوان ئەم گوند بۆ ئەو گوندو لە دێوە بۆ شار، کەڵکی لێ وەردەگیرا، کاتێک ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩ی زایینی) پەلاماری بەربڵاوی دەزگای سەرکوتو جاسوسیی ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا بۆ سەر ئەندامانو لایەنگرانی حیزب دەستی پێکرد، سەید ڕەسووڵیش کەوتە بەندیخانە. ئەو کە هەمیشە بیری لە خۆپێگەیاندنو بەکار هێنانی ئەزموونو زانیارییەکان لە تێکۆشانی دوارۆژدا دەکردەوە، لە بەندیخانە خۆی فێری یارمەتییە دەرمانییە سەرەتاییەکان کرد کە دواتر لە کاروباری پێشمەرگایەتی هەم لە باشووری کوردستانو هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەڵکی زۆری لەم زانیاریو شارەزاییە دەرمانییە وەرگرت.

هەر بۆ تێگەیشتنی ڕۆڵی سەید ڕەسووڵو بنەماڵەکەیو ناوچەی سەری مەیدان لە خەباتی قۆناغی دوای کودیتای شا دژی موسەدیق، ئەوەندە بەسە بزانین کە یەکەمین کۆنفرانس لە مێژوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، بە بەشداری گرینگترین ڕێبەرانو کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمەی حیزب، لەم ناوچەیەو پشت ئەستوور بە میوانداریی ئەم بنەماڵەیەو کاردروستایی ڕاستەوخۆی سەید ڕەسووڵ دێهقان پێک هاتوە.

ساڵی ١٩٦٤ی زایینی، سەید ڕەسووڵو کۆمەڵێک لاوی تێکۆشەری دیکە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەجێ هێشتو لە کوردستانی گەرمێن، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان گرتەوە. لەو سەردەمەدا کە ناکۆکی لە نێوان ڕێبەریو تێکۆشەرانی حیزبدا هەبوو، سەید ڕەسووڵ کە دژی ناتەباییو دووبەرەکی بوو، هەوڵی زۆری بۆ لێک نیزیکبوونەوەدا. ئەوکات سەید ڕەسووڵ لە بنکەی سونێو لای شەهیدی گەورە کاک سمایل شەریفزادە گیرسابۆوە. سەرئەنجام بۆخۆ دوور

ڕاگرتن لە دووبەرەکیی نێوخۆیی، چووە »هێزی کاوە« و لە شۆڕشی ئەیلولدا بە کاری دەرمانیو خزمەتی پزشکی بە پێشمەرگەو دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، خەریک بوو.

سەید ڕەسووڵ لە ڕاپەڕینی ١٣٤٦و ١٣٤٧ی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەشدار نەبوو، بەڵام دوای شکانی ئەو ڕاپەڕینە، لەو کەسانە بوو کە دڵسۆزانە کاری بۆ وەسەر یەک کەوتنەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کرد. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا کە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری کۆیە پێک هات، سەید ڕەسووڵ یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردران. سەید ڕەسووڵ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لە دابەشینی کاری حیزبیدا، بەڕێوەبردنی کارو باری حیزبیو پێشمەرگایەتی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشیاندا پێ سپێردرا. سەید ڕەسووڵ بە بۆنەی کاروباری دەرمانیو پێوەندی بەربڵاو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، توانیبووی یارمەتییەکی زۆر بە ژیانو حەوانەوەی تێکۆشەرانی حیزبەکەی بکا. بە تێکچوونی شۆڕش بە دوای ڕێکەوتنی خائینانەی شای ئێرانو سەددام حوسێن، بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتیش سەردەمێکی سەختو ناخۆش دەستی پێکرد. سەید ڕەسووڵو هاوڕێیانی سەرەڕای هەموو خەفەت پەرۆشییەک بە بۆنەی شکانی ئەو شۆڕشە، لە دڵدانەوەی خەڵکو ڕەواندنەوەی ناهومێدیو هیوادار کردنیان بە داهاتوو غافڵ نەبوون. قسەکردن دژی ستەمو جینایەتەکانی ڕێژیمی بەعس لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەدوای شکانی شۆڕشدا، بە گوێی موخابراتو دەستگای جاسوسیی ئەم ڕێژیمە دەگاتەوەو سەر ئەنجام لە ساڵی ١٩٧٦، کەربەدەستانی ئەمنو موخابرات بنەماڵەی کاک سەید ڕەسوڵ، مەلا ڕەسووڵ پێشنەمازو کۆمەڵێک بنەماڵەی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە شێوەیەکی دڕندانە تێکەوە دەپێچنو هەر بە شەو بۆ ڕومادییە ڕایاندەگوێزن. بەم ڕەفتارە وەحشیانە، ئەندامانی ئەم بنەماڵانە، لە کوردستانو دۆستانو ناسیاوانو تەنانەت لە خوێندنو قوتانخانە دادەبڕێنو بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵێک بێحورمەتیو بەدڕەفتاریو هەڕەشە بەرەوروو دەبن.

سەید ڕەسووڵ دێهقان لە سەردەمێکدا کە ڕێژیمی عێراق بەدوای نسکۆی ١٩٧٥دا هەموو کوردستانی عێراقی هێنابۆوە ژێر دەسەڵاتی ڕەشی خۆیو، لە کاتێکدا زەبرو زەنگی ڕێژیمی شایەتی لە کوردستانی ئێران لەو پەڕی خۆی دابوو، یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە بۆ کارو تێکۆشانی حیزبی بە نەهێنی گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٣٥٧یش کە خۆپێشاندانو ڕاپەڕین بە دژی ڕێژیمی شایەتی هەموو ئێرانی گرتەوە، سەید ڕەسووڵ پێش زۆربەی هاوڕێیانی گەڕایەوە کوردستانی بندەستی ئێرانو ڕۆڵێکی زۆر گرینگی لە سازماندانی خەڵک لە ناوچەکانی پیرانشارو نەغەدەو شنۆو مەهابادو چەک کردنی پێگە نیزامییەکانی ڕێژیمی شایەتی هەبوو.
لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشو دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، سەید ڕەسووڵ چەندین بەرپرسایەتی گرینگی حیزبیی گرتە ئەستۆو ڕۆڵێکی بەنرخی لە ڕێکخستنی کارو تێکۆشانی حیزبدا گێڕا. سەید ڕەسووڵ کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو هەم وەک فەرماندەیەکی نیزامی جێگا پەنجەی بە زۆر سەرکەوتنی پێشمەرگەوە دیار بوو، هەم وەک

ڕێبەرو ڕێکخەرێکی سیاسی توانی لە بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردە دزێوەکان بە تایبەتی لە دژی ژنان، هەروەها ڕاکێشانی کوڕانو کچانی لاو بۆ نێو کاروباری سیاسیو لە پەرەپێدانی قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، ڕێگاوبانەکاندا سەرچاوەی گۆڕانو چالاکی جۆراوجۆربێ.

سەید ڕەسووڵ ببوە سیمایەکی خۆشەویستیو جێگای متمانەی کۆمەڵانی خەڵکو هەر کارو ئەرکێک کە حیزبەکەی پێی سپاردبا، یا هەر خزمەتێک لە هەر بوارێکدا لە دەستی هاتبا سادقانەو دڵسۆزانە ئەنجامی دەدان.

هاوسەرو منداڵەکانیشی کە لە درێژایی ساڵانی دەربەدەریدا هاوبەشی سەختیو ناخۆشییەکانی ژیانی بوون، نموونەی دڵسۆزیو هەڵسوکەوتی جوانی کۆمەڵایەتیو نیشتماندۆستی بوون.

لە دوای کۆنگرەی حەوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەید ڕەسووڵ بە هێندێک هۆی تایبەتی لە کارو تێکۆشانی حیزبی دوور کەوتەوەو لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. سەر لە بەیانی ڕۆژی ١١ژانویەی ١٩٨٨، چەند چەکدارێک لە نێو دەرگای ماڵەکەی خۆی دایانە بەر دەستڕێژو شەهیدیان کرد. نە حکوومەتی عێراق کە دەسەڵاتی باشووری کوردستانی بە دەستەوە بوو، بە جیددی لەم تیرۆرەی کۆڵیەوەو نە هیچ لایەنێک بەرپرسایەتی ئەم تاوانەی گرتە ئەستۆ. دیارە پێشتر، واتە ساڵی ١٣٦٠ ئەو کاتەی لە پیلانێکی شوومدا تەرمی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لە گڵکۆکەی هێنرایەدەر، سەید ڕەسووڵ بە دەست هەبوون لەم کردەوەیە تاوانبار کرا. بەڵام ئەوانە سەید ڕەسووڵ لە نزیکەوە دەناسن، دەزانن کە ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرە ڕێزو خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەری بۆ بارزانی هەبووەو ئەنجامدانی کردەوەیەکی دزێوی لەم چەشنە بە هیچ جۆر لەگەڵ بیرو باوەڕو کەسایەتیی ئەو نەدەگونجا. ئایا سەید ڕەسووڵ لە پێوەندی لەگەڵ ئەم تاوانەدا، گیانی لێ ئەستێندرا؟ ئەمە پرسیارێکە کە هێشتا وڵامێکی ڕاشکاوانەی پێ نەدراوەتەوە. لە هەرحاڵدا سەید ڕەسووڵ ئەو خەباتکارەی تەمەنێک خزمەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لەم دیوو ئەو دیوی کوردستان کرد، مەزلوومانەو بە غەدرو ناڕەوا شەهید کردا. ئەگەرچی بە هۆی دابڕانی لە حیزبو کارو تێکۆشانی حیزبی، تەنانەت دوای شەهید بوونیشی کەوتە ژێر بۆتەی فەرامۆشیو بە دەگمەن ئاوڕ لە خزمەتەکانی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دراوەتەوە، بەڵام گومانی تێدا نیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەرزداری خزمەتەکانی ئەم کەسایەتییە خەباتگێرەن.

لە ٢٧ ساڵەی شەهیدبوونیدا. سڵاو بۆ گیانی پاکی دەنێرینو بەڕێزەوە یادی خزمەتەکانی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٥

## یادێک لە شەهیدی فەرماندە کاک سەید ڕەسوڵ دێهقان ناسراو بە سەید ڕەسوڵی بابی گەورە




**شۆڕش ئەسەدزادە**

٣٢ ساڵ پێش ئێستا یەکێک لەفەرماندو تێکۆشەرێکی باڵای حیزبی دێموکرات، لەشاری سلیمانی باشووری کوردستان بە دەستی چەند کەسێکی تاوانبار تیرۆر کرا. ئەم تاوانە هەتا ئێستاش لەلایەن بەرپرسانی حیزبەوە بەڕوونی ئاشکرا نەکراوە. کاک سەید ڕەسوڵ یەکێک لەو کەسانەبوو کە بەڕاستی هەڵۆی کویستانەکانی کوردستان و قارەمانی مەیدانەکانی شەڕو کۆڵەکەیەکی پتەوی بناغەی حیزبی دێموکرات بوو لەکاتی خۆیدا. لەژیانی پێشمەرگایەتیدا ناوچەیەک نەمابوو لەکوردستان بەدیداری سەید ڕەسوڵ شاد نەبووبێ و شاخێک نیە بیرەوەری لەگەڵ ئەم تێکۆشەرە قارەمانە نەبێ. خۆشەویست و جێگای باوەڕی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، قورس و قاییم بوو سەبارەت بە دیفاع لەخەڵک و خاک و نیشتیمانەکەی. بۆیە ئێستاش لەهەر شوێنێک ناوی سەید ڕەسوڵ بێتە گۆڕێ مرۆڤ تەنیا دەتوانێ بکەوێتە ناو غەمێکی قوڵەوە بۆ لەدەستدانی ئەم تێکۆشەرە کەم وێنەیە. بەڵام بێگومان خەڵکی کوردستان و شۆڕشگێڕان هەرگیز یادو ناوی ئەم قارەمان و ڕێبەرە لەبیرناکەن و درێژەدەری ڕێگای خەبات و تێکۆشانی دەبن و لەکۆتاییدا ئاوات و ئارەزووەکانی سەید ڕەسوڵ و هەموو شەهیدان دەستەبەر دەکەن.

ڕووڕەشی بۆ تاوانبارانی تیرۆر یادو ناوت هەمیشە زیندوو،

ڕێگای پیرۆزی خەباتت بەردەوام

سەرچاوە: دیورای فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠٢٠